مەوسوعەی زانایانی مسوڵمان

لە سەردەمی نوێدا

(١ تا ١٠٠)

ئامادەکردن و کۆکردنەوەی
مەسرور سلێمان عەزیز

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری
(١٢٦)

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

بسم الله الرحمن الرحيم

مەوسوعەی زانایانی مسوڵمان
لە سەردەمی نوێدا

(١ هەتا ١٠٠)

ئامادەکردن و کۆکردنەوەی
مەسرور سلێمان عەزیز

مەوسوعەی زانایانی مسوڵمان
لە سەردەمی نوێدا

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (١٢٦)

- نووسینی: مەسرور سلێمان عەزیز (مەسرور دوکانیی)
- بابەت: ڕۆشنبیریی و زانستیی
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٢.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٥٩٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی - نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

ناوەرۆك

پێشەکیی	٩
چۆن و بۆچی دەستم بە نوسینی وەها پەرتوكێك كرد؟	١١
بەچی دەگوترێت خزمەتی زانستیی؟	١٥
واتا و ڕونکردنەوەی چەند دەستەواژەیەك	١٧
عەتائولڕحمان	١٩
فاتمە ئیبراهیم	٢٩
ئەحمەد حەسەن زوەیل	٣٣
ماهیران باسریی	٣٨
عەزیز سانجار	٤٢
فەریدە فاسیی	٤٥
عومەر موانیس یاغیی	٤٧
مریەم عەلی ئەلمەعازید	٥١
ساغیر ئەختار	٥٦
جومانە یوسف ئەلعەعما	٥٨
موحەمەد سەیدولڕەحمان	٦٠
ڕەجا نوور زالیها	٦٣
شاهیر موحەممەد ئەحمەد مومنی	٦٦
سامیە عەلی تیمتامی	٧١
موحەمەد موستەفایزور ڕەحمان	٧٤
مەنال عەواد	٧٧
عەبدوللەتیف حوسێنیی	٨٠
جاکی یی ڕو ینگ	٨٣
شەفیقور ڕەحمان	٨٧
شەیما ئەبو زێد	٨٩
ئوغور شاهین	٩١
ئیمان ئەمین باشیتی	٩٤
موحەممەد ئەیوب	٩٦
نیك مریەم نیك سلێمان	٨٩
موحەممەد ئیقباڵ چوزەریی	١٠٠
ئیمان ڕۆقان	١٠٥
عەبدولقادر زەین ئەلشافی	١٠٧
مۆنا بەکر موحەممەد	١٠٩

پێشەکیی

سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە و بە بەزەیی و دلۆڤان، درود و سەلامی خودا بۆ سەر گیانی نوری چاومان محەمەد ﷺ.

لە دوای ئەم هەموو نسکۆیەی کە بەسەر ئوممەتی ئیسلامییدا هات، بە شێوەیەکی گشتیی لە ئابووریی و سیاسەت و حوکمڕانیی و مێژووی خۆی دایانبڕی بەهۆی چەندیین هۆکاری جۆربەجۆرەوە، کە لێرەدا لەوانەیە بواری باسکردنی نەبێت. کردیان بە نێچیرێکی ناسک و لاواز و کەوتە بەردەم ددانی تیژکراوەی ئەم هەمووە دڕندە تەماحکارەی دەوروبەر.

ئومەتێک بەس هەیکەلێکی ماوە، تەنانەت دەیانەوێت دایببڕن لە شوناسەکەی خۆشی کە مسوڵمانبوونیەتی، چونکە دەزانن تروسکایی ئەم شوناسە ئەگەر بێت و لە گیانی مسوڵمانێکدا بمێنێت وەکو چۆن دەزوولەی ناو دەمارەکانی مۆمێک لە چەندیین مەودای تاریکییەوە تێبینییدەکرێت، وەهایش ئەم شوناسە هەوێنی ژیانەوە و دوبارە هەستانەسەرپێیەتی. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە دوژمنان دەیانەوێت لە پەلوپۆی ئەم شوناسە بدەن و لە ناخماندا ڕیشەی هەڵبکەنن.

ڕوونە کە ئابووریی و سیاسەت ئەمڕۆ فاکتەری بەهێزی گەشەپێدانی هەموو بوارەکانی ژیانە، بە تایبەت پێشکەوتنی زانستیی کە باسی ئێمەیە، سەرەڕای ئەم هەموو سوتماککردن (خەفەکردن) و بێبەشکردن و چەوساندنەوە و دابڕینی مسوڵمانان لەم دوو کایە گرنگە، تەنانەت دابڕاندنی لە مێژووی خۆیشی، خۆ لەخۆنامۆکردنی، هێشتا پشکۆگەلێک لەبن ئەم هەمووە خۆڵەمێشە کە پاشماوەی مەشخەڵی کوژاوە و پرشنگداری دوێنێن، گەرمیی و ڕوناکییان وا لە باودایە.

لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە و چەندیین هۆکاری تر بوونەتە هۆی لاوازیی مسوڵمانان، ئەمڕۆ پڕوپاگەندەیەکی خۆڵەمێشیی[1] بەربووەتە گیانی زامداری ئەم

١. سێ جۆر پڕوپاگەندەمان هەیە:

یەکەم: پڕوپاگەندەی سپیی، ئەمایەن ڕاستییە تێکەڵ بە عاتیفەیە.

دووەم: پڕوپاگەندەی ڕەش، سەراپای درۆیە و خەڵک زوو هەستیپێدەکەن.

ئوممەتە و لە ناخی ناخەوە گرێی خۆبەکەمزانینیان (inferiority complex) تێدا دروستکردووە، بە جۆرێک وایان لێکردوون نەک خۆیان نەپەرژێنە سەر زانست (لە کوردستان)، بەڵکو نەزانن کە ئەم هەمووە ئەستێرە پرشنگدارە مسوڵمانەمان لە ئاسمانی زانستدا هەن، کە ئێمە لەم «مەوسوعەیەدا» لەوانەیە توانیبێتمان ڕێژەیەکی زۆر کەمی لێ بخەینەڕوو.

بزانن کە مسوڵمانان هەر ئاوڕیاننەداوەتەوە بۆ ڕابردووی پڕ شانازیی خۆیان و ڕێکردنیان نارێک بێت، بگرە وەکو تاک بە پەڕاگەندەیی و ئاوارەیی لە بێکیانیی و نامۆیی، هەر یەک لەمانە بیری ڕابردوویان بە پێشکەوتنی ئەمڕۆ دەکەن.

سێیەم: پڕوپاگەندەی خۆڵەمێشییانە، کە لە هەموویان مەترسیدارترە، چونکە کەمێک ڕاستیی تێکەڵی زۆرێک لە درۆ کراوە، ئەمەیان لە مێژووی مرۆڤایەتییدا زۆرترین خەڵکی پێ چەواشەکراوە.

چۆن و بۆچی دەستم بە نوسینی ئەم پەرتوکە کرد؟

دوژمنان و نەیارانی ئیسلام هەرگیز دریخییان نەکردووە لە بە کەمزانین و بەسوکسەیرکردنی مسوڵمانان، بە تایبەت لە بواری پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیادا. هەمیشە لە ڕووی مسوڵمانان دەڵێن و گوتوویانە ئەو مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەی کاری پێدەکەیت بەرهەمی دەستی کافرانە، کە تۆ لێی سوودمەندیت، تەنانەت ئەو مایکرۆفۆنەی مامۆستایانی ئاینییش وتاری پێدەدەن لە وڵاتی غەیرەمسوڵمان دروستدەکرێن.

هەمیشە مسوڵمانانیان بە دواکەوتوو و نەزان و نەفام لەقەڵەمداوە. بە جۆرێک مسوڵمانانیان لە بازنەی خزمەتی زانست هێناوەتەدەرێ و بە دەستوپێسپیی ناوزەدماندەکەن، کە تەنانەت هەندێک جار دەیانگوت خاوەنی دەنکە شقارتەیەکیش نیین. نەک هەر ئەوە، بگرە بە دژەزانست و پێشکەوتنیش هەژماریاندەکردین.

ئەمە هەر بە تەنها نەیاران و دوژمنانی ئیسلام و مولحیدان نیین کە بەو جۆرە لە مسوڵمانان دەڕوانن، بەڵکو زۆرینەی زۆری خودی مسوڵمانانیش کەوتوونە ژێر کاریگەریی ئەو هەژموونە بەکەمسەیرکردنەوە و هەمیشە دەڵێن کوا ئێمەی مسوڵمان چیمان هەیە؟ چیمان پێشکەشی جیهان کردووە؟ کوا زانایانی ئێمە لە بواری زانستە سروشتیی و ئەزموونییەکاندا؟

تەنانەت هەندێک بانگخوازان و مامۆستایانی ئاینیی و نوسەرە ئیسلامییەکانیش هەر بە هەمان نەفەسەوە قسەدەکەن، تەواو گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە مسوڵمانان هیچ بەشدارییان لە پێشخستنی زانست و کاری زانستییدا نییە.

لە بەرانبەر هەموو ئەو قسانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێدان هیچ وەڵامێک نەدەبینرا کە جێی دڵخۆشیی بێت بۆ ڕۆژگاری ئەمرۆ، بەڵکو هەموو جارێک باس لە پێشکەوتنە زانستییەکانی سەردەمی زێڕینی مسوڵمانان دەکرا، هەر لە ناوهێنانی هەر یەک لە (ئەبولقاسم زەهراویی، حەسەنی کوڕی هەیسەم، جابری کوڕی حەیان، ئەبوبکری ڕازیی و جەزەری و ئیبن سینا و خوارزمیی و چەندانی تر) ئەم زانایانە بە نموونە دەهێنرانەوە و باسی کارەکانیان دەکرا، بەڵام هیچ کەست نەدەبینی باسی زانا و داهێنانێکی ئەمرۆی مسوڵمانان بکات.

لە ڕاستییدا نایشارمەوە، خودی خۆیشم کەوتبوومە ژێر کاریگەریی ئەو ڕەخنە و هێرشانەی کە بێدینان دەیانگوت گوایە ئێمە جێدەستێکمان لە ناو زانستدا نییە، بەڵام هەروا وازمنەهێنا و دانەنیشتم. دواجار هەموو ئەوانەی باسمکردن پاڵیانپێوەنام هەتا دەست بە گەڕان بکەم، بزانم ئایا ئێمە هێندە زەبوون و داماوین هیچمان نەبێت، هێندە دەستەوسان و بێبەرهەمین لەمەڕ زانست و داهێنانی زانستییدا.

لە ئینتەرنێتدا سەرم بە زۆر شوێندا کرد، هەر لە ماڵپەڕی زانکۆکان، ناوەندە ئەکادیمیی و دامەزراوە زانستییەکان، سەنتەرەکانی توێژینەوە و گۆگل سکۆلەری زانکۆکان، گۆڤارە زانستییەکان و ستافی ئەکادیمیی زانکۆکان، تەنانەت توێژەری ناو توێژینەوەکانیش گەڕام. لە ئەنجامی ئەم گەڕانەم دەستم بە چەندیین دوور و مەرجانی ئەم ئوممەتە بێشوانە گەیشت، گەوهەر و کەنزی هێندە بە نرخم دۆزییەوە، کە وایدەکرد بڵێم کێن ئەوانەی دەڵێن مسوڵمانان نە زانا و داهێنەرێکیان هەیە، نە توێژەر و قورساییەکی زانستیی، نە توانیویانە دارێک بخەنە سەر بەردێک لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا.

ژمارەی ئەو توێژەر و زانایانەی کە لە ئەنجامی گەڕانێکی دووردرێژ پێیانگەیشتم، نە یەک و نە دوو، نە سەد و نە هەزار نەبوون، بەڵکو بە سەدان هەزاریش ئێستاکە وجوودیان هەیە، بەڵام بەداخەوە وەکو چنگێک ئارد بە ناو دڕکودالّدا پەرشوبڵاوبوونەتەوە و زۆر کەم لە مسوڵمانان هەر ناویشیان نەبیستوون.

زۆر گەڕام هەتا بەشکم کتێبێک، یان نوسینێک بدۆزمەوە ئەگەر هەموویشی نەبێت زۆرینەی ئەم زانا مسوڵمانانەی تێدا تۆمارکرابێت، حازر و لەبەردەست بێت بە هەر زمانێک بێت، بەڵام شتێکی لەو جۆرەم بەدینەکرد و دەستنەکەوت. زۆر نیگەران بووم بەوەی کە ئەم هەموو زانا و توێژەرەمان هەن و لە شوێنێکی وەکو ماڵپەڕێک، یان کتێبدا کۆنەکراونەتەوە و تۆمارنەکراون.

ڕاستیی بڵێم لەم کارەمدا کە سەرەتای دەستپێکردنم لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٦ەوە بوو، تیایدا ماندوویێتییەکی زۆرم چەشتووە، وزەیەکی زۆرم بەکارهێناوە، بەشی خۆی بەربەستم هاتووەتەڕێ، هۆکارەکانی ساردبوونەوە هەمیشە لەگەڵمدا بوون، بەڵام سوپاس بۆ خودا بەردەوامبووم و وازمنەهێنا. خەمی ناو دڵم و ئازاری پەرشوبڵاویی ئەم هەموو گەوهەری ئوممەتە زیاتربوون لە ئاستەنگەکانی بەردەمم، برینی بەسوێ و هەناوی لەکوڵم نەیاندەهێشت وازبهێنم. نەک هەر ئەوە کارێکی لەم جۆرە کە هەتا ئێستا دەتوانم بڵێم لە جیهانی ئیسلامییدا بەم کوالێتییە

نەکراوە و نییە، بۆ یەکەم جارە بیر لە وەها پرۆژەیەک دەکرێتەوە.

ئەم پەرتوکەی بەردەستت، کە مشتێکی بچووکە لە خەرواری بەپیت و پڕبەرهەمی زانا و ئەکادیمییەکانی مسوڵمانان، کە هەر یەکە و لە وڵاتێک و زانکۆ و ناوەندێکی توێژینەوە کۆمکردوونەتەوە و خستوومەتە بەردەستت، هەتا چیتر کەس نەتوانێت موزایەدەی زانستییمان بەسەردا بکات. هەتا تۆی خوێنەر ئاشنابییت بە دوور و مەرجانەکانی ئوممەتت، گرێی خۆبەکەمزانیی و تەمی ڕەشی نائومێدییت بسڕێتەوە و تێگەیشتنی هەڵەی دەیان ساڵە لەمەڕ ئەو بابەتە ڕاستبکاتەوە و چیتر بۆ جێکەوتی مسوڵمانان لە ناو دونیای زانستدا باسی سەردەمی زێڕیین نەکەین، لە کاتێکدا ئەمڕۆیش وجودمان هەبێت.

بەو هیوایەم بۆ تۆی خوێنەریش ببێتە هاندەرێکی زۆر باش کە بتوانیت هەوڵبدەیت لە بوارەکەی، خۆتدا نموونەیەکی لەم شێوەیەی ئەوان پیشانبدەیت. ببیتە جێی شانازیی مسوڵمانان و لەم جۆرە پەرتوکانەدا ناوت تۆماربکەیت.

من لێرەدا سیڤییەکی پوختی توێژەرەکانم هێناوە و ژمارەی بەرهەم و بڵاوکراوەکانیشیانم ئاماژەپێکردووە، لەگەڵ ڕۆڵ و شوێنی دەستبەکاربوون و خزمەتکردنیان، بەهۆی زۆریی توێژینەوە و داهێنان و کارەکانیان. لەم پەرتوکەدا دەرفەتی ئەوە نەبووە بە درێژیی باسی تەواوی کارەکانیان بکرێت، چونکە قەبارەی کتێبەکەی زۆر لە مەی ئێستا زیاتر دەکرد، بەڵام هەر کە ژمارەی بەرهەمەکانیانم هێناوە ئیدی خۆی دیارە کە زانای بواری خۆیەتی و هەتا بڵێیت لێهاتوو و کارامەیە. هەر کەسیش بیەوێت زیاتر لەوە بزانێت کە لێرەدا باسکراوە، هەم خۆی دەتوانێت بگەڕێت بۆی، هەم لە سەرچاوەکانیش دامناوە و تەواوی کارەکانیانی تێدایە.

پێویستە ئەوەش بڵێم پێوەرێک کە لەم بەرگەدا بۆ هەموو زاناکانم کردووەتە مەرج هیچ زانایەکم نەهێناوە کە لە ١٠٠٠ سایتەیشن کەمتری هەبێت.

دوایین شتێک کە لێرەدا دەمەوێت بیڵێم، زۆر سوپاسی هاوڕێی زێدە ئازیز و خۆشەویستم کاک (زانا سەلام) دەکەم، کە بە هاوکاریی و هاندانەکانی لەگەڵم بووە و یارمەتییداوم، خودای گەورە بە باشترین شێوە پاداشتییبداتەوە.

زۆر سوپاسی برایانم لەناوەندی ڕێنوێن مامۆستا حەکیم و کاک سەرکۆ دەکەم، کە هاوکاریی و پاڵپشتی گەورە بوون بۆم لە هاتنە بەرهەمی ئەم پەرتووکە، خوای گەورە کاروباریان قبوڵ و بەرەکەتدار بکات.

بەچی دەگوترێت خزمەتی زانستیی؟

مرۆڤ زۆر لەو شتانەی کە ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات بەرهەمی زانستە. زۆربەی زۆری ئەو ئاسانکارییانەی لە کاروبارەکانی ڕۆژانە بەکاریاندەهێنێت لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستەوە بووە. هەر لە ئۆتۆمبێل و فێنکەرەوەکان و ساردکەرەوەکان و مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و چارەسەرە پزیشکییەکان و کارگەکانی پیشەسازیی و ئامێرەکانی کشتوکاڵیی و بەرەوپێشچوونی ڕێگاوبان و تەلارە بەرزەکان. پاککەرەوەکان و خواردەمەنییەکان، سوتەمەنییەکان و تەنانەت پۆشاک و ڕاخەرەکانیش. تەواوی ئەمانە لە ڕێی مێژوویەکی بەدوایەکداهاتووی دانەبڕاوی برەوی زانستییەوە بەرهەمهاتوون.

خزمەتی زانست لە دونیای ئەمڕۆی نوێدا لە ڕێی ئەنجامدان و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستییەوە دەبێت. بڵاوکراوە زانستییەکان بە گشتیی و بە تایبەتیی توێژینەوەی زانستیی وزەی بەردەوامی بەرەوپێشچوونی زانستن. ئەسڵەن زانستی ئەمڕۆ بەبێ توێژینەوە هەتیودەکەوێت و لە شوێنێکدا چەقدەبەستێت و چیدی پێشناکەوێت. ئەگەر زانست بچوێنین بە مرۆڤێک چۆن مرۆڤێک بەبێ ئاو و خواردن و خواردنەوە هێزی لێدەبڕێت و بەبێ ئۆکسجین ناتوانێت بژیی، زانستیش هەمان شتە، لە ئەمڕۆدا توێژینەوە ئۆکسجینی زانستە.

توێژینەوەکانیش هەمووی وەکو یەک نیین لە گەورەیی و گرنگییاندا، بەڵام گەورەیی و گرنگیی هەر کامێکیان لە بایەخ و هەوڵی ئەوی تر کەمناکاتەوە. هەر وەکو چۆن ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ گشتی وەکو یەک نیین. بۆ نموونە: مووی لەش بەراوردناکرێت بە دڵ، یان سی و جگەر و گورچیلە، بەڵام بایەخ و پێویستیی دڵ و سی و جگەر و گورچیلە لە گرنگیی و سوودی موو لە لەشی مرۆڤدا کەمناکاتەوە.

زانست پانتاییەکی بەرفراوان و گەورەی هەیە، بینایەکی بەرز و بڵندە، توێژینەوەی زانستیی خشت و پایەکانی ئەو بینایەن. هەندێک لە توێژینەوەکان ڕۆڵی خشت دەبینن، هەندێکی تریان گەورەترن وەکو پایە وان، بەڵام دواجار بە یەکەوە بیناکەیان بە ئاسماندا هەڵچنیوە. هەر کاتێک زانا و توێژەرێک توێژینەوەیەکی زانستیی بڵاودەکاتەوە، ئەوا خشتێکی تری ناوەتەسەر بینای زانست.

بڵاوکراوە زانستییەکان گشتیان (پەڕاوی زانستیی، توێژینەوە، چاپەری کتێب،

بەچی دەگوترێت خزمەتی زانستیی؟

مرۆڤ زۆر لەو شتانەی کە ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات بەرهەمی زانستە. زۆربەی زۆری ئەو ئاسانکارییانەی لە کاروبارەکانی ڕۆژانە بەکاریاندەهێنێت لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستەوە بووە. هەر لە ئۆتۆمبێل و فێنکەرەوەکان و ساردکەرەوەکان و مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و چارەسەرە پزیشکییەکان و کارگەکانی پیشەسازیی و ئامێرەکانی کشتوکاڵیی و بەرەوپێشچوونی ڕێگاوبان و تەلارە بەرزەکان. پاککەرەوەکان و خواردەمەنییەکان، سوتەمەنییەکان و تەنانەت پۆشاک و ڕاخەرەکانیش. تەواوی ئەمانە لە ڕێی مێژوویەکی بەدوایەکداهاتووی دانەبڕاوی برەوی زانستییەوە بەرهەمهاتوون.

خزمەتی زانست لە دونیای ئەمڕۆی نوێدا لە ڕێی ئەنجامدان و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستییەوە دەبێت. بڵاوکراوە زانستییەکان بە گشتیی و بە تایبەتیی توێژینەوەی زانستیی وزەی بەردەوامی بەرەوپێشچوونی زانستن. ئەسڵەن زانستی ئەمڕۆ بەبێ توێژینەوە هەتیودەکەوێت و لە شوێنێکدا چەقدەبەستێت و چیدی پێشناکەوێت. ئەگەر زانست بچوێنین بە مرۆڤێک چۆن مرۆڤێک بەبێ ئاو و خواردن و خواردنەوە هێزی لێدەبڕێت و بەبێ ئۆکسجین ناتوانێت بژیی، زانستیش هەمان شتە، لە ئەمڕۆدا توێژینەوە ئۆکسجینی زانستە.

توێژینەوەکانیش هەمووی وەکو یەک نیین لە گەورەیی و گرنگییاندا، بەڵام گەورەیی و گرنگیی هەر کامێکیان لە بایەخ و هەوڵی ئەوی تر کەمناکاتەوە. هەر وەکو چۆن ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ گشتی وەکو یەک نیین. بۆ نموونە: مووی لەش بەراوردناکرێت بە دڵ، یان سی و جگەر و گورچیلە، بەڵام بایەخ و پێویستیی دڵ و سی و جگەر و گورچیلە لە گرنگیی و سوودی موو لە لەشی مرۆڤدا کەمناکاتەوە.

زانست پانتاییەکی بەرفراوان و گەورەی هەیە، بینایەکی بەرز و بڵندە، توێژینەوەی زانستیی خشت و پایەکانی ئەو بینایەن. هەندێک لە توێژینەوەکان ڕۆڵی خشت دەبینن، هەندێکی تریان گەورەترن وەکو پایە وان، بەڵام دواجار بە یەکەوە بیناکەیان بە ئاسماندا هەڵچنیوە. هەر کاتێک زانا و توێژەرێک توێژینەوەیەکی زانستیی بڵاودەکاتەوە، ئەوا خشتێکی تری ناوەتەسەر بینای زانست.

بڵاوکراوە زانستییەکان گشتیان (پەڕاوی زانستیی، توێژینەوە، چاپەری کتێب،

کتێب، داهێنان و ...هتد) ئەمانە گشتیان هەنگاوی گەورە و باڵان لە پێشخستنی ڕەورەوەی زانستدا.

پاکانەی داهێنان (Patent) تۆمارکردن جۆرێکی تری بڵاوکراوەی زانستییە، لە توێژینەوە باڵاترە. هەروا سادە و سانا بەدەستنایەت و پرۆسەیەکی قورسە، کارێکە تۆ دروستکەر و داهێنەریت بەر لە تۆ ئەم کارە نەکراوە. شوێنی بڵاوکردنەوەیشی جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ توێژینەوەدا، توێژینەوە لە گۆڤاری زانستیی (Scientific journal)دا بڵاودەکرێتەوە، بەڵام داهێنان لە ماڵپەڕی تۆماری داهێنانەکاندا بە ژمارەی تایبەتی خۆیەوە تۆماردەکرێت.

دۆزینەوەی دەرمان (Drug discovery) کارێکە مرۆڤایەتیی قەرزاری خۆی دەکاتەوە، خزمەتێکە بە ئاسانیی گوزارشتی لێناکرێت، دەستکەوتێکی زۆر باڵایە لە زانستدا. پرۆسەیەکی دوورمەودا و ماوەدرێژە، نزیکی ٨ بۆ ١٠ ساڵ دەخایەنێت، بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا دەڕوات. ئەمیش هەر لە ڕێی توێژینەوەی زانستییەوە دەکرێت، بەڵام بە یەک توێژینەوە تەواونابێت، بەڵکو سەرەتا بە تاقیکردنەوە لەسەر ئاژەڵ دەستپێدەکات، هەتا کۆتایی قۆناغەکانی بەکارهێنانی لەسەر مرۆڤ. نابێت لە هیچ قۆناغێکدا فەشەلبهێنێت هەتا دەبێت بە دەرمان.

ئەم نوسینەم بۆیە بەر لە چوونەسەر باسی زاناکان نوسی، هەتا بە گرنگیی و بایەخی توێژینەوە و داهێنان ئاشنابێت. کاتێک دەیخوێنیتەوە کە زانایەک چەند توێژینەوەی هەیە و چەند جار کراوە بە سەرچاوە، خاوەنی چەند داهێنان و بەشداریکردنی کتێب و نوسینی کتێبە، یان بەشدار و دۆزەرەوەی دەرمانێکی نەخۆشییە، هەتا بزانیت چەند دەستکەوت و خزمەتێکی گەورەیە. هەتا بۆت دەربکەوێت شوێندەست و جێکەوتی ئەم کەسایەتییە چییە و چۆنە، قەبارەی ئەم زانا و توێژەرە لە ناو نەخشەی زانستدا چەندە.

واتا و ڕونکردنەوەی چەند دەستەواژەیەک

١. Biochemistry: زانستی کیمیای ژیانیی، یان کیمیای زیندەیی، یان زیندەکیمیایی.

٢. Molecular Biology: زیندەزانیی گەردیی.

٣. Genetic: بۆماوەزانیی.

٤. Genbank: بریتییە لە تۆمارکردنی gene sequence ێکی نوێ، لە پێکهاتەی بۆماوە مادەی زیندەوەرێکدا لەسەر ئاستی جیهان، لە بانکی تایبەت بە خۆی کە داتابەیسە تۆماردەکرێت، وەکو: (NCBI,EMBL,DDBJ,BLAST) .

٥. Microbiology: زیندەوەرۆچکەزانیی، یان وردەزیندەزانیی.

٦. Bacteriology: بەکتریازانیی.

٧. Parasitology: مشەخۆرزانیی.

٨. Research or Article or Paper توێژینەوە، یان پەڕاو، یان لێکۆڵینەوە: کە دەگوترێت پەڕاوی زانستیی، یان پەیپەری زانستیی هەموو بڵاوکراوەیەکی زانستیی دەگرێتەوە، بەڵام Research واتە توێژینەوە، هەموو بڵاوکراوەیەک ناگرێتەوە. هەموو ریسێرچێک پەیپەری زانستییە، بەڵام هەموو پەیپەرێک بە ریسێرچ دانانرێت. بۆ نموونە: Research Article توێژینەوەیەکی زانستییە جیاوازە لە Correspondence paper کە لەوەیە تەنها یەک پەرەگراف بێت، بەڵام هەردووکیان هەر زانستیین، ئەگەرچی لە ڕووی کوالیتیی زانستییەوە زۆر جیاوازن.

لەم پەرتوکەدا تەواوی بڵاوکراوە زانستییەکانی ناو گۆڤارەکانی هەر توێژەرێک بە توێژینەوە ناومبردووە و جیامنەکردوونەتەوە.

٩. Grant Research: جۆرە خەڵاتێکە تایبەت بە توێژینەوەی زانستیی، هەندێک جار پێش ئەنجامدانی توێژینەوەکە سەرفدەکرێت بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا، لەسەر بنەما و ئاست و بەرزیی پرۆپۆزەڵەکەیان.

١٠. Reviewer هەڵسەنگێنەر: ئەو کەسانەن کە لە گۆڤارەکاندا کاریان پێداچوونەوەی ئەو توێژینەوانەیە کاتێک توێژەران بە مەبەستی بڵاوکردنەوە بۆ گۆڤارەکانی دەنێرن، ئەمانیش هەڵسەنگاندن بۆ ئەو دەستنوسە (manuscript)ی کە دەخرێتە بەردەستیان دەکەن، هەر ڕەخنە و تێبینییەکیان هەبێت دەینوسن و دەینێرنەوە. ئەمان دەستنوسەکە لە لایەن سەرنوسەری گۆڤارەکەوە (Editor) بۆیان دەنێردرێت. کاتێک دەتوانیت ببیتە

ڕیڤیوەر کە خۆت خاوەنی توێژینەوەی زانستیی بیت و ئەزموونت هەبێت.

١١. Editor سەرنوسەر: ئەو کەسانەن دوای چەند ساڵێک لە ڕیڤیوەری گۆڤارەکە دەبن بە سەرنوسەر، کاتێک لە لایەن توێژەرێکەوە دەستنوسێک (manuscript) دەنێردرێت بۆ گۆڤارێک بە مەستی بڵاوکردنەوەی وەکو پەڕاوێکی زانستیی، یان توێژینەوە، بۆ یەکەم جار ئیدیتەرەکە دەیبینێت واتە سەرنوسەرەکە، سەیریدەکات ئەگەر لە ڕووی زانستییەوە قبوڵیبوو، ئەوا دەینێرێت بۆ ڕیڤیوەرەکان هەتا پێداچوونەوەی بۆ بکەن، ئەگەر قبوڵینەبوو بەبێ ئەوەی بینێرێت بۆ ڕیڤیوەرەکان ڕەتیدەکاتەوە، ئیدیتەر پلەی بەرزترە لە ڕیڤیوەر.

١٢. Editor-in-chief سەرنوسەری سەرەکیی: ئەو کەسەیە کە بەرزترین پلەی ئەندامێتیی لە گۆڤارەکەدا هەیە و سەرۆکی گشت سەرنوسەرەکانی ترە، چێکی زمانەوانیی و سپێڵ و شێوازی نوسین و دیزاینی پەڕە و وێنەکان دەکاتەوە، بڕیاری کۆتایی بڵاوکردنەوەی دەستنوس (manuscript)ەکە وەکو پەڕاوێکی زانستیی لە لایەن ئەوەوە دەدرێت.

١٣. **Book Chapter or Chapter in a Book**: هەر کتێبێک کە دەنوسرێت لە چەند چاپتەرێک پێکدێت، هەندێک توێژەر و زانا هەن بە تەواویی بەشداری نوسینی کتێبەکە نەبوون، بەڵکو تەنها بە نوسینی چاپتەرێکی ناو کتێبەکە بەشداربوون لە نوسینی کتێبەکە، لە هەر شوێنێکی ئەم پەرتوکە بینیت نوسرابوو بەشداریی لە نوسینی کتێبدا کردووە ئەوە مەبەستە لە Book Chapter.

١٤. Patent پاکانەی داهێنان: بریتییە لە تۆمارکردنی کارێکی زانستیی نوێی زانا و توێژەران، کە ئەو کارە پێشتر نەکرابێت و بڵاونەکرابێتەوە، لە ڕووی زانستییەوە لە توێژینەوە بەهێزترە و دەستکەوتێکی گەورەترە، سایت و شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ تۆمارکردن، بە نموونە وەکو:

(WIPO,Epo,Japan patent office, Justia …etc).

١٥. Citation نیشانەکردن: بریتییە لە بەسەرچاوەدانانی توێژینەوە و بڵاوکراوە زانستییەکانی توێژەرێک لە لایەن توێژینەوە و کتێبی توێژەرانی تر، زۆریی سایتەیش بۆ هەر توێژینەوەیەک گرنگیی و گەورەیی ئەو توێژینەوە دەردەخات. هەر توێژەرێک هەتا سایتەیشنی زیاتربێت پرۆفایلی ئەکادیمیی زیاتر پێ بەرزدەبێتەوە.

١٦. Conference Paper: بریتیە لەبەشداری کردنی کۆنفرانسی زانستی بە توێژینەوەی زانستی.

[١]

Atta-Ur-Rahman عەتائولڕەحمان

لەدایکبووی (١٩٤٢/٩/٢٢)ـە و لە شاری نیودیلهیی وڵاتی هندستان. زانا و پرۆفیسۆرە لە بواری کیمیادا، یەکێکە لە زانا گەورە و بەناوبانگەکانی جیهان لە بواری کیمیادا. ساڵی ١٩٦٣ بەکالۆریۆسی لە زانستی کیمیادا لەKarachi University لە وڵاتی پاکستان تەواوکردووە. ساڵی ١٩٦٥ ماجستێری لە کیمیای ئەندامیی (Organic Chemistry) لە Karachi University لە وڵاتی پاکستان تەواوکردووە. ساڵی ١٩٦٨ دکتۆرای لە کیمیای ئەندامیی (Organic Chemistry) لە Kings College, Cambridge لە وڵاتی بەریتانیا تەواوکردووە. پرۆفیسۆر بووە لە پەیمانگای توێژینەوەی زانستی کیمیا لە University Karachi لە وڵاتی پاکستان. لە ساڵی ٢٠٠٢_٢٠٠٨ ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی پاکستان بووە لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا.

- هاوەڵ (Fellow)ی ئەکادیمیای زانستیی جیهانیی بووە.

- هاوەڵ (Fellow)ی ئەکادیمیای زانستیی جیهانی ئیسلامیی بووە.
- هاوەڵ (Fellow)ی ئەکادیمیای کۆریا بووە لە بواری زانستییدا.
- هاوەڵ (Fellow)ی Royal Society بووە لە شاری لەندەنی وڵاتی بەریتانیا.
- هاوەڵ (Fellow)ی کۆلێژی شاهانە بووە لە زانکۆی کامبریج لە وڵاتی بەریتانیا.
- هاوەڵ (Fellow)ی کۆمەڵەی کیمیای چینیی بووە.
- هاوەڵ (Fellow)ی پەیمانگای کیمیا بووە لە سریلانکا.

خاوەنی بڕوانامەی ڕێزلێنانە لە لایەن هەر یەك لە زانکۆکانی:

- کامبریجی بەریتانیا ساڵی ١٩٨٧.
- دکتۆرای فەخریی Coventry University بەریتانیا، ساڵی ٢٠٠٧.
- زانکۆی بڕادفورد ساڵی ٢٠١٠.
- دکتۆرای فەخریی پەیمانگای ئاسیای تەکنەلۆژیی، ساڵی ٢٠١٠.
- دکتۆرای فەخریی شاهانەی مالیزیا لە زانکۆی تەکنەلۆژیای مالیزیا، ساڵی ٢٠١١.

خەڵاتەکانی:

لەسەر ئاستی ناوخۆ خاوەنی ١٦ خەڵاتی زانستییە، لە ناویاندا مەدالیای ئاڵتونیی ئەکادیمیای پاکستانی بۆ خوار تەمەنی ٤٠ ساڵ کە لە ساڵی ١٩٧٧ خەڵاتکرا. هەروەها مەدالیای ئاڵتونیی یەکەم ئەکادیمی پاکستانی وەرگرت لە لایەن دامەزراوەی زانستیی Sciences-INFAQ Foundation لە ساڵی ١٩٩٦.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش یەکەم زانای مسوڵمان بووە لە جیهانی ئیسلامیی کە بووەتە خاوەنی خەڵاتی UNESCO Science لە مێژووی ٣٥ ساڵی ئەو خەڵاتە کە لە ساڵی ١٩٩٩ پێیدرا.

جگە لەوە خاوەنی ٦ خەڵاتی تری جیهانییە لە لایەن وڵاتانی ئوسترالیا و یابان و چین و ئێران و کوەیت.

هەتا ئێستا ٨١ خوێندکاری دکتۆرای هەبووە.

سەرنوسەری سەرەکیی (Editor-in-Chief) ٨ گۆڤاری زانستیی ئەوروپییە لە بواری کیمیادا.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ١٢٦٧ بڵاوکراوەی زانستییە کە پێکهاتوون لە:
- ٧٨١ توێژینەوەی زانستیی.
- ٣٦٦ کتێبی زانستیی.
- بەشداریکردن لە ٧٠ کتێبی تر(Book chapter).
- خاوەنی ٥٠ پاکانەی داهێنانی تۆمارکراوی زانستیی نێودەوڵەتیی (international patent).
- بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٣٦١٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

ستایشکردنی لە لایەن ئەو زانایانەی کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵن:

PROF. DR. BURTON RICHTER

- خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی بواری کیمیای ساڵی ١٩٧٦.

«کارەکانت نموونەن بۆ ئەوەی کە چۆن ڕاهێنانی زانستیی و چالاکییەکان بەرزبکرێنەوە لە وڵاتە گەشەسەندووەکاندا. لە گەشەپێدان و پاراستن و هێشتنەوەی زانایانی گەنج».

Prof. Herbert C. Brown

- خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی بواری کیمیا، ساڵی ١٩٧٩.

«سەرسوڕهێنەرە کە پرۆفیسۆر عەتائولرەحمان دەتوانێت ئەم هەموو چالاکییە ئەکادیمییە بکات، لە هەمان کاتدا سەرپەرشتی یەکێک لە پەیمانگا هەرە پایەدارەکانی وڵات دەکات (H. E. J. Research Institute of Chemistry).
- لەژێر ڕێنوێنیی و ئاراستەکاریی ئەودا پەیمانگاکە بووە بە یەکێک لە باشترین پەیمانگاکانی جیهان لە ڕووەکانی خزمەتگوزاریی و چۆنایەتیی کار و ئەو زانایانەی کە بەرهەمدەهێنێت».

Prof. Ryoji Noyori

- خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری کیمیا، ساڵی ٢٠٠١.

«زیاتر لە دوو دەیە بە ڕێزێکی بێسنوورەوە چاودێریی چالاکییەکەی دەکەم. بەشدارییەکی ناوازەی لە بواری (شەبەنگبینیی زرنگانەوەی موگناتیزی گەردیلەیی nuclear magnetic resonance spectroscopy) کردووە. دەستکەوتەکانی تەنها سنووردار نیین بە ئیشە زانستییەکانی خۆیەوە، هەوڵی بێهەژماری لە سەرپەرشتییکردنی لێکۆڵینەوەکان وا لەو بوارە گرنگە دەکات لەسەر ئاستێکی بەرز بەرچاوبێت.
- بەشدارییەکەی ڕێزلێگیراوە بە خەڵاتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، لە

ناویشیاندا خەڵاتی زانستیی یونسکۆی ساڵی ١٩٩٩».

Prof. Jean-Maie Lehn

- خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری کیمیا، ساڵی ١٩٨٧.

«پرۆفیسۆر عەتائولرەحمان ئەو زانا زۆر چالاکەیە کە کاری توێژینەوەی لە ئاستی پێوانەی زۆر بەرزدا بەرهەمهێناوە، بە شێوەیەکی نێودەوڵەتیی لە بواری چالاکیی خۆیدا ناسراوە.

بە دامەزراندنی پەیمانگایەک لە ئاستێکی بەرزدا، بە شێوەیەکی زۆر گرنگ بەشداربوون لە گەشەی توێژینەوەی بواری کیمیا لە وڵاتەکەی خۆی و لە ناوچەکە و جیهانیشدا. دواجار بە حەماس و دینامیکیەت و خۆتەرخانکردنی کاریگەریی زۆر بەهێزی لەسەر ڕاهێنان و هاندان و نیگابەخشینی زانا گەنجەکان هەیە. هەروەها بەرزکردنەوەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا هەیە«.

Prof. Sir D.H.R Barton

خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری کیمیا، ساڵی ١٩٦٩.

پرۆفیسۆر عەتا الرحمان بێگومان زانای پێشەنگی بواری زانستی ئەزموونییە لە پاکستان. بەشداریی گەورەی کردووە لە کیمیای بەرهەمی سروشتیی، هەم بە ئیشەکانی و هەم بە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی. پرۆفیسۆر عەتا الرحمان بەشداریی زۆری هەبووە لە بواری زانست لە پاکستان ئەویش لە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی کۆمەک. داینەمۆی پاڵنەری پەیمانگای توێژینەوەی کیمیا (H. E. J. Research Institute of Chemistry) بووە، زۆر لە کەمناسراوییەوە بووە باشترین توێژینەوەی تاقیگەیی بەرهەمی سروشتیی کیمایی لە جیهانی گەشەسەندوودا».

Prof Dr. R.R Ernst

خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری کیمیا، ساڵی ١٩٩١.

«پرۆفیسۆر عەتائولرەحمان یەکێکە لەو زانایانەی کە لە جیهاندا پێشەنگە لە بواری بەرهەمی سروشتیی کیمیایی و بواری گرنگیی زرنگانەوەی موگناتیزی گەردیلەیی. لە هەمان کاتدا یەکێکە لە باشترین ئەو زانایانەی کە پاکستان بەرهەمیهێنابێت هەتا ئێستا.

ژمارە و چۆنایەتیی توێژینەوە بڵاوکراوەکانی و بە تایبەت کتێبەکەی لە ئاستێکی بەرزی سەرسوڕهێنەرە، یەکێکە لە نوسەرە هەرە بەرهەمهێنەرەکان لە

کتێبە زانستییەکاندا. لە هەمان کاتدا زانایەکی زۆر چالاک و داهێنەرە، لە ڕاستییدا زۆر نائاسایی و سەیرە. بەرزترین ئاستی ڕێزم هەیە بۆ چالاکییە بێهەژمارە سەرکەتووەکانی».

زانایانی تر:

PROF. JOHN M. PEZZUTO

University of Illinois Chicago, U.S.A

«ئەوەی کە بۆم دەرکەوتووە ئەوەیە کە پەیمانگای H.E.J Research Institute of Chemistry لە خزمەتگوزارییدا ئاستێکی جیهانیی هەیە، گرۆیەک لە زانای پڕحەماس و بەهرەدار و بەڕێوبەرێکی بێوێنەی هەیە کە پرۆفیسۆر عەتا الرحمانە».

PROF. DR. A. I. SCOTT

.,Texas A & M University

.College Station, TX 77842, U.S.A

«ئەوانەی کە لە ناو ئێمەدا شانازیی ئەوەیان پێبڕاوە کە سەردانی پەیمانگای H.E.J Research Institute of Chemistry بکەن لە شاری Karachi ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە پرۆفیسۆر عەتا ئەلرەحمان گەوهەرێکی لە تاجی کیمیادا دروستکردووە لە جیهانی سێیەم. من تەنها بە تایبەت کاریگەرنەبووم بە چۆنایەتیی توێژینەوەکانی، بەڵکو بە (ئامێری شەبەنگبینیی spectroscopic equipment) کە هەرگیز شکستناهێنن بەهۆی ڕێکخستی پێکهێنەرە کارەباییەکانەوە».

PROF. DR. JON C. CLARDY

Department of Biological Chemistry
and Molecular Pharmacology, Harvard
.Medical School Boston, U.S.A

پەیمانگای H.E.J Research Institute ئاستێکی جیهانیی هەیە و ناسراوە لە لایەن کیمیاگەرە ئەندامییەکان لە جیهاندا. کەلوپەلەکانی ئاستبەرز و پلەیەکن، فراوانیی توێژینەوەکانی لە گەشەدان بۆ بوارە ستراتیژییەکان. لە هەموو ئەوانە گرنگتر گرووپێک لە توێژەری بەپەرۆش و بەهرەدار لەوێ کۆبوونەتەوە هەتا ڕاهێنان بە خوێندکاری تازە بکەن و توێژینەوەکان بەجێبگەیەنن. لە ڕاستییدا تەواو

سەرسامم بەوەی بەدەستیهێناوە، منیش هاوبەشم لەو کەسانەی کە دان بەوەدا دەنێن کە ئەو کردوویەتی».

PROF. DR. ERNST WENKERT

University of California, San Diego
.La Jolla, California, U.S.A

«وەکو ڕۆژئاواییەک بە ڕاستیی سەرسوڕهێنەرە بۆ من کە پەیمانگایەک بەو ئاستە بەرزە لە ستانداردی زانستیی لە شاری Karachi ئامادەیی هەبێت. منێک کە لە سیمپۆزیەمی پێشووتریدا هەبووم بۆ من گونجاوبوو کە چاودێریی پەرەسەندنی پەیمانگاکە بکەم لە چەندیین ساڵدا، تەنها بۆ ئەوەی سەرسام بم بەم هەموو گۆڕانە خێرایە و کارامەییان، ئەو ئەنجامە زانستییەی کە ئەو پەیمانگایە بڕیویەتی. بە ڕای من پەیمانگاکە بووەتە یەکێک لە سێ باشترین ڕێکخراوی توێژینەوە لە دەریای ناوڕاستەوە هەتا یابان. لە چاو ئاسانیی ئەوەی کە هەر پێشکەوتنێک کە دەکرێت بکەوێت، ئەگەر پەیمانگاکە چاودێریی نەکرایە. گرنگترین شت بۆ بەردەوامبوونی پەیمانگاکە (H.E.J. Research Institute of Chemistry) لە داهاتوو ڕێدانە بە هێشتنەوەی پێگەی ئێستای لە زانستدا لە جیهانی ئاسیا و ئەفریقا».

PROF. WOLFGANG VOELTER

Tubingen University Germany

«بەبێ بەهرەی ڕێکخراو و هەوڵە بێهەژمارەکانی پرۆفیسۆر عەتائولرەحمان پەیمانگای H.E.J. Research Institute of Chemistry لە شاری Karachi هەرگیز بەو ئاستە بەرزە زانستییەی نەدەبوو، کە خاوەنخەڵاتە نۆبڵەکان، هەروەها باشترینی زانایانی ڕۆژئاوا دانیپێدابنێن. بەهۆی ستافەکەی و تازەترین کەرەستە گەشەسەندووەکانی بە باشترین ڕێکخراوی توێژینەوە لە ناوچەی گەورەی دەریای ناوڕاستەوە هەتا یابان دابنرێت.

زۆرێک لە بوارە بەرزەکانی (NMR spectrophotometers, and high resolution mass spectrophotometers, and amino acid sequencer, a X-ray crystallography, a circular dichorism instruments, and international computer network link). ئەنجامی ڕۆژانە لێیەوە لە لایەن ستافێکی تایبەتمەند لەژێر ڕۆشنایی و ڕێنوێیی پرۆفیسۆر عەتائولرەحمان بەدەستدێن».

خەڵاتی یونیسکۆ ساڵی ١٩٩٩



بەرزترین خەڵاتی نێودەوڵەتی چین بۆ زانست و تەکنەلۆژیا

وێنەی چەند کتێبێك لە کتێبە زانستییەکانی:






Studies in
Natural Products Chemistry
Atta-ur-Rahman, FRS
Editor
Volume 40


Anti-Angiogenesis Drug
Discovery and Development
Volume 2
Edited by
Atta-ur-Rahman
Muhammad Iqbal Choudhary


Frontiers in CNS
Drug Discovery
Bentham Books


Studies in
Natural Products Chemistry
Atta-ur-Rahman/Editor
Volume 15
Structure and Chemistry (Part C)


Atta-ur-Rahman
Zahir Shah
Stereoselective
Synthesis in
Organic Chemistry


Anti-Obesity
Drug Discovery and
Development
Volume 1
Editors:
Atta-ur-Rahman, FRS
M. Iqbal Choudhary


Advances in
Organic Synthesis
Editor:
Atta-ur-Rahman, FRS
Bentham Books


RECENT ADVANCES IN
ANALYTICAL TECHNIQUES
VOLUME 1
Editors:
Atta-ur-Rahman, FRS
Sibel A. Ozkan
Rida Ahmed
Bentham Books


Frontiers in
Cardiovascular Drug
Discovery
Volume 4
Editors:
Atta-ur-Rahman, FRS
M. Iqbal Choudhary
Bentham Books


Frontiers in Clinical Drug Research
(Diabetes and Obesity)
Volume 4
Editor:
Atta-ur-Rahman, FRS
Bentham Books


Topics in
Anti-Cancer
Research
Atta-ur-Rahman, FRS
Khurshid Zaman


Recent Advances in
Medicinal Chemistry
Bentham Books


Atta-ur-Rahman
Nuclear
Magnetic
Resonance
Basic Principles


Frontiers in
Natural Product
Chemistry
Bentham Books

سەرچاوەکان:

1. https://atta-ur-rahman.com/?page=bio.

2. https://atta-ur-rahman.com/?page=pub.

3 .https://atta-ur-rahman.com/?page=cv.

4. https://atta-ur-rahman.com/eminent_scientists.php.

5.https://scholar.google.com/citations?user=mgZMEE0AAAAJ&hl=en.

6.https://atta-ur-rahman.com/eminent_scientists.php.

7. https://atta-ur-rahman.com/books_List.php.

8. https://atta-ur-rahman.com/Patents.php.

9.https://www.elsevier.com/books/anti-angiogenesis-drug-discovery-and-development/atta-ur-rahman/978-0-12-803963-2.

10.https://www.elsevier.com/books/studies-in-natural-products-chemistry/rahman/978-0-444-59603-1.

11.https://www.dialoguepakistan.com/pakistani-scientist-atta-ur-rahman-receives-highest-chinese-scientific-award/

[٢]
فاتمە ئیبراهیم Fatima Ibrahim

خەڵکی وڵاتی مالیزیایە. بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی کارەبا لە MARQUETTE UNIVERSITY لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوکردووە. ماجستێری لە سیستمی پزیشکیی (Medical system) لەUNIVERSITY OF HERTFORDSHIRE لە وڵاتی بەریتانیا تەواوکردووە. هەروەها دکتۆرای لە ئەندازیاریی زیندەزانیی پزیشکیی (Biomedical engineering) لە UNIVERSITY OF MALAYA لە وڵاتی مالیزیا تەواوکردووە.

سەرۆکی یەکەی (Centre for Innovation in Medical Engineering) بووە لە فاکەڵتیی ئەندازیاریی زانکۆی مالایەی مالیزیا لە ٢٠١٥_٢٠١٩.

سەرۆکی بەشی ئەندازیاریی زیندەزانیی پزیشکیی (Biomedical engineering) بووە لە فاکەڵتیی ئەندازیاریی زانکۆی مالایەی مالیزیا لە ٢٠٠٥_٢٠٠٦.

لە ٢٠١٩ەوە بەڕێوبەرە لە Centre of Innovation and Commercialization زانکۆی مالایەی مالیزیا.

ئێستاش پرۆفیسۆرە لە بەشی ئەندازیاریی زیندەزانیی پزیشکیی (Biomedical engineering) لە فاکەڵتیی ئەندازیاریی زانکۆی مالایەی مالیزیا.

ئەندامێتیی:

١. ئەندام بووە لە زانکۆی مارکیوتی ئەندازیاریی بە شێوەیەکی نێودەوڵەتیی لە ساڵی ١٩٨٩ هەتا ٢٠٠٨.

٢. ئەندام بووە لە پەیمانگای ئەندازیاریی کارەبا و ئەلیکترۆنیات بە شێوەی نێودەوڵەتیی ساڵی ٢٠٠٤ هەتا ٢٠٠٨.

٣. ئەندام بووە لە پەیمانگای ئەندازیاریی کارەبا و ئەلیکترۆنیات لە پێوانە و ئامێرەکان بە شێوەیەکی نیشتیمانیی لە مالیزیا ساڵی ٢٠٠٦ هەتا ٢٠٠٨.

٤. ئەندامبووە لە کۆمەڵی پزیشکیی و ئەندازیاریی زیندەزانیی لە مالیزیا بە شێوەیەکی نیشتیمانیی ساڵی ٢٠٠٦ هەتا ٢٠٠٨.

٥. ئەندام بووە لە پەیمانگای ئەندازیاریی کارەبا و ئەلیکترۆنیات لە بواری ئەندازیاریی پزیشکیی و زیندەزانیی لە مالیزیا بە شێوەیەکی نیشتیمانیی ساڵی ٢٠٠٨.

٦. ئەندام بووە لە زانکۆی کوپی ئەندازیاریی لە مالیزیا ساڵی ٢٠٠٨.

٧. ئەندامی ستافی ئەکادیمیی زانکۆی مالایە بووە لە مالیزیا ساڵی ٢٠٠٨.

٨. ئەندام بووە لە پەیمانگای ئەندازیاریی کارەبا و ئەلیکترۆنیات لە بەشی ئەندازیاریی پزیشکیی و بایۆلۆجیی ساڵی ٢٠٠٩ هەتا ٢٠١٠.

٩. ئەندامی پەیمانگای ئەندازیاریی مالیزیا بووە ساڵی ٢٠١٢.

١٠. ئەندامی چالاکیی بۆرد بووە لە ئەندازیاریی مالیزیا ساڵی ٢٠١٢.

١١. لە یەکێتیی نێودەوڵەتیی ئەندازیاریی پزیشکیی و بایۆلۆجیی Associate Editor بووە ساڵی ٢٠١٣ هەتا ٢٠١٥.

١١. ئەندامی بۆردی نێودەوڵەتیی ئەندازیاریی مالیزیا بووە ساڵی ٢٠١٤.

١٢. ئەندامی نێودەوڵەتیی پەیمانگای ئەندازیاریی کارەبا و ئەلیکترۆنیات بووە ساڵی ٢٠١٤.

١٣. بۆردی ڕاوێژکار بوو لە کۆمەڵەی ئەندازیاریی بایۆلۆجیی پزیشکیی لە مالیزیا ساڵی ٢٠١٥.

١٤. ئەندامی لیژنەی نێودەوڵەتیی بووە لە ئەندازیاریی فیزیای پزیشکیی و بایۆلۆجیی پزیشکیی ئافرەتان لە تاسک_گرووپ ساڵی ٢٠١٥.

چەندیین ئەندامێتیی تر و زیاد لە ٣٠٠ دانە چالاکیی و سەرپەرشتیاریی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییدا.

هەروەها ٤٥ چاوپێکەوتنی زانستیی لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکاندا ئەجامداوە.

بەڕێوەبەری ٣٢ سەنتەر و تاقیگە و بەشی زانستیی و کۆنفرانسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی بووە.

وەکو پرۆفیسۆر هەڵسەنگاندنی بۆ ٤٧ توێژینەوەی زانستیی کردووە.

- سەرپەرشتیی ٧ ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتیی ٢٠ دکتۆرای کردووە.
- هەتا ئێستا ١٦ خەڵاتی زانستیی لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانییدا بەدەستهێناوە، لە ناویاندا ٥ دانەیان مەدالیای ئاڵتونییە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ١٣٠ توێژینەوەی زانستییە.
- خاوەنی ١٢ کتێبی زانستییە.
- لە نوسینی ٢١ کتێبی تری زانستیی بەشداریکردووە (CHAPTER IN BOOK).
- خاوەنی ١٤ راپۆرتی تەکنیکییە.
- بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٤٤٢١ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

وێنەی چەند کتێبێکی:









سەرچاوەکان:

1.https://umexpert.um.edu.my/fatimah.html#publication.

2.https://scholar.google.com/citations?user=FJ2DehEAAAAJ&hl=en.

3.https://link.springer.com/book/10.1007/978-981-10-0107-9#authorsandaffiliationsbook.

[٣]

Ahmed Hassan Zewail ئەحمەد حەسەن زوەیل

زانای گەورەی بواری کیمیا. پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد زوەیل لەدایکبووی ٢٦/ ٢/ ١٩٤٦ـە و لە وڵاتی میسر. لە ٢/ ٨ / ٢٠١٦ لە تەمەنی ٧٠ ساڵیی ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ساڵی ١٩٦٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی کیمیا لە زانکۆی ئەسکەندەریە لە وڵاتی میسر بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٦٩ بڕوانامەی ماجستێری لە زانستی کیمیا لە زانکۆی ئەسکەندەریە لە وڵاتی میسر بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٧٤ لە زانکۆ پەنسلڤانیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی کیمیا بەدەستهێناوە. خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەمریکیی بوو، هەر لەوێیش بووەتە مامۆستای زانکۆ. خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ١٩٩٩یە بۆ زانستی کیمیا لەسەر femtochemistry. بە باوکی زانستی فیمتۆکیمیا ناسراوە. ئەندامی بۆردی ڕاوێژکاریی و بۆردی بەڕێوەبردن بووە لە ٢١ زانکۆ و گۆڤاری زانستییدا.

Chairman و ئەندامی لیژنەی ڕێکخستن بووە لە چەندیین کۆنفرانسی زانستیی لە ناوخۆ و نێودەوڵەتییدا.

هەر یەك لەم ئەركانەشی گرتووەتە ئەستۆ:

١. لە كۆنسوڵی سەرۆک ئۆباما ڕاوێژكار بووە، لە زانست و تەكنەلۆجیا ساڵی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٣.

٢. لە كۆنسوڵی سەرۆكی میسر ڕاوێژكار بووە، وەكو توێژەرێكی شارەزا و بەناوبانگ.

٣. ڕاوێژكاری بۆردی زانستیی بووە، لە سكرتێری گشتیی بانكی مۆنی UN.

٤. یەكەم نوێنەری زانستیی نەتەوەیەكگرتووەكان بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە لایەن هەر یەك لەم زانكۆیانەی خوارەوە پلەی ڕێزلێنانی فەخریی پێدراوە:

١. زانكۆی ئۆكسفۆرد لە بەریتانیا ساڵی ١٩٩١.

٢. زانكۆی ئەمریكیی لە میسر ساڵی ١٩٩٣.

٣. زانكۆی كاسۆلیكیی لە بەلگیوم ساڵی ١٩٩٧.

٤. زانكۆی پەنسلڤانیا لە ئەمریكا ساڵی ١٩٩٧.

٥. زانكۆی دیلاوسان لە سویزلەندا ساڵی ١٩٩٧.

٦. زانكۆی سویبێرنی تەكنەلۆجیی لە ئوستراڵیا ساڵی ١٩٩٩.

٧. ئەكادیمیای عەرەب بۆ زانست و تەكنەلۆجیا لە میسر ساڵی ١٩٩٩.

٨. زانكۆی ئەسكەندەریە لە میسر ساڵی ١٩٩٩.

٩. زانكۆی نوێی برونسك لە كەنەدا ساڵی ٢٠٠٠.

١٠. زانكۆی ڕۆما لە ئیتاڵیا ساڵی ٢٠٠٠.

١١. زانكۆی دی لیگی بەلگیوم لە ساڵی ٢٠٠٠.

١٢. شاژنە ئەنجلس هۆلیود لە سەنتەری پزیشكیی لۆس ئەنجلس لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ساڵی ٢٠٠٠.

١٣. زانكۆی جاڤاپور لە هندستان ساڵی ٢٠٠١.

١٤. زانكۆی كۆكۆردیا لە كەنەدا ساڵی ٢٠٠٢.

١٥. زانكۆی هیریۆوات لە سكۆتلەندا ساڵی ٢٠٠٢.

١٦. زانكۆی پوسانی نیشتیمانیی لە كۆریا ساڵی ٢٠٠٣.

١٧. زانكۆی لەند لە سوید ساڵی ٢٠٠٣.

١٨. زانكۆی بۆگازیچی لە توركیا ساڵی ٢٠٠٣.

١٩. ئیكۆلی نۆرمەل سەپیریۆر لە پاریسی فەڕەنسا ساڵی ٢٠٠٣.

٢٠. بۆ جاری دووەم زانكۆی ئۆكسفۆرد لە بەریتانیا ساڵی ٢٠٠٤.

٢١. زانكۆی پەكینگ لە چین ساڵی ٢٠٠٤.

٢٢. زانکۆی ئەوتۆنۆمەس لە مەکسیک ٢٠٠٤.
٢٣. کۆلێژی ترنتی لە زانکۆی دبلنی وڵاتی ئیرلەندا ٢٠٠٤.
٢٤. زانکۆی تۆکیۆ لە یابان ساڵی ٢٠٠٥.
٢٥. زانکۆی ئەمریکیی - بەیروت لە لوبنان ساڵی ٢٠٠٥.
٢٦. زانکۆی بوینۆس لە ئەرجەنتین ساڵی ٢٠٠٥.
٢٧. زانکۆی نیشتیمانیی کۆردۆبە لە ئەرجەنتین ساڵی ٢٠٠٥.
٢٨. زانکۆی کامبریج لە بەریتانیا ساڵی ٢٠٠٦.
٢٩. زانکۆی بەینس بۆبای لە ڕۆمانیا ساڵی ٢٠٠٦.
٣٠. زانکۆی مەنسورە لە میسر ساڵی ٢٠٠٧.
٣١. زانکۆی مالایا لە مالیزیا ساڵی ٢٠٠٧.
٣٢. زانکۆی تەکنەلۆجیی لە مالیزیا ساڵی ٢٠٠٧.
٣٣. زانکۆی کۆمپلیوتێنس دی مەدرید لە ئیسپانیا ساڵی ٢٠٠٨.
٣٣. زانکۆی یەمەن لە عەمانی پایتەخت لە یەمەن ساڵی ٢٠٠٩.
٣٤. ئیکۆلی پۆلیتەکنیکی لە سویزلەندا ساڵی ٢٠٠٩.
٣٥. زانکۆی باشوری خۆرئاوا لە تەکساس لە ولایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا ساڵی ٢٠٠٩.
٣٦. زانکۆی نیشتدمان چایۆتەنگ لە تایوان ساڵی ٢٠١٠.
٣٧. زانکۆی لید سیتی لە نەیجیریا ساڵی ٢٠١٠.
٣٨. زانکۆ یۆتڤۆس لۆراند لە هەنگاریا ساڵی ٢٠١٠.
٣٩. زانکۆی بۆستۆن لە ئەمریکا ساڵی ٢٠١٠.
٤٠. زانکۆی گلاسگۆ لە بەریتانیا ساڵی ٢٠١٠.
٤١. زانکۆی باکو ستەیت لە ئازربایجان ساڵی ٢٠١٠.

بێجگە لە خەلاتی نۆبڵ خاوەنی ٢٢ خەلاتی تایبەتییە لە ناویاندا خەلاتی مەلیک فەیسەڵ بۆ ساڵی ١٩٨٩. خاوەنی ٧١ خەلاتی نێودەوڵەتییە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ١٦ کتێبی زانستییە.
- خاوەنی ٢٣ پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- خاوەنی ٦٠٠ توێژینەوەی زانستییە.
- بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٥٦٧٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: «ڕۆژئاوا زیرەک نیین و ئێمەیش تەمبەڵ، بەڵکو ئەوان پشتگیریی کەسی شکستخواردوو دەکەن هەتا سەردەکەوێت، ئێمەیش لەگەڵ سەرکەوتووەکانماندا دەجەنگین هەتا دەیانخەین».

خەڵاتی نۆبڵ ساڵی ١٩٩٩

خەڵاتی مەلیك فەیسەڵ ساڵی ١٩٨٩

وێنەی چەند کتێبێکی:









سەرچاوەکان:

1.https://www.nobelprize.org/prizes/chemistry/1999/zewail/facts/.
2.http://www.egypt-edu-can.net/uploads/media/Zewail_CV.pdf.
3.https://scholar.google.pl/citations?user=DFhJDHYAAAAJ&hl=en.
4.https://patents.justia.com/inventor/ahmed-h-zewail.
5.https://link.springer.com/book/10.1007/978-3-642-67054-1
6.https://www.timesofisrael.com/egyptian-chemist-nobel-laureate-ahmed-zewail-dies-at-70/
7. https://kingfaisalprize.org/professor-ahmed-h-zewail/

[٤]

ماهیران باسریی Mahiran Basri

لەدایکبووی ١٢/ ١١/ ١٩٥٧ لە وڵاتی مالیزیا. ساڵی ١٩٨٠ بەکالۆریۆسی لە زانستی کیمیا لە زانکۆی Northern Illinois لە ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٢ ماجستێری لە زانستی کیمیا لە زانکۆی Northern Illinois وڵاتی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٣ دکتۆرای لە Enzyme Technology لە زانکۆی پوترای مالیزیا تەواوکردووە.

- ساڵی ١٩٨٢_١٩٩٤ لە بەشی کیمیا مامۆستا بووە.
- ساڵی ١٩٩٤_٢٠٠٢ بووە لە زانکۆی پوترای مالیزیا پرۆفیسۆری یاریدەدەر.
- ساڵی ٢٠٠٢ بووەتە پرۆفیسۆری تەواو.
- سەرۆکی بەشی کیمیایە لە زانکۆی پوترای مالیزیا.
- سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی زانستییە بۆ زانستی کشتوکاڵ لە زانکۆی پوترای مالیزیا.
- ئەندامی ئەکادیمیای زانستە لە نیۆرک.
- سەرپەرشتیی ١٩ پرۆژەی گەورەی توێژینەوەی زانستیی کردووە.
- بەڕێوبەری سەرەکی بووە لە:

١. InfoSains (١٩٩٧_١٩٩٨).
٢. Science Putra (٢٠٠٢_٢٠٠٧)
- سەرپەرشتیی ٦٢ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتیی ٤٦ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- ئەندامی دەستەی سەرنوسەران (Editorial Board)ی هەردوو گۆڤار زانستیی:
1.Biocatalysis and Biotransformation
Journal of Palm Oil Research.2
- هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer)ی هەر یەک لەم گۆڤارە زانستییانەیە:
1.Applied Biochemistry and Biotechnology (UK)
2.Journal of Agriculture and Food Chemistry (U)
3.Royal Society of Chemistry (RSC) – Soft Matter
4.Journal of the Chemical Society of Pakistan
Journal of Palm Oil Research (MPOB).5
Journal of Chemical Technology and Biotechnology (UK).6
Journal of Applied Polymer Science (US).7
Journal Molecular Catalyst (UK).8
9.BMC Microbiology (UK)
10.Journal of Basic Microbiology (UK)
ASM Science Journal, Academy of Sciences Malaysia.11
Journal of Tropical Agriculture and Food Science (MARDI).12.
13.Pertanika Journal of Science and Technology
.14.Malaysian Journal of Biochemistry and Molecular Biology
15.Asia-Pacific Journal of Molecular Biology and Biotechnology
Journal of Chemical Industry (SIRIM).16
17.Malaysian Journal of Analytical Sciences

خەڵاتەکانی:

١. خاوەنی ٢٤ خەڵات و مەدالیای ئاڵتونییە.
٢. خاوەنی ١٨ خەڵاتی برۆنزییە.
٣. خاوەنی ٢٣ خەڵاتی زیوییینە.
٤. هەروەها ١٩ خەڵاتی تری زانستیی.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ٤ کتێبی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ٢٢ کتێبی زانستیی تردا کردووە (Chapter in Book).
- خاوەنی ٢٢ پاکانەی داهێنان (patent)ی ناوخۆیی مالیزیایە.
- خاوەنی ٢١ پاکانەی داهێنان (patent)ی نێودەوڵەتییە.
- خاوەنی زیاد لە ٥٠٠ دانە توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوەکانی زیاد لە ١٠٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

خەڵاتی ڕێکخراوی(ISESCO)ی ئیسلامی بۆ زانست و تەکنەلۆژیا لە وڵاتی مەغریبساڵی ٢٠١٤.

خەڵاتی لوتکەی زانست و توێژینەوەی زانکۆی پوتڕای مالیزیا ساڵی ٢٠١٣

وێنەی چەند کتێبێکی:



سەرچاوەکان:

1.https://science.upm.edu.my/upload/dokumen/20170606125629Prof._Dr._Mahiran.pdf
2.https://scholar.google.com/citations?user=qV4ErcwAAAAJ&hl=en
3.https://patents.justia.com/inventor/mahiran-basri?page=2
4.https://www.upm.edu.my/news/oils_fats_innovation_use_of_nanotechnology_in_cosmetics_and_pharmaceuticals-25047
5. https://biotech.upm.edu.my/news/congratulation_top_research_scientists_2013-17407

[٥]

عەزیز سانجار Aziz Sancar

پرۆفیسۆر عەزیز سانجار، ڕێککەوتی ٨/ ٩/ ١٩٤٦ لە شاری ماردینی وڵاتی تورکیا لەدایکبووە. خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ٢٠١٥یە لە بواری کیمیای ژیانیی و زیندەزانیی گەردیی Molecular biology& Biochemistry. ئەو توێژینەوەیەی کە خەڵاتی نۆبڵی لەسەر وەرگرت، لەسەر چاککردنی خانە لەناوچووەکانی ناوکە ترشی DNA بوو. خاوەنی ڕەگەزنامەی تورکیی و ئەمریکییە. ساڵی ١٩٦٩ سکوڵی پزیشکیی ئەستەنبوڵی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٥ماجستێری لە (زیندەزانیی گەردیی Molecular biology) لە زانکۆی تەکساسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٧ دکتۆرای لە (زیندەزانی گەردی Molecular biology) لە زانکۆی تەکساس تەواوکردووە.

ئەندامێتیی:

١. ئەندامی کۆمەڵەی ئەمریکیی بووە بۆ زانستی (وردەزیندەزانیی Microbiology) ساڵی ١٩٨٣.

٢. ئەندامی کۆمەڵەی ئەمریکیی بووە بۆ زانستی کیمیای زیندەیی ساڵی ١٩٨٣.

٣. ئەندامی سەنتەری توێژینەوەی شێرپەنجە بووە لە لاینبێرگ ساڵی ١٩٨٤.

٤. ئەندامبووە لە بەشی بۆماوەزانیی UNC_CH ساڵی ١٩٨٥.

٥. ئەندامی کۆمەڵەی ئەمریکیی کیمیا بووە ساڵی ١٩٨٧.

هەروەها (سەرنوسەر Editor) بووە لە Journal of biological chemistry لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە.

٦. ئەندامبووە لە Biochemistry Search Committee لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە.

- خاوەنی ١٧ خەڵات و ڕێزلێنانە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا.

لە وڵاتی تورکیا پەیمانگایەکی بە ناوەوە دروستکراوە بە ناوی

Aziz Sancar Institute of Experimental Medicine

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستیدەکانی:

- خاوەنی ٤ پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- بەشداری لە نوسینی ٣٤ کتێبی زانستیی (Book Chapter) کردووە.
- خاوەنی ٤٦٥ توێژینەوەی زانستییە.
- بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٥٩٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستی بەکارهێنراون (Citations).



خەڵاتی نۆبڵ بۆ کیمیا ساڵی ٢٠١٥

خەڵاتکردنی عەزیز سانجار لەلایەن پرۆفیسۆر غازی یەسارگیل دکتۆری مێشك و دەمار لە زانکۆی Yeditepe University

سەرچاوەکان:

1.https://www.nobelprize.org/prizes/chemistry/2015/sancar/facts/
2.https://nanopdf.com/download/curriculum-vitae-5ae5b5ca656d1_pdf
3. https://patents.justia.com/inventor/aziz-sancar
4.https://scholar.google.com/citations?user=mwGCWiIAAAAJ&hl=en
5. Aziz Sancar Institute of Experimental Medicine
6. http://trdergisi.com/en/turkeys-nobel-laureate-professor-aziz-sancar/
7.https://yeditepe.edu.tr/en/profdr-aziz-sancar-and-profdr-gazi-yasar-gil-met-yeditepe-university

[٦]

فەریدە فاسیی farida fassi

ساڵی ١٩٩٤ لە زانکۆی تیتوان لە وڵاتی مەغریب بەکالۆریۆسی لە زانستدا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٥ دبلۆمی لە وڵاتی مەغریب تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٧ وەکو توێژەرێک لە بەشی فیزیای ناوەکیی لە زانکۆی ڤالانسیا لە ئیسپانیا بووە. ساڵی ١٩٩٩ لە زانکۆی ڤالانسیا لە ئیسپانیا ماجستێری لە فیزیا تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٢ هەر لە ئیسپانیا دکتۆرای لە فیزیا (**High Energy Physics**) تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٧ هەتا ٢٠١١ وەکو توێژەرێک کاریکردووە لە سەنتەری نیشتیمانیی توێژینەوەی زانستیی لە شاری لیۆنی وڵاتی فەرەنسا. لە ٢٠١١ هەتا ٢٠١٣ یاریدەدەری توێژەر بووە لە ڤالانسیای وڵاتی ئیسپانیا. لە ٢٠١٣ەوە پرۆفیسۆرە لە بواری فیزیادا، لە فاکەڵتیی زانست بەشی فیزیای زانکۆی University Mohammed V in Rabat. لە ساڵی ١٩٩٧ توێژەر بووە لە ڕێکخراوی (CERN) کە ڕێکخراوێکی ئەوروپییە لە بواری توێژینەوەی ناوەکیی، لە وڵاتی سویسرایە. لە ساڵی ١٩٩٨ەوە وەکو فیزیازانێک لە هەمان ڕێکخراوە (**CERN**) بۆ توێژینەوەی بواری فیزیای ناوەکیی.

هەر یەک لە زمانەکانی (عەرەبیی، ئینگلیزیی، فەرەنسیی، ئیسپانیی) دەزانێت. لە چەندیین کۆنفرانسی زانستیی بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریکردووە. هەتا ئێستا خاوەنی زیاد لە ١٥٠٠ توێژینەوە و پەڕاوی زانستییە. توێژینەوەکانی هەتا ئێستا ٢٢٥١٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations). یەکێک بوو لەو ١٠٠٠ توێژەرەی کە webometrics ڕیزبەندییکردوون لەسەر ئاستی جیهان بەپێی زۆریی سایتەیشنی توێژینەوەکانیان. لەو سەد زانا و توێژەرەی لەم بەرگەدا باسکراون فەریدە فاسیی ژمارەی سایتەیشنی لە گشتیان زیاترە.

سەرچاوەکان:

1. https://orcid.org/0000-0002-6423-7213

2.http://asrenorg.net/eage2015/?q=content/farida-fassi

3.https://scholar.google.com/citations?user=xzPMuAUAAAA-J&hl=en

4. https://www.webometrics.info/en/node/186

5.https://loop.frontiersin.org/people/612160/bio

[٧]

عومەر موانیس یاغیی Omar M. Yaghi



پرۆفیسۆر عومەر موانیس یاغیی، یەکێکە لە زانا مسوڵمانە بەناوبانگەکانی بواری کیمیا لەسەر ئاستی جیهان. لەدایکبووی ٩/ ٢/ ١٩٦٥ـە لە عەممانی وڵاتی ئەردەن. لە تەمەنی ١٥ ساڵیی وەکو پەنابەرێک ڕوویکردووەتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی ١٩٨٣_١٩٨٥ بەکالۆریۆسی لە زانستی کیمیادا لەState University of New York-Albany, New York تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٦_١٩٩٠ دکتۆرای لە زانستی کیمیادا لە University of Illinois-Urbana, Illinois تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٠_١٩٩٢ پۆستدکتۆرای لە زانکۆی هارڤارد تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٢_١٩٩٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە بەشی کیمیای زانکۆی Arizona State University. ساڵی ١٩٩٩_٢٠٠٦ پرۆفیسۆر بووە لە بەشی کیمیای زانکۆی University of Michigan. لە ساڵی ٢٠١٢ەوە سەرپەرشتیاری فاکەڵتیی زانستە لەLawrence Berkeley National Laboratory. ساڵی ٢٠١٢_٢٠١٣ سەرۆکی Molecular Foundry بووە لە Lawrence Berkeley National Laboratory.

لە ساڵی ٢٠١٣ هاوسەرۆک بووە لە پەیمانگای (Kavli Energy Nanosciences Institute) لە زانکۆی کالیفۆرنیا_بەرکلی. لە ساڵی ٢٠١٤ەوە هاوسەرۆکە لە(California Research Alliance) لە زانکۆی کالیفۆرنیا_بەرکلی. لە ساڵی ٢٠١٤ەوە دامەزرێنەر و سەرۆکی پەیمانگای (Berkeley Global Science Institute) لە زانکۆی کالیفۆرنیا_بەرکلی. لە ساڵی ٢٠٠٩_٢٠١٦ سەرۆکی سەنتەری (Reticular Materials) بووە لە وڵاتی یابان. لە ساڵی ٢٠١١ەوە سەرۆکی گرووپی (Carbon Capture and Conversion)ە لە زانکۆی مەلیک فەهد بۆ مادە و پترۆڵ لە وڵاتی سعودیە. ساڵی ٢٠١٦ هاودامەزرێنەری (Foundry for Reticular Materials for Sustainability) لە زانکۆی پوترای وڵاتی مالیزیا.

ئەندامی دەستەی سەرنوسەران (Member of Editorial Board)ە لە هەر یەك لەم گۆڤارە زانستییانە:

1. Molecular Frontiers Journal
2. Chemistry Central Journal
3. Accounts of Chemical Research
4. Nanoporous Materials
5. Inorganic Chemistry
6. Chemistry of Materials
7. Solid State Sciences

لە چەندیین سەنتەر و دەزگا و کۆمەڵە و ئەکادیمیای زانست و توێژینەوەی زانستیی ئەندام بووە.

خەڵات و ڕێزلێنانە زانستییەکانی:

خاوەنی ٥٢ خەڵاتی زانستیی و ڕێزلێنانە کە لە لایەن زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکانی وڵاتانی (ئەمریکا، بەریتانیا، ئیتالیا، چین، ئیمارات، سوید، ئیسرائیل، ئیسپانیا، ئەردەن، مالیزیا، کوەیت، سعودیە، تورکیا، ئێران، کۆریای باشوور). لەوانەیش:

- خەڵاتی تەسمیم و وەبەرهێنان بۆ مەوادی نوێ لە ساڵی ١٩٩٨.
- خەڵاتی یەکێک لە دە زیرەکترینی زاناکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٦.
- خەڵاتی وەزارەتی وزەی ئەمریکیی بۆ خەزنکردنی هایدرۆجین لە ساڵی ٢٠٠٧.
- خەڵاتی Thomson Reuters بۆ بەرزیی ژمارەی سایتەیشن لە زانستی کیمیادا ساڵی ٢٠١٠.
- خەڵاتی نێودەوڵەتیی مەلیک فەیسەڵ بۆ زانست، کە بە نۆبڵی عەرەب ناسراوە لە وڵاتی سعودیە ساڵی ٢٠١٥ کە بری خەڵاتەکە ٢٠٠ هەزار دۆلار بوو.

- خەڵاتی موستەفا[١] لە لایەن دامەزراوەی موستەفاوە بۆ زانست و تەکنەلۆژیا. بۆ بواری نانۆتەکنەلۆژیا وەریگرت لە وڵاتی ئێران، ساڵی ٢٠١٥ کە بڕی خەڵاتەکە ٥٠٠ هەزار دۆلار بوو.

- خەڵاتی ئەلبێرت ئەنیشتاین بۆ ساڵی ٢٠١٧.

- خەڵاتی Wolf Prize لە کیمیادا بۆ ساڵی ٢٠١٩.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی زیاد لە ٢٠٠ کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و سیمپۆزیەم لە وڵاتانی (ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئەمریکا، بەریتانیا، ئیتالیا، چین، ئیمارات، سوید، کەندا، ئیسرائیل، ئیسپانیا، هۆنگ کۆنگ، ئەردەن، مالیزیا، کوەیت، سعودیە، تورکیا، ئێران، کۆریای باشوور)دا کردووە.

- خاوەنی TEXTBOOK ێکە بەناونیشانی: Introduction to Reticular Chemistry: Metal-Organic Frameworks and Covalent Organic Frameworks

- خاوەنی ٩٣ پاکانەی داهێنان(patent)ی زانستییە.

- خاوەنی ٣٠٦ توێژینەوەی زانستییە.

- بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ١٨٧٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

یەکێک بوو لەو ١٠٠٠ توێژەرەی کە webometrics ڕیزبەنییکردوون لەسەر ئاستی جیهان بەپێی زۆریی سایتەیشنی توێژینەوەکانیان.

---

١. خەڵاتی موستەفا (mustafa prize) لە لایەن دامەزراوەی موستەفا بۆ زانست و تەکنەلۆژیا دەبەخشرێت Mustafa Science and Technology Foundation لە وڵاتی ئێران، ئەم دامەزراوەیە مسوڵمانن و ناوی (مصطفى)شیان لە لەقەبی پێغەمبەری خوداوە «محمد مصطفى» (صلى الله عليه وسلم) وەرگرتووە، چەندیین وڵاتانی مسوڵمان تێیدا بەشدارن، چەندیین زانکۆ و کۆمپانیا پاڵپشتییاندەکەن، لە ناویاندا زانکۆی پوترای مالیزیا. ئەم دامەزراوەیە لە ساڵی ٢٠١٣وە دەستیان بە کارکردن کردووە، ساڵانە چەندیین (symposium و Event و meeting و Workshop)ی زانستیی ئەنجامدەدەن. توێژەران و زانایانی بواری زانستە ئەزموونییەکان لە هەر یەک لە وڵاتانی ئێران و تورکیا و مالیزیا و پاکستان و ئەندەنوسیا و قەتەر و ...هتد کۆدەبنەوە، ئامانجی دامەزراوەکە بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و توێژینەوەی زانستییە لە وڵاتانی ئیسلامیی و لە ناو مسوڵماناندا. ئەم دامەزراوە دوو ساڵ جارێک (ceremony)ێکی هەیە بە ناوی Mustafa prize کە تێیدا خەڵات دەدرێت بەو زانایانەی براوەدەبن، هەر یەکێکیان ٥٠٠ هەزار دۆلار خەڵات وەردەگرێت، لەگەڵ بڕوانامە و مەدالیایەکدا، خەڵاتەکە بەپێی کۆمەڵێک پێوەر (criteria) هەڵدەسەنگێنرێت، کە لە سایتەکەیاندا ئاماژەیان پێداوە. دەبێت لەم بوارانەدا بێت: (Life and Medical Science and Technology", "Nanoscience and Nanotechnology", "Information and Communication Science and Technology") فۆرمی تایبەت بە خۆی بۆ دانراوە لە سایتەکەیاندا، کە توێژەران دەتوانن لە ڕێی پڕکردنەوەی ئەو فۆرمە بەشداریی بردنەوەی خەڵاتەکە بکەن. ئەم سیرۆمۆنیە دوو ساڵ جارێک بە بەشداریی سەدان زانا و توێژەری وڵاتانی ئیسلامیی ئەنجامدەدرێت. هەتا ئێستا چوار جار کراوە: ساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٧ و ٢٠١٩ و ٢٠٢١.

خەڵاتی مەلیك فەیسەڵ ساڵی ٢٠١٥

خەڵاتی Mustafa prize ساڵی ٢٠١٥ ئێران

خەڵاتی ئەلبێرت ئەنیشتاین ساڵی ٢٠١٧



سەرچاوەکان:

1.http://yaghi.berkeley.edu/cv/Yaghi_CV_long.pdf
2. http://yaghi.berkeley.edu/publications.html
3.https://kingfaisalprize.org/professor-omar-mwannes-yaghi/
4. https://mustafaprize.org/laureates2015
5. https://mustafaprize.org/
6. https://wolffund.org.il/2018/12/12/omar-yaghi/
7. https://scholar.google.com/citations?user=Sczy43gAAAAJ&hl=en
8. https://www.cwts.nl/news?article=n-r2r2b4&title=two-award-winners
9. https://onlinelibrary.wiley.com/doi/book/10.1002/9783527821099

[٨]

Mariam Al-Ali AlMa'adeed مریەم عەلی ئەلمعازید

خەڵکی وڵاتی قەتەرە. ساڵی ١٩٩٠ بەکالۆریۆسی لە زانستی بیرکاریی و فیزیا لە زانکۆی قەتەر خوێندووە. ساڵی ١٩٩٦ ماجستێری لە زانستی مادە لە زانکۆ ئەسکەندەریەی میسر بەدەستهێناوە. ساڵی ٢٠٠١ دکتۆرای لە زانستی مادەدا لە زانکۆی ئەسکەندەریەی میسر بەدەستهێناوە. ساڵی ٢٠٠٦ نازناوی پرۆفیسۆری یاریدەدەری وەرگرتووە. ساڵی ٢٠١٤ بووەتە پرۆفیسۆر.

سەرۆکی بەشی یەکەی تەکنەلۆجیای مادە بووە لە زانکۆی قەتەر لە ٢٠٠٩ هەتا ٢٠١٢. لە ٢٠١٢ەوە هەتا ئێستا بەڕێوبەری سەنتەری پێشکەوتووی مادەیە لە زانکۆی قەتەر. پسپۆڕی وردی لە نانۆتەکنەلۆجیا و پێکهاتەکانی پۆلیمەر و سیفاتەکانی مادەدایە. سەرۆکی ١٩ پرۆژەی گەورەی بواری توێژینەوە بووە، هەر یەک لە وڵاتانی قەتەر و پۆڵەندا و فەرەنسا.

ئەندامی هەر یەك لەم پەیمانگا و کۆمەڵە زانستییانەیە:

1.Institute of Materials, Minerals and Mining
2.The Minerals, Metals & Materials Society (TMS)
3.Institute of Electrical and Electronics Engineers
4.Society of Plastics Engineers
5.Society of Research Administrators International

هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer)ی ئەم گۆڤارە زانستییانەیە:

1.Composites, Part B, ELSEVIER..

.2.Polymer Engineering and Science, Wiley.

.3.Journal of Applied Polymer Science, Wiley.

4.Arabian Journal of Chemistry , ELSEVIER.

5.International Journal of Polymer Analysis and Characterization, Taylor & Francis.

6.Food and Bioproducts Processing, ELSEVIER.

7.International Journal of Chemical Engineering, Hindawi.

8.Journal of Waste Management, Hindawi.

9.Usak University of Material Sciences (UUJMS).

ئەندامی بۆردی سەرنوسەرانە (Editor Board member) هەر یەك لەم گۆڤارانەیە:

1. Advanced Manufacturing: Polymer & Composites Science (2013 to date)

2.Polyolefin Journal (2013 – 2014)

- خاوەنی ١٠ خەڵاتی زانستییە لە ناویاندا خەڵاتی دامەزراوەی بەناوبانگی Thomson Reuters لە ساڵی ٢٠١٦.

بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی:

- خاوەنی ٣ كتێبی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ٧ كتێبی تردا كردووە.
- بەشداریی لە ٦٣ كۆنفرانسی زانستیی لە سەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییدا كردووە.
- خاوەنی دوو پاكانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- هەتا ئێستا خاوەنی ٢٢٤ توێژینەوەی زانستییە.
- بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی هەتا ئێستا ٥٥٠٠ جار وەكو سەرچاوەی زانستیی بەكارهێنراون (Citations).

خەڵاتی زانکۆی قەتەڕ ساڵی ٢٠١٧

خەڵاتی National Committee for the Prohibition of Weapons



خەڵاتی نایابی پێشەوایەتی خانمان ساڵی ٢٠١٥

خەڵاتی سەنتەری BHC بایەخی تەندروستی لە زانکۆی قەتەڕ ساڵی ٢٠١٨

وێنەی کتێبەکانی:













سەرچاوەکان:

1.https://portal.arid.my/CVFiles/48ede804-adc6-4f.pdf

2.https://www.elsevier.com/books/biopolymer-composites-in-electronics/unknown/978-0-12-809261-3

3.https://www.elsevier.com/books/3d-and-4d-printing-of-polymer-nanocomposite-materials/sadasivuni/978-0-12-816805-9

4.https://www.springer.com/gb/book/9783319504230

5.https://www.springer.com/in/book/9783319259802

6.https://www.springer.com/us/book/9783319236629#aboutAuthors

7.https://link.springer.com/book/10.1007/978-3-030-04741-2

8.https://patents.justia.com/inventor/mariam-alali-al-maadeed

9.https://www.gulf-times.com/story/552647

10.http://www.qu.edu.qa/ar/newsroom/CAM/Dr-Mariam-Al%E2%80%93Maadeed-recognized-with-outstanding-mentorship-award

11.https://www2.gulf-times.com/story/589688/QU-partners-BHC-on-joint-studies-events

12.https://www.qu.edu.qa/research/about/welcome-message

13.https://menafn.com/qn_news_story_s.aspx?storyid=1096083634&title=Qatar-QU-workshop-raises-awareness-on-mass-destruction-weapons

14.https://scholar.google.com/citations?user=zKuwbm8AAAAJ&hl=en

[٩]

ساغیر ئەختار Saghir Akhtar



لەدایکبووی ٢٨/ ٩/ ١٩٦٣ـە لە وڵاتی پاکستان. پرۆفیسۆری بواری پزیشکیی دەرمانە. ساڵی ١٩٨٥ بەکالۆریۆسی لە پزیشکیی دەرمانسازیی لە (Leicester School Pharmacy) لە زانکۆی De Montfort University Leicester لە وڵاتی بەریتانیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٠ دکتورای لە پزیشکیی دەرمانسازیی لە زانکۆی Bath University لە وڵاتی بەریتانیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٠_١٩٩١ دەبێتە هەڵگری پۆستدکتۆرا لە زانکۆی University North Carolina لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی ١٩٩١_١٩٩٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە زانکۆی University North Carolina لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە ساڵی ١٩٩٠_١٩٩٧ مامۆستا بووە لە زانکۆی Aston University لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی ٢٠٠٢_٢٠٠٦ دەبێتە پرۆفیسۆر لە بواری Drug Delivery لە سکوڵی دەرمانسازیی زانکۆی Cardiff University، هەروەها سەرۆکی سەنتەری Genome-based Therapeutics لە هەمان زاکۆ لە وڵاتی بەریتانیا.

ئێستایش پرۆفیسۆرە لە پزیشکیی دەرماندا، لە کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی قەتەر لە وڵاتی قەتەر.

- خاوەنی پێنج خەڵاتی زانستیی نێودەوڵەتییە.

- سەرنوسەری سەرەکییە (Editor in chief) لە گۆڤاری زانستیی جیهانیی Journal of Drug Targeting

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی پێنج پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.

- یەکێک لە داهێنانە زانستییەکانی بریتییە لە بەکارهێنانی چارەسەری جینی (genetherapy) بۆ جۆرێک لە شێرپەنجەی مێشک کە پێیدەگوترێت glioma.

کتێبێکی بە ناونیشانی: Delivery Strategies for Antisense Oligonucleotide Therapeuticsەوە هەیە.

- خاوەنی زیاد لە ١٦٠ توێژینەوەی زانستییە.

- بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی تا ئێستا ٨٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://prabook.com/web/saghir.akhtar/535566

2.http://news.bbc.co.uk/2/hi/health/307919.stm

3.https://www.tandfonline.com/action/journalInformation?show=editorialBoard&journalCode=idrt20

4.https://patents.justia.com/inventor/saghir-akhtar

5.https://www.routledge.com/Revival-Delivery-Strategies-for-Antisense-Oligonucleotide-Therapeutics/Akhtar/p/book/9781138558571

6.https://scholar.google.com/citations?user=vJQ51RMAAAAJ&hl=en

7.https://orcid.org/0000-0003-3177-946X

8.http://news.bbc.co.uk/2/hi/health/307919.stm

9.https://scholar.google.com/citations?user=vJQ51RMAAAAJ&hl=en

[١٠]

جومانه یوسف ئەلئەعما Jumana Yousuf Al-Aama

خەڵکی وڵاتی سعودیەیە. پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە پزیشکیی منداڵان و بۆماوەزانیی پزیشکیی، لە زانکۆی پزیشکیی مەلیک عبدولعەزیز لە شاری جیدەی وڵاتی سعودیە.

ساڵی ١٩٩٨ بڕوانامەی MRCP کۆلێژی شاهانەی پزیشکانی بەریتانیای تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٤ بڕوانامەی FCCMG کەنەدیی لە پزیشکیی بۆماوەزانیی تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٠ بۆردی پزیشکیی منداڵانی لە وڵاتی سعودیە تەواوکردووە. سەرۆکی بەشی بۆ ماوەزانیی پزیشکییە لە فاکەڵتیی پزیشکیی هەمان زانکۆ. سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی نەخۆشییە بۆماوەییەکانە لە هەمان زانکۆ. سەرۆکی سەنتەری Princess Al-Jawhara Center بۆ توێژینەوەی نەخۆشییە بۆماوەییەکان لە وڵاتی سعودیە کە ساڵی ٢٠٠٨ دامەزراوە. ئەندامی کۆلێژی شاهانە (Royal College) ی پزیشکانە لە بەریتانیا. هاوەڵ (fellowship)ی کۆلێژی بۆماوەزانیی پزیشکییە لە کەنەدا. لە بۆردی بەڕێوبردنی پزیشکانی منداڵانە لە سعودیە. هاوەڵ (fellowship)ە لە Hospital for sick children لە تۆرنتۆی وڵاتی کەنەدا.

بووەتە خەباتکارێک لە کارکردنی زانستیی و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووریی بۆ ڕێگرییکردن و چارەسەرکردن و توێژینەوە لە بواری نەخۆشییە بۆماوەییەکاندا.

- خاوەنی ٤ خەڵاتی زانستییە.

بەشداریی لە چەندیین کۆنفرانسی جیهانیی لە وڵاتانی بەریتانیا و کەنەدا و

ئیسپانیا کردووە. جگە لە بەشداریی چەندیین وۆرکشۆپ و کۆنفرانس و دیداری زانستیی لە سەر ئاستی ناوخۆ.

- هەڵسەنگێنەری زانستییە (Reviwer)ـە لە گۆڤارەکانی:

1.Health policy: The scientific journal published by Elsevier.

2.King Abdul-Aziz City for Science and Technology (KACST) for research proposal.

3.Human Mutation: The scientific journal published by Wiley-Leiss.

- خاوەنی ١٤٧ توێژینەوەی زانستییە.

- توێژینەوەکانی هەتا ئێستا ٩١٠٠ جار وەک سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

لە کاتی گرنگیدان بە منداڵانی توشبوو بە نەخۆشی بۆ ماوەیی (وێنەی ١)

لە کاتی گرنگیدان بە منداڵانی توشبوو بە نەخۆشی بۆ ماوەیی (وێنەی ٢)

سەرچاوەکان:

1.https://jalama.kau.edu.sa/CVEn.aspx?Site_ID=0002875&Lng=EN

2.https://scholar.google.com/citations?user=R2IE43MAAAAJ&hl=en

3.https://al-jawhara-center.kau.edu.sa/Default-287-EN

[١١]

Md. Saidur Rahman محەمەد سەیدور ڕەحمان

لەدایکبووی ٣١/ ١٢/ ١٩٦٦ـە لە وڵاتی بەنگلادیش. ساڵی ١٩٨٩ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی کارەبا لە زانکۆی بەنگلادیش بۆ ئەندازیاریی و تەکنەلۆجیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٢ ماجستێری لە زانستی کۆمپیوتەر و ئەندازیاریی لە زانکۆی بەنگلادیش بۆ ئەندازیاریی و تەکنەلۆجیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٦ ماجستێرێکی تری لە بواری Information Science لە زانکۆی تۆکیۆی یابان تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٩ دکتۆرای لە بواری Information Science لە زانکۆی تۆکیۆی یابان تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٠_١٩٩١ ئەندازیاری یاریدەدەر بووە، لە پەیمانگای زانستی کۆمپیوتەر لە وڵاتی بەنگلادیش. ساڵی ١٩٩١_١٩٩٩ مامۆستا بووە لە زانست و ئەندازیاریی کۆمپیوتەردا، لە زانکۆی بەنگلادیش بۆ ئەندازیاریی و تەکنەلۆژیا. ساڵی ٢٠٠١ دەبێتە پرۆفیسۆری یاریدەدەر و هەتا ساڵی ٢٠٠٤ لە زانکۆی تۆکیۆی یابان وەکو پرۆفیسۆری یاریدەدەر وانە دەڵێتەوە.

دوای بەدەستهێنانی دکتۆرا دەبێتە پرۆفیسۆری تەواو. ساڵی ٢٠٠٧ سەرۆکی بەشی زانستی کۆمپیوتەر و ئەندازیاریی بووە، لە زانکۆی بەنگلادیش بۆ ئەندازیاریی و تەکنەلۆژیا.

- سەرپەرشتی ٢٣ خوێندکاری ماجستێر و ٥ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- دامەزرێنەری ٣ تاقیگەی بواری توێژینەوە و ڕۆبۆت و تەکنەلۆژیا بووە.
- بەشداریی زیاد لە ٢٠ سیمپۆزیەم و کۆنفرانس و وۆرکشۆپی زانستیی لە وڵاتانی بەنگلادیش و هندستان و کۆریا و چین و ئوسترالیا و نیپاڵ و ئیرلەندا و یابان کردووە.
- ئەندامی دەستەی سەرنوسەرانە (Editorial board member) لەم گۆڤارە زانستییە نێودەوڵەتییانەدا:

1.AKCE International Journal of Graphs and Combinatorics
2.Journal of Graph Algorithms and Applications
3.Journal of Combinatorial Optimization
4.Discrete Mathematics, Algorithms and Applications

- هەروەها ئەندامی بۆردە لە Mathematical Foundations of Computing.
- سەرنوسەری سەرەکیی (Editor-in-chief)ە لە گۆڤاری زانستیی Bentham Science.
هەتا ئێستا خاوەنی سێ خەلاتی زانستییە، کە دانەیەکیان مەدالیای ئاڵتونییە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:
- خاوەنی دوو (Text books)ی زانستییە بە ناوەکانی:

1.Basic Graph Theory

Planar Graph Drawing.2

- بەشداریی لە نوسینی سێ کتێبی تری زانستییدا کردووە (Book chapter).
- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ٦٨ کۆنفرانسی زانستیی لە ناوخۆ و دەرەوەدا کردووە.
- خاوەنی ٩٢ توێژینەوەی بڵاوکراوەیە لە گۆڤارە زانستییەکاندا.
- بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ١٤٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

چەند وێنەیەك لە كتێبەكانی:









سەرچاوەكان:

1.http://saidurrahman.buet.ac.bd/saidurcv_04-04-17.pdf
2.http://saidurrahman.buet.ac.bd/
3.https://scholar.google.com/citations?user=oeNksGwAAAAJ&hl=en
4.https://www.springer.com/gp/book/9783319494746
5.http://www.aimsciences.org/journal/A0000-0001/editorialboard
6.https://www.springer.com/gp/book/9783540778905
7.https://www.worldscientific.com/worldscibooks/10.1142/5648

[١٢]

Raja Noor Zaliha ڕەجا نوور زالیها

خەڵکی وڵاتی مالیزیایە، ساڵی ١٩٨٩ بەکالۆریۆسی لە زانستی مایکرۆبایۆلۆجیی لە زانکۆی sainsی مالیزیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٤ ماجستێری لە بایۆتەکنەلۆجیی لە زانکۆی پوترای مالیزیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٨ دکتۆرای لە هەندەسەی بایۆلۆجیای گەردیی Engineering, Molecular Biology لە کیۆتۆی یابان تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠١ نازناوی پرۆفسیۆری یاریدەدەری لە زانکۆی پوترای مالیزیا وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٧ بووەتە پرۆفیسۆر لە زانکۆی پوترای مالیزیا. لە ٢٠١٣ەوە سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەیEnzyme and Microbial Technology لە زانکۆی پوترای مالیزیا. ئەندامی ٧ کۆمەڵە و ئەکادیمیای زانستیی بووە. لە ٢٠٠٦ ەوە لە دەستەی سەرنوسەران بووە (Editorial board) لە گۆڤاری زانستیی Pertanika Journal of Science & Technology. ساڵی ٢٠٠٦_٢٠١٠ سەرنوسەری سەرەکیی (Editor in chief) بووە لە گۆڤاری BioTech Communication .

- خاوەنی ١٠ خەڵاتی زانستییە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییدا.
- خاوەنی زیاد لە ٧٢ مەدالیای زانستییە.
- سەرپەرشتیی ٧٧ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتی ٤٩ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.

بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی:

- خاوەنی ٥٤٨ بڵاوكراوەی زانستییە كە بریتیین لە:

٧٢ پاكانەی داهێنان (patent))ی زانستیی، ٣٨ داهێنانیان لەسەر ئاستی مالیزیا و ٣٤ داهێنانیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی.

دوو كتێبی زانستیی.

- بەشداریی لە نوسینی ٢١ كتێبی تری زانستییدا (Book chpter) كردووە.

- بەشداریی لە ٣٣٥ كۆنفرانسی زانستییدا كردووە، ٢٠٢ كۆنفرانسیان لەسەر ئاستی مالیزیا و ١٣٣ كۆنفرانسیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی.

- خاوەنی زیاد لە ١١٨ توێژینەوەی زانسییە.

- بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی هەتا ئێستا ٦٨٠٠ جار وەكو سەرچاوەی زانستیی بەكارهێنراون (Citations).

خەڵاتی لوتكەی زانست و توێژینەوەی زانكۆی پوترای مالیزیا ساڵی ٢٠١٣.

خەڵاتی زانكۆی پوترای مالیزیا لەگەڵ پرۆفیسۆر Khatijah Yusoff ساڵی ٢٠١٥.

خەڵاتی هەردوو زانکۆی پوتڕای مالیزیا و زانکۆی Jember ی ئەندەنوسیا ساڵی ٢٠١٩

وێنەی چەند کتێبێکی:





سەرچاوەکان:

1.https://docplayer.net/82377446-Professor-dr-raja-noor-zaliha-raja-abd-rahman.html
2.https://patents.justia.com/inventor/raja-noor-zaliha-raja-abd-rahman
3.https://scholar.google.com/citations?user=tt8u_h0AAAAJ&hl=en
4.https://biotech.upm.edu.my/news/congratulation_top_research_scientists_2013-17407
5.https://banten.antaranews.com/berita/39013/emtech-universiti-putra-malaysia-cdast-unej-kerja-sama-riset
6.https://biotech.upm.edu.my/content/anugerah_tokoh_pekerja_anugerah_pekerja_paling_lama_berkhidmat-18925?L=bm

[١٣]

شاهیر محەمەد ئەحمەد مومەنی
Shaher Mohammad Ahmad Momani



لە ڕێککەوتی ١٠/ ٥/ ١٩٦٢ لە وڵاتی ئوردن لەدایکبووە. ساڵی ١٩٨٤ بەکالۆریۆسی لە زانستی بیرکاریی لە زانکۆی یەرموک لە ئوردن تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩١ دکتۆرای لە زانکۆی Wales لە شانشینی بەریتانیا تەواوکردووە. ڕاوێژکاری بیرکارییزانیی بەریتانی Professor Ken Walters بووە. سەرۆکی بەشی بیرکاریی فاکەڵتیی زانستیی زانکۆی ئوردنە.

- سەرپەرشتیی ١٨ خوێندکاری ماجستێری کردووە.

سەرپەرشتیی ٢١ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.

- ئەندامی ٨ کۆمەڵەی زانستییە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییدا.
- سەرۆکی گرووپی توێژینەوەی

Jordan Research Group in Applied Mathematics (JRGAM.

- خاوەنی ٢٥ خەڵات و ڕێزلێنانی زانستییە، لە ناویاندا خەڵاتی داتابەیسی گەورە **Scopus** و دامەزراوەی **Thomson Reuters** و خەڵاتی **TWAS**ی ئیتاڵیی بۆ گەنجترین زانا لە ساڵی ٢٠٠٠ و **FDA Achievement Award** بۆ ساڵی ٢٠١٨.
- هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer)ی ئەم ١٥ گۆڤارە زاسنتییە بووە:

1.Journal of Computational and applied Mathematics.
2.Journal of Mathematical Analysis and Applications.
3.Physics Letters A.
4.Physica Scripta.
5.Electronic Journal of Differential Equations.
6.Communications in Nonlinear Science and Numerical Simulation.
7.Chaos, Solitons & Fractals.
8.Journal of Applied Analysis.
9.Arabian Journal for Science and Engineering.
10.Computers and Mathematics with Applications.
11.International Journal of Computer Mathematics.
12.Journal of Applied Mathematics.
13..International Journal of Mathematics and Mathematical Sciences.
14.Numerical Methods for Partial Differential Equations.
15.Referee for several international and local journals.

- ئەندامی دەستەی سەرنوسەران (Editorial Board)ی ئەم گۆڤارە زانستییانە بووە:

1.Jordan Journal of Mathematics and Statistics. (Indexed in ScopusDatabase).
2. Applied Numerical Mathematics Journal. ISI (IF: 1.263).
3.Applied Mathematics & Information Sciences Journal. ISI (IF: 0.73).
4.Journal of Applied and Computational Mathematics. ISI (IF: 1.33).
5.Progress in Fractional Differentiation and Applications Journal.
6. Khazar Journal of Science and Technology (KJSAT).
7.Applied Mathematics & Information Sciences Letters Journal.
8. International Journal of Information and Communication Technology.
9.International Journal of Differential Equations. (Indexed in Scopus Database).
10. International Journal of Differential Equations: Special Issue on Fractional Differential Equations.
11.Journal of Emerging Trends in Computing and Information Sciences.
12.ARPN Journal of Systems and Software. ISI (IF: 0.73).
13.World Journal of Modelling and Simulation (WJMS). (Indexed in Scopus Database).
14. Communications in Fractional Calculus: Mathematics, Physics and Mechanics.
15.Communications in Fractional Calculus.
16. Journal of Fractional Calculus and Its Applications.
17. Member, Editorial Board, International Journal of Computational Mathematics and Numerical

Simulation (IJCMNS).
18.Journal of Nonlinear and Fractional Phenomena in Science and Engineering.
19.Fractional Dynamic Systems Journal.
20.Applied Mathematics & Information Sciences Journal.
21.Jordan Engineers Association Journal of Electrical Engineering (JEAJEE).
22.International Review of Pure and Applied Physics Journal.
23.International Journal of Nonlinear Dynamical Systems and Chaos(IJNDSC).
24.International Journal of Nonlinear Dynamics in Engineering and Sciences.
2005.-25.Mutah Journal for Scientific Research, 2004
26.Communications in Numerical Analysis.
27. International Journal of Applied Mathematical Research (IJAMR).
28.Conference Papers in Mathematics Journal.
29. Malaya Journal of Matematik [MJM].
30. Applied Mathematics and computational Intelligence

- سەرنوسەری سەرەکیی (Editor-in-Chief) ئەم گۆڤارە زانستییانەی خوارەوە بووە:

1. Dirasat Journal: Educational Sciences: 2016_2018.
2. Dirasat Journal: Human and Social Sciences: 2016_2018. (Indexed in ScopusDatabase).
3. Dirasat Journal: Sharia and Law Sciences: 2016_2018.
4. Numerical and Computational Methods in Sciences and Engineering.
5. Arab Journal of Mathematics and Mathematical Sciences.

- بەشداریی ٢٣ کۆنفرۆانسی زانستیی لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانییدا کردووە.

- قسەکەر (speaker)ی ٥١ کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی بووە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ١٠ کتێبی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ٥ کتێبی تردا (Book chapter) کردووە.
- لەگەڵ ئەوەی کە زانستی بیرکاریی توێژینەوە تێیدا لەچاو بەشەکانی تر قورسترە، بەڵام ئەم خاوەنی ٣٥٠ توێژینەوەی زانستییە.
- بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ١٨٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

خەڵاتی کۆمەڵەی زانستی مەلەکی ساڵی ٢٠١٩

خەڵاتی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئوردن



دکتۆرای فەخری لە جنێڤی وڵاتی سویسرا

وێنەی چەند دانەیەك لە كتێبەكانی:





سەرچاوەكان:

1.http://science.ju.edu.jo/Lists/FacultyAcademicStaff/Attachments/32/Shaher%20Momani%20CV.pdf

2.http://eacademic.ju.edu.jo/S.Momani/default.aspx

3.https://www.routledge.com/A-Beginners-Guide-to-Using-Open-Access-Data/AlRyalat-Momani/p/book/9780367075033

4.https://scholar.google.com/citations?user=A8ETUv8AAAAJ&hl=en

5.http://ujnews.ju.edu.jo/Lists/News/Disp_FormNews1.aspx?ID=10652#.XhXMEwptx7Y.faceb

[١٤]

سامیە عەلی تیمتامی Samia AliTemtamy

لەدایکبووی ١٢/ ٢/ ١٩٣٥ـە لە وڵاتی میسر. ساڵی ١٩٥٧ بەکالۆریۆسی لە پزیشکیی و نەشتەرگەریی گشتیی لە زانکۆی قاهیرە تەواوکردووە. ساڵی ١٩٦٠ دبلۆمی باڵای لە نەخۆشییەکانی منداڵان (D.C.H., Pediatrics) لە زانکۆی قاهیرە تەواوکردووە. ساڵی ١٩٦٦ دکتۆرای لە بۆماوەزانیی مرۆڤدا لە Johns Hopkins University, Maryland لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٥٨_١٩٥٩ لە زانکۆی پزیشکیی قاهیرە (Cairo University Hospitals) کاریکردووە. ساڵی ١٩٥٩_١٩٦١ لە زانکۆی پزیشکیی منداڵانی قاهیرە Cairo University Children Hospital کاریکردووە. ساڵی ١٩٦١_١٩٦٦ توێژەری یاریدەدەر بووە لە سەنتەری نیشتیمانیی قاهیرە. ساڵی ١٩٦١_١٩٦٦ هاوەڵی Division of Medical Genetics بووە لە زانکۆی Johns Hopkinsی Maryland لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی ١٩٦٦_١٩٧٢ توێژەر بووە لە بۆماوەزانیی مرۆڤدا لە سەنتەری نیشتیمانیی قاهیرە. ساڵی ١٩٧٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە بۆماوەزانیی مرۆڤدا لە سەنتەری نیشتیمانیی قاهیرە. ساڵی ١٩٧٧ بووەتە پرۆفیسۆر لە بۆماوەزانیی مرۆڤدا لە سەنتەری نیشتیمانیی قاهیرە. لە ساڵی ١٩٧٧ هەتا ١٩٩١ سەرۆکی بەشی دابەشبوونی ئەندازەی بۆماوەزانیی مرۆڤ بووە. لە ساڵی ١٩٨٥ هەتا ١٩٨٧ سەرۆکی دابەشبوونی ئەندازەی بۆماوەیی و بایۆتەکنەلۆجیا بووە. ساڵی ١٩٩٥ وەکو پرۆفیسۆری خانەنشینکراو لە سەنتەری توێژینەوەی نیشیتمانیی بۆماوەزانیی مرۆڤ کاریکردووە.

- سەرپەرشتیی ٥٧ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتیی ٦٢ خوێندکاری دکتۆراری کردووە بە بڕوانامەی PhD , MD.

ئەندامێتیی:

١. ئەندامی کۆمەڵەی ئەورووپییە لە بۆماوەزانیی مرۆڤدا.
٢. سەرۆک و ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی بۆماوەزانیی مرۆڤە لە سەنتەری نیشتیمانیی بۆ توێژینەوە لە وڵاتی میسر، کە ئەندامە لە یەکێتیی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی بۆماوەزانیی مرۆڤ.
٣. ئەندامی کۆمەڵەی ئەمریکییە لە بواری بۆماوەزانیی مرۆڤدا.
٤. ئەندامی کۆمەڵەی شانەزانیی و خانەزانیی وڵاتی میسر بووە.
٥. ئەندامی کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی بواری کۆهێڵ و بۆماوەزانیی بووە.
چەندیین کۆمەڵە و ئەکادیمیای زانستیی تر.

- هەڵسەنگێنەری زانستیی (reviewer) بووە لەم گۆڤارانەی خوارەوە:
1.American Journal of Medical Genetics (PartA)
2.Clinical Dysmorphology
3.Journal of Pediatric Neurology
4.Journal of Case Reports
5.Journal Pediatric Genetics
6.Middle East Fertility Society Journal
7.Eastern Mediterranean health Journal
8.Journal of Pediatric Neuroradiology
9.European Journal of Human Genetics

- ئەندامی دەستەی سەرنوسەران (Editorial Board Member)بووە لەم گۆڤارانەی خوارەوە:
1.American Journal of Medical Genetics.
2.European Journal of Human Genetics.
3.Egyptian Medical Journal of the NRC.
4.International Journal of Pediatrics& Adolescent Medicine.(Elsevier)
5.The Egyptian Jornal of Medical Human Genetics. (Elsevier)
6.Human Genomics

- سەرنوسەری سەرەکیی (Editor-in-Chief)ی ئەم گۆڤارە زانستییەیە:
Middle East Journal of Medical Genetics

که له لایەن «Wolters Kluwer» له ۲۰۱۲ەوه بڵاودەکرێتەوه.

خەڵاتەکانی:

١. ساڵی ١٩٨٧ مەدالیای ئاڵتونیی له لایەن سەندیکای پزیشکانی وڵاتی میسرەوە وەرگرتووه.

٢. ساڵی ١٩٩٧ ڕێزلێنانی مەدالیای ئاڵتونیی له لایەنی حکومەتی میسرەوه وەرگرتووه.

٣. ساڵی ٢٠٠٠ خەڵاتی بواری زانستی پزشیکیی پێدرا، له لایەن ئەکادیمیای میسریی بۆ توێژینەوەی زانستیی و تەکنەلۆجیا.

٤. ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی پێشەوای زانایانی ئافرەتانی پێدرا له لایەن (Creative Women in Human Genetics) له وڵاتی بەحرەین.

٥. ساڵی ٢٠١١ خەڵاتی **Nile prize** پێدرا له لایەن ئەکادیمیای میسریی بۆ توێژینەوەی زانستیی و تەکنەلۆجیا.

٦. ساڵی ٢٠١٧ خەڵاتی «ڕێکخراوی جینۆمی مرۆیی» پێدرا له وڵاتی سویسرا.

٧. ساڵی ٢٠١٧ خەڵاتێکی زانستی وەرگرت له شاری بەرشەلۆنەی وڵاتی ئیسپانیا.

جگه لەو خەڵاتانه خاوەنی شەش خەڵاتی تری زانستییه.

بەهەم و بڵاوکراوه زانستییەکانی:

- خاوەنی ٣ کتێبی زانستییه.
- بەشداریی له نوسینی ٢ کتێبی تری زانستییدا (Chapters in Books) کردووه.
- بەشداریی زیاد له ٦٠ کۆنفرانسی زانستیی کردووه، له وڵاتانی: ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، میسر، فلیپین، یۆنان، فەرەنسا، یوگسلافیا، یابان، سعودیه، تونس، تورکیا، سویسرا، ئیسپانیا.
- خاوەنی ٣٢٠ توێژینەوەی زانستییه.
- بەرهەم و بڵاوکراوه زانستییەکانی هەتا ئێستا ٨٥٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.http://www.nshg-society.eg.net/pdf/cv/samia.pdf
2.https://scholar.google.com/citations?user=tehCsv8AAAAJ&hl=en

[١٥]

موحەمەد موستەفایزور ڕەحمان

MD. MUSTAFIZUR RAHMAN

سالی ١٩٩٤ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی میکانیک لە وڵاتی بەنگلادیش لە زانکۆی Bangladesh University of Engineering and Technology تەواوکردووە. سالی ١٩٩٦ ماجستێری لە ئەندازیاریی میکانیک لە وڵاتی بەنگلادیش لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە. سالی ٢٠٠٧ دکتۆرای لە ئەندازیاریی میکانیک و مادەکان لە وڵاتی مالیزیا لە زانکۆی Universiti kebangsaan Malaysia تەواوکردووە. سالی ٢٠٠٩ بووەتە پرۆفسیۆری یاریدەدەر. سالی ٢٠١٣ بووەتە پرۆفسیۆری تەواو. ئێستایش پرۆفیسۆرە لە زانکۆی Universiti Malaysia Pahang لە فاکەڵتیی ئەندازیاریی میکانیکدا.

- سەرپەرشتیی ١١ خوێندکاری ماجستێر و ٨ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- ئەندامبووە لە جێبەجێکردنی ٤١ پرۆژەی زانستییدا.
- سەرپەرشتیی ٢٢ پرۆژەی زانستیی تری کردووە.
- ئەندام و هاوەڵی ١٦ کۆمەڵەی زانستیی بووە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییدا.
- وەکو فێرکارێک بەشداریی لە ٣٦ کۆرس و خولی ڕاهێنان و پلان و فێرکردندا کردووە.
- ڕاوێژکار (Advisor) بووە لە هەردوو گۆڤاری زانستیی:

1.International Journal of Automotive and Mechanical Engineering (IJAME)

2.Journal of Mechanical Engineering and Sciences (JMES)

- یاریدەدەری سەرنوسەری سەرەکیی (ASSOCIATE EDITOR-IN-CHIEF) بووە لە گۆڤاری International Journal of Automotive and Mechanical Engineering.

- هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer)ی ئەم ٢٩ گۆڤارە زانستییە بووە:

1. Material Letters, Elsevier.
2. International Journal of Hydrogen Energy, Elsevier.
3. Energy Conversion and Management, Elsevier.
4. Applied Energy, Elsevier.
5. Renewable and Sustainable Energy Reviews, Elsevier.
6. Machining Science and Technology, Taylor and Francis.
7. IEEE Journal of Neural Networks, Elsevier.
8.Computational Modeling for Engineering and Sciences, USA.
9.International Journal of Fatigue, Elsevier.
10. Energy Policy, Elsevier Reviewer.
11. Engineering Science and Technology: an International Journal.
12. Journal of Applied Science and Engineering Technology, USA.
13. International Journal of Natural Sciences and Engineering, Turkey.
14. Journal of Applied Sciences.
15 .Asian Journal of Applied Sciences.
16. Asian Journal of Scientific Research.
17. Asian Journal of Materials Sciences.
18 .Trends in Applied Sciences Research, USA.
19 .International Journal of Engineering, Iran.
20. Physical Science International Journal.
21. IIUM Engineering Journal, Malaysia.
22 .Journal of Basic and Applied Research international.
23. International Journal of Mechanical and Materials Engineering, Malaysia.
24. International Journal of Acoustics and Vibration, USA.
25. Journal of Engineering, Design and Technology, Emerald.
26 .Journal of Petroleum Technology and Alternative Fuels.
27. African Journal of Biotechnology.
28. Journal of Engineering Science and Technology (JESTEC), Malaysia.
29. UTM Journal of Mechanical Engineering.

– هەروەها Reviewerی ئەم داتابەیسە زانستییەیشە: World Scientific and Engineering.
– ئەندامی دەستەی سەرنوسەران (Editorial Board)ی ئەم هەشت گۆڤارە زانستییەیە:

1.International Journal of Vehicle structure and Systems
2.Journal of Control Engineering and Technology.
3.International Journal of Research in Engineering and Technology (IJRET).
4.Journal of Applied Sciences.
5.International Journal of Computational Engineering Research.
6.International Journal of Mechanical Engineering (IJME).
7.Scientific Journals International (Electrical, Mechanical, Manufacturing, Aerospace Engineering).
8.International Journal of Mechanical Engineering and Research (IJMER).

– بەشداریی زیاد لە ١٠٠ کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و پانێل و سیمپۆزیەمی زانستیی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا وەکو Speaker, Chairman, Member, Cordinator, Advisor کردووە.
– خاوەنی ٥٥ خەڵاتی زیویی و بڕۆنز و ئاڵتونیی زانستییە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

– بەشداریی لە نوسینی ٥ کتێبی زانستیی (Book chapter) کردووە.
– بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ١٥٢ کۆنفرانس (conference paper) کردووە.
– خاوەنی ٢٦٩ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەکاندا.
– توێژینەوەکانی هەتا ئێستا ٧١٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://fkm.ump.edu.my/images/CV2015/Md_Mustafizur_Rahman_Prof_Dr.pdf
2.https://scholar.google.com/citations?user=sZKxzm8AAAAJ&hl=en

[١٦]

مەنال عەواد Manal A. AWAD

سالّی ١٩٨٣ بەکالۆریۆسی لە نەشتەرگەریی ددان لە فاکەڵتیی پزیشکیی ددان، لە زانکۆی ئەسکەندەریەی وڵاتی میسر تەواوکردووە. سالّی ١٩٨٩ ماجستێری لە تەندروستیی گشتیی ددان لە زانکۆی ئەلبێرتەی کەنەدا تەواوکردووە. سالّی ٢٠٠١ دکتۆرای لە تەندروستیی گشتیی ددان و دەمارناسیی کرداریی، لە فاکەڵتیی پزیشکیی ددان لە زانکۆی McGill University لە کەنەدا بەدەستهێناوە. سالّی ١٩٨٤_١٩٨٦ دکتۆری گشتیی ددان بووە لە کلینیکیی ددانی Sidi Gaber لە ئەسکەندەریەی وڵاتی میسر. سالّی ١٩٨٧_١٩٨٩ مامۆستا و توێژەری یاریدەدەر بووە لە فاکەڵتیی پزیشکیی ددان لە زانکۆی ئەلبێرتەی کەنەدا. سالّی ١٩٩٨_١٩٩٩ مامۆستا بووە لە فاکەڵتیی پزیشکیی ددان لە زانکۆی Ajman ی وڵاتی ئیمارات.

سالّی ٢٠٠٢_٢٠٠٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە کۆلێژی زانستی تەندروستیی زانکۆی شارەجای ئیمارات. سالّی ٢٠٠٥_٢٠٠٨ وەکو پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی پزیشکیی ددان بووە، لە هەمان زانکۆ. سالّی ٢٠٠٧یش وەکو پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە فاکەڵتیی پزیشکیی ددان، لە وڵاتی کەنەدا بووە لە زانکۆی

McGill University. ساڵی ٢٠٠٩_٢٠١٢ دەبێتە سەرۆکی بەشی پزیشکیی گشتیی ددان، لە زانکۆی شارەجای ئیمارات. ساڵی ٢٠١٣_٢٠١٥ سەرۆکی سەنتەری تەندروستیی دەمودان بووە، لە کۆلێژی پزیشکیی ددان لە زانکۆی شارەجای ئیمارات. ساڵی ٢٠١٥ بووەتە پرۆفیسۆر و سەرۆکبەشی خۆپارێزیی و پشکنین لە بواری پزیشکیی ددانا.

– بەشداریی لە ١١ پرۆژەی توێژینەوەی نیشتیمانیی کردووە، کە بە سەدان هەزار دۆلاریان تێچووە لە وڵاتانی تورکیا و کەنەدا و ئیمارات، لە بواری نەخۆشییەکانی دەمودان و شەویلگە و شەکرەی جۆری دوو و شێرپەنجەی مەمک و دڵ و شەکرە.

- هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer) بووە لە هەر یەك لەم گۆڤارانەدا:

1.British Medical Journal.
2.Community Dentistry and Oral Epidemiology Journal.
3.Health Education and Research Journal.
4.Journal of Dental Research.
5.Patient Education and Counsel Journal.
6.Evidence Based Dental Practice.
7.Journal of Oral Rehabilitation.
8.Journal of the America Medical Association.

- ئەندامی بۆردی سەرنوسەران (Editorial Board Member) بووە لەم گۆڤارانەی خوارەوەدا:

1. Community Dentistry and Oral Epidemiology Journal (2011_2008)
2.Journal of Dental Research (2008_2006)
3.Canadian Dental Association Journal (2008)
4.International Journal of Oral Sciences (China) (2008)
5.ISRN Dentistry (India) (2012_2010)

– لە بۆردی راوێژکاریی زانستیی (SCIENTIFIC ADVISORY BOARD)ە لە گۆڤاری زانستیی JDR Clinical & Translational Research.

– خاوەنی ٨ خەڵاتی زانستییە لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانیی.

بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی:

- خاوەنی دوو چاپتەری كتێبە (Book chapter).

بەشداریی لە ٣٤ كۆنفرانسی زانستیی كردووە بە توێژینەوە لە وڵاتانی عەرەبستان و كەنەدا و بەریتانیا و بەرازیل و ئیسپانیا.

- خاوەنی ٩٣ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەكاندا.

- بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی هەتا ئێستا ٦٠٠٠ جار وەكو سەرچاوەی زانستیی بەكارهێنراون (Citations).

سەرچاوەكان:

1.https://www.sharjah.ac.ae/en/academics/Colleges/dentistry/dept/gsdp/Documents/CVs/Manal%20AWAD%20updated%20CV%202017.pdf

2.https://us.sagepub.com/en-us/nam/jdr-clinical-translational-research/journal202505

3.https://scholar.google.com/citations?user=CqhiDawAAAAJ&hl=en

[١٧]

عەبدوڵلەتیف حوسێنیی Abdullatif Husseini

بە ڕەچەڵەک خەڵکی وڵاتی ئەردەنە، بەڵام لە فەلەستین دادەنیشێت و لە زانکۆی Birzeit University, Palestine وانە دەڵێتەوە. ساڵی ١٩٨٦ بەکالۆریۆسی لە زانستی تەکنەلۆجیای پزیشکیی لە وڵاتی فەلەستین بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٩٠ ماجستێری لە زانستی ژیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە Indiana StateUniversity بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٩٥ ماجستێرێکی تری لە تەندروستیی گشتیی لە کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی وێلز لە وڵاتی بەریتانیا بەدەستهێناوە. ساڵی ٢٠٠٢ دکتۆرای لە زانستی تەندروستیی پارێزگاریی نەخۆشیی لە زانکۆی ئۆسلۆی وڵاتی نەرویج بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٩٢_١٩٩٦ لە تاقیگەی زانستیی پزیشکیی لە Ramallah Community College-UNRWA Women بووە. ساڵی ٢٠٠٢_٢٠٠٣ سەرۆکی بەشی ماجستێری تەندروستیی گشتیی بووە. ساڵی ٢٠٠٢_٢٠٠٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە پەیمانگای پزیشکیی کۆمەڵ و تەندروستیی گشتیی لە زانکۆی Birzeit University. ساڵی ٢٠١٠_٢٠١١ سەرۆکی پەیمانگای پزیشکیی کۆمەڵ و تەندروستیی گشتیی بووە لە زانکۆی Birzeit University. ساڵی ٢٠١٤_٢٠١٥ سەرۆکی لیژنەی ئەکادیمیی و پرۆگرامی بەکالۆریۆسی زانستی گشتیی بووە، لە بەشی زانستی تەندروستیی زانکۆی قەتەر. ئێستایش پرۆفیسۆری تەندروستیی گشتییە لە زانکۆی Birzeit University.

- له لایەن هەر یەك لەم ڕێکخراو و دەزگایانەوە خەڵات، یان هاوەڵی پێدراوە:

1.1995 Scholarship, British Council, UK.

2.1996 Norwegian government Quota scholarship

3.1998 Nominated for the Who's Who in the World.

4.2001 Palestinian American Research Center (PARC) fellowship

- ئەندامبووە لە هەر یەك لەم شوێنانە:

1.Member, International Epidemiology Association (IEA), 2009.

2.Member, the Oxford Health Alliance (OHA).

3.Member, the International Development Evaluation Association (IDEAS), 2006.

4.Nominated by Birzeit University to the Palestine Academy of Science

- هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer) بووە لە هەر یەك لەم گۆڤارە زانستییانە:

1.Social Science & medicine

2.Diabetologia.

3.European Journal of Public Health. 4.Obesity Research

5.BMC Public Health.

6.Aids & Behavior.

7.Eastern Mediterranean health Journal.

8.Saudi Medical Journal.

- زیاد لە ٤٠٠٠ وانەی گوتووەتە لە بوارەکانی:

1.Public Health.

2.Research methods.

3.Classification of Diseases.

4.Biostatistics.

5.Epidemiology.

6.Social and Behavioral sciences.

7.Thesis

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە ١٨ کۆنفرانس و سیمپۆزیەمی زانستیی کردووە.
- بەشداریی لە نوسینی ٤ کتێبی زانستیی (Book chapter) کردووە.
- بەشداریی لە نوسینی دوو مەوسوعەدا کردووە، ئەوانیش:

1.Encyclopedia of Environment & Society.SAGE Publications.2007

2.Encyclopedia of Global health: prevalence, birth rate,endemic, & laboratory tests. SAGE Publications.2007

- خاوەنی ١٣٥ توێژینەوەی زانستییە.
- تا ئێستا بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی ٦٥٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://www.birzeit.edu/sites/default/files/staffattachments/cv_abdullatif_husseini_nov_2016_0.pdf

2.https://scholar.google.com/citations?user=c1LeSzgAAAAJ&hl=en

[١٨]

جاكى يى ڕو ینگ Jackie Yi-Ru Ying

پێشتر مسوڵمان نەبوو، دواتر مسوڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند، ئێستایش لە ناو کۆمەڵگەدا کەسێکی چالاکە، لەپێناو ئەو ئاینەی هەڵیبژاردووە. یەکێکە لە بانگخوازەکان لەژێر پرۆژەی Mendaki's Project Protégé کە ڕێپیشاندەر و ئاموژگارییەکەری گەنجانی مسوڵمانە و هانیاندەدات بۆ زانست هەر وەکو چۆن جاکی هاندراوە لە لایەن ماموستاکانیەوە. ساڵی ١٩٦٦ لە شاری تایپی وڵاتی تایوان لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ خێزانەکەیدا چوونەتە وڵاتی سەنگافورە و لە قوتابخانەی Raffles Girls' School خوێندوویەتی. لە تەمەنی ١٥ ساڵییدا لەگەڵ خێزانەکەیاندا چوونەتە شاری نیۆرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی ١٩٨٧ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی کیمیا لە زانکۆی کۆپەرینیۆن لە شاری نیۆرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٨ ماجستێری لە ئەندازیاریی کیمیا لە Princeton University لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩١ دکتۆرای لە ئەندازیاریی کیمیادا لەPrinceton University لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٢_٢٠٠٥ وەکو پرۆفیسۆر لە پەیمانگای Massachusetts ی تەکنەلۆجیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریکردووە. لە تەمەنی ٣٥ ساڵیی بووەتە پرۆفیسۆر، کە یەکێک بوو لە گەنجترین پرۆفیسۆرەکانی پەیمانگاکە. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی سەنگافورە

سالی ٢٠٠٣_ ٢٠١٨ سەرۆکی جێبەجێکار و دامەزرێنەری پەیمانگای ئەندازیاریی زیندەزانیی و نانۆتەکنەلۆجیا(IBN) Institute of Bioengineering and Nanotechnology بووە لە سەنگافورە، کە لەو پەیمانگایە سەپەرشتیی ٦٨٥ داهێنانی زانستیی کردووە. هەروەها زیاد لە ١٢٦٠ پەیپەری زانستیی لە لایەن ئەو پەیمانگایەوە بڵاوکراوەتەوە. تیایدا ڕاهێنانی بە ١٢٢ خوێندکاری دکتۆرا کردووە. هەروەها ١٥٠ ستافی توێژینەوەیان تێدا گەشەپێداوە و دروستکردووە. هەروەها ١٠٣ خوێندکار و مامۆستا لە قوتابخانە و زانکۆکان بەشداریی چالاکییە زانستییەکانیان کردووە. تیمە زانستییەکەیان ڕێنمونیی ٢٥٠٠ خوێندکار دەکات، هەموو کاتێک لە توێژینەوەی نەخۆشخانەکان بە لایەنی کەمەوە خولی بۆماوەی یەک مانگە. لە ساڵی ٢٠١٨وە بەرپرسی تاقیگەی NanoBioیە لە سەنگافورە. دامەزرێنەر و ئەندامی بۆردی ١١ ناوەندی لێکۆڵینەوە و زانستیی بووە. سەرنوسەری سەرەکیی (Editor-in-chief) گۆڤاری زانستیی (Nano Today)بووە، کە لە لایەن بڵاوکاری بەناوبانگ (Elsevier)ەوە دەردەچێت و (Impact factor)ی ١٧.٤ بوو، بەڵام ئێستا خانەنشین بووە. سەرنوسەری ڕاوێژکار (Advisory Editor) بووە لە گۆڤارەکانی:

1.Materials Today.

2.Molecular.

3.Supramolecular Science.

بۆردی سەرنوسەران (Editorial Board) بووە لەم گۆڤارە زانستییانەدا:

1.Journal of Porous Materials.

2.Nanoparticle Science and Technology.

3.Journal of Metastable and Nanostructured Materials.

4.Journal of Experimental Nanoscience, Biomolecular.

5.Frontiers, International Journal of Molecular Engineering.

6.Wiley Interdisciplinary Reviews: Nanomedicine and Nanobiotechnology.

7.Materials Science and Engineering C: Materials for Biological Applications.

8.Journal of Biomedical Nanoscience and Nanotechnology.

9.Nano Research.

10.Cambridge Series in Chemical Engineering.

11.Macromolecular Bioscience, Biomicrofluidics.

12.The Open Catalysis Journal.

13.Nano: Letters and Reviews.

14.Nanoscience and Nanotechnology – Asia.

15.American Journal of Nuclear Medicine and Molecular Imaging.
16.NanoEnergy.
17.Nano Energy and Nano Environment.
18.Journal of Molecular and Engineering Materials.
19.Biomaterials Science.
20.Trends in Molecular Medicine.
21.Materials Horizons.
22.ACS Sustainable Chemistry & Engineering.
23.Applied Materials Today.
24.Bioengineering and Translational Medicine.
25.Journal of Emerging Infectious Diseases

٢٤ خەڵات و ڕێزلێنانی زانستیی پێدراوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی و ناوچەیی.
لە ساڵی ٢٠١٥دا خەڵاتێکی زانستیی بردەوە کە خەڵاتی Mustafa prize پێدەڵێن کە بڕی ٥٠٠ هەزار دۆلار بوو، پێیدرا.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە ٤٤٠ کۆنفرانسی زانستیی کردووە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییدا.
- کتێبێکی زانستیی هەیە بە ناوی Nanostructured Materials.
- خاوەنی زیاد لە ٢٤٠ پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- هەتا ئێستا خاوەنی ٣٥٦ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوەکانی زیاد لە ٣٠٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

لە گوتەیەکیدا جاکی دەڵێت: «بۆ من ئەمە پیشەیەک نییە، بەڵام گەشتێکی دژوارە، دەرفەتێکە بۆم ڕەخساوە بەهۆیەوە فێری زۆر شتی جیاواز ببم و بەجێیانبهێنم، بڕێکی گەورەی گەشەکردن هەیە، کە جێی دڵخۆشییە. تەنانەت ئەو کاتانەی کە شتەکان بە ڕێکیی نارۆن من درێژەدەکێشم، چونکە من زانستم خۆشدەوێت و ئەویش دەیەوێت ئەم جیاوازییە دروستبکات»

خەڵاتی ئەکادیمیای NAI لە حەوتەمین کۆنفرانسدا، ساڵی ٢٠١٨ واشنتۆن.

خەڵاتی Mustafa prize ساڵی ٢٠١٥ ئێران

خەڵاتی ئەکادیمیای تورکی بۆ زانست(TÜBA) لەلایەن سەرۆك کۆماری تۆرکیا ڕەجەب تەیب ئۆردوغان، ساڵی ٢٠١٨ تورکیا.

سەرچاوەکان:

1.https://www.leopoldina.org/fileadmin/redaktion/Mitglieder/CV_Ying_Jackie_Yi-Ru_EN.pdf
2.https://web.archive.org/web/20171209130333/http://www.ibn.a-star.edu.sg/pdf/JackieYing_Bio.pdf
3.https://www.journals.elsevier.com/nano-today/editorial-board/professor-jackie-yi-ru-ying
4.https://patents.justia.com/inventor/jackie-y-ying?page=13
5.https://www.journals.elsevier.com/nano-today/editorial-board/professor-jackie-yi-ru-ying
6.https://academictree.org/chemistry/publications.php?pid=72626&searchstring=&showfilter=all
7.https://www.elsevier.com/books/nanostructured-materials/bischoff/978-0-12-008527-9
8. https://mustafaprize.org/page/?id=19
9.https://www.a-star.edu.sg/nbl/news/bulletin/news/announcements/prof.-jackie-ying-inducted-as-us-national-academy-of-inventors-fellow
10.https://www.a-star.edu.sg/nbl/news/news/press-releases/prof.-jackie-ying-receives-2018-turkish-academy-of-sciences-prize

[١٩]

شەفیقور ڕەحمان Shafiqur Rehman



سالّی (١٩٧٤_١٩٧٧) لە زانکۆی Aligarh Muslim University, Aligarh, U.P., India بەکالۆریۆسی لە فیزیادا تەواوکردووە. سالّی (١٩٧٧_١٩٨١) بەکالۆریۆسێکی تری لە ئەندازیاریی میکانیکدا لە Aligarh Muslim University, Aligarh, U.P., India تەواوکردووە. سالّی (١٩٨٣_١٩٨٥) ماجستێری لە ئەندازیاریی میکانیکدا لە Aligarh Muslim University, Aligarh, U.P., India تەواوکردووە. سالّی (٢٠٠٩_٢٠١٢) دکتۆرای لە ئەندازیاریی میکانیک و هەوادا لە University of Pretoria, Pretoria, South Africa تەواوکردووە. سالّی (١٩٨١_١٩٨٢) ئەندازیاریی دیزاینەر بووە، لە شاری نیودێلهی وڵاتی هندستان. سالّی (١٩٨٢_١٩٨٥) توێژەری یاریدەدەر بووە، لە بەشی ئەندازیاریی میکانیکدا لە زانکۆی مەلیک فەهد بۆ نەوت و مادەکان لە وڵاتی سعودیە. سالّی (١٩٩١_١٩٩٩) ئەندازیار بووە لە پەیمانگای توێژینەوە، لە زانکۆی مەلیک فەهد بۆ نەوت و مادەکان لە وڵاتی سعودیە. ئێستایش هەم وەکو پرۆفیسۆری یاریدەدەر، هەم وەکو توێژەرێکی بواری ئەندازیاریی دەستبەکارە لە King Fahd University of Petroleum and Minerals (KFUPM).

- ئەندامی ١٧ ڕێکخراو و کۆمەڵەی زانستییە، لە سەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییدا.

- خاوەنی ١٠ خەڵاتی زانستییە لە سەر ئاستی ناوخۆ و جیهانییدا.

- لەپێناو خزمەتکردنی زانست و بەرەوپێشبردنی زانستدا سەردانی ٢٢ وڵاتی کردووە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە بریتیین لە (چین، ئەڵمانیا، کەنەدا، سویسرا،

ئیرلەنەدا، ئەمریکا، سوید، باشووری ئەفریقا، ئیمارات، دانیمارک، بەریتانیا، کوەیت، سوریا، قەتەر، بەنگلادیش، تورکیا، میسر، ئەردەن، پاکستان، سریلانکا، نەرویج).

- ئەندامی بۆردی بەڕێوەبردنە لە گۆڤاری زانستیی International Journal of Renewable Energy Technology published by Inderscience Publishers.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی دوو پاکانەی داهێنان (patents)ی تۆمارکراوی زانستییە.
- خاوەنی ١٠٣ ڕاپۆرتی تەکنیکییە.
- سەرپەرشتیی ١٢ پڕۆژەی ئەندازیاریی کردووە.
- بەشداریی ٧٨ کۆنفرانسی کردووە بە توێژینەوەی زانستیی، لە سەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییدا.
- خاوەنی ١٩٠ توێژینەوەی زانستییە.
- بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ١١٥٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://kfupm.academia.edu/ShafiqurRehman/CurriculumVitae
2.https://sites.google.com/site/srehman3198/academics
3.https://sites.google.com/site/srehman3198/publications/research-papers-published-in-refereed-journals
4.https://sites.google.com/site/srehman3198/publications/papers-presented-and-published-in-international-conferences
5.https://sites.google.com/site/srehman3198/publications/technical-reports
6.https://sites.google.com/site/srehman3198/countries-visited
7.https://sites.google.com/site/srehman3198/awards-and-recognitions
8.https://patents.justia.com/inventor/shafiqur-rehman
9.https://scholar.google.com/citations?user=CKNW9PAAAAAJ&hl=en

[٢٠]

شەیما ئەبو زەید Shimaa Abu Zeid

لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٤ـە لە وڵاتی میسر. ساڵی ٢٠٠١_٢٠٠٥ بەکالۆریۆسی لە زانستی فیزیا لە زانکۆی عەین شەمس لە وڵاتی میسر تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٨_٢٠١١ ماجستێری لە بواری فیزیای ناوەکیی لە زانکۆ عەین شەمس لە وڵاتی میسر تەواوکردووە. ساڵی ٢٠١٣_٢٠١٨ دکتۆرای لە بواری فیزیای ناوەکیی لە زانکۆی عەین شەمس لە وڵاتی میسر تەواوکردووە. هەروەها خاوەنی دکتۆرایەکی تریشە لە بواری Elementary particle physic لە زانکۆی Vrije Universiteit Brussel لە وڵاتی بەلجیکا. ساڵی ٢٠١٧_٢٠١٨ مامۆستای یاریدەدەر بووە، لە زانکۆی عەین شەمس. لە ساڵی ٢٠١٨ ەوە دەبێتە مامۆستای تەواو لە زانکۆی عەین شەمس. لە ئێستادا پرۆفیسۆری یاریدەدەرە و سەرقاڵی بەدەستهێنانی پۆستدکتۆرایە لە Zewail city of science and technology.

ئەندامی ڕێکخراوی»CERN«ە، کە ڕێکخراوێکی ئەوروپیی بواری توێژینەوەی فیزیای ناوەکییە، یەکێکە لە ڕێکخراوە گەورەکانی توێژینەوەی زانستیی لە جیهاندا لە بواری فیزیا و تەکنەلۆجیادا.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- کتێبێکی زانستیی بە ناونیشانی Search for top quark flavour changing neutral coupling with the CMS experimennt at the LHC ەوە هەیە.

- ئەگەرچی تەمەنی کەمە، بەڵام هەتا ئێستا خاوەنی ٥١٤ توێژینەوەی زانستییە.

- بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٣٩٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://orcid.org/0000-0002-0820-0483

2.https://eg.linkedin.com/in/shimaa-abu-zeid-8400b053

3.https://inspirehep.net/literature?sort=mostrecent&size=25&page=21&q=shimaa%20abu%20zeid

4.https://scholar.google.com/citations?user=GRYt34QAAAAJ&hl=en

[٢١]

ئوغور شاهین Ugur Sahin



سەرپەرشتییکار و دۆزەرەوەی ڤاکسین (پێکوتە)ی ڤایزەر (pfizer)ی کۆرۆنای کۆڤید١٩یە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٥ە لە وڵاتی تورکیا. لە تەمەنی سێ ساڵییەوە لەگەڵ خێزانەکەیان چوونەتە وڵاتی ئەڵمانیا. ساڵی ١٩٩٠ بەکالۆریۆسی لە پزیشکیی نەشتەرگەریی لە University of Cologne لە وڵاتی ئەڵمانیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩١_١٩٩٢ وەکو پزیشکی نیشتەجێ کاریکردووە لە بواری هەناویی لە هەردوو سەنتەری نەخۆشییەکانی شێرپەنجەی خوێن، نەخۆشیی ئایدز، لە هەردوو زانکۆی University of Cologne و University of Homburg لە وڵاتی ئەڵمانیا. ساڵی ١٩٩٣ دکتۆرای لە هەمان زانکۆ لە بواری immunotherapy in tumor cells لە زانکۆی University of Cologne لە وڵاتی ئەڵمانیا تەواوکردووە. لە ساڵی ٢٠٠١_٢٠٠٨ەوە سەرۆکی گرووپی توێژینەوە بووە لە زانکۆی Johannes Gutenberg University, Mainz لە وڵاتی ئەڵمانیا. دامەزرێنەری پەیمانگای TRON بووە لە ساڵی ٢٠١٠، The trnslational research institute TRON لە وڵاتی ئەڵمانیا. لە ساڵی ٢٠٠٣_٢٠١٥ سەرۆکی سەنتەری ڤاکسینی وەرەم بووە، لە بەشی پزیشکیی هەناویی نەخۆشییەکانی خوێن و شێرپەنجە، لە سەنتەری پزیشکیی زانکۆ، لە Johannes Gutenberg University, Mainz لە وڵاتی ئەڵمانیا. ساڵی ٢٠٠٦_٢٠١٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە Johannes Gutenberg University, Mainz لە وڵاتی ئەڵمانیا. ئێستایش پرۆفیسۆری بواری زانستی بەرگریی لەشە لە ئەڵمانیا لە زانکۆی Johannes Gutenberg University, Mainz لە وڵاتی ئەڵمانیا.

- خاوەنی ١٧ خەڵات و ڕێزلێنانی زانستییە، لە ناویاندا خەڵاتی (Mustafa Prize) کە ساڵی ٢٠١٩ وەریگرت، بڕەکەی ٥٠٠ هەزار دۆلار بوو.

ساڵی ٢٠٠٨ ئوغور شاهین و هاوسەرەکەی بە ناوی Özlem Türeci لەگەڵ زانای ئوستراليی Christoph Hubert Huber کۆمپانیای (بایۆنتیک BioNtech)یان لە وڵاتی ئەڵمانیا لە شاری Mainz دامەزراند، کە کۆمپانیایەکی بواری بایۆتەکنەلۆژیایە. ڤاکسین(پێکوتە)ی ڤایزەر(pfizer)ی کۆرۆنای کۆڤید١٩ کە لە نێوان هەردوو کۆمپانیای ئەڵمانیی (بایۆنتیکBioNtech) و کۆمپانیای ئەمریکیی (فایزەرPfizer) بەرهەمهاتووە و دروستکراوە. کۆمپانیای ئەڵمانیی بایۆنتیک BioNtech بە سەرپەرشتیی بەڕێوبەری جێبەجێکار ئوغور شاهین، هەروەها کۆمپانیای ئەمریکیی فایزەر Pfizer بە سەرپەرشتیی ئەلبێرت بۆورلا Albert Bourla یە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ٣٥٨ پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- خاوەنی زیاد لە ٣٦٦ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوە و داهێنانەکانی هەتا ئێستا ٣٤٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

خەڵاتی سەرۆکی ئەڵمانیا بۆخۆی و هاوسەرەکەی لە بەرامبەر هەوڵ و ماندووبونیان لە دۆزینەوەی ڤاکسین دژی کۆرۆنا کۆڤید١٩ .

خەڵاتی Mustafa prize وڵاتی ئێران ساڵی ٢٠١٥.

سەرچاوەکان:

1.https://www.sfb1399.de/research/principal-investigators/prof-dr-med-ugur-sahin
2.http://iscoms.com/prof-mario-r-capecchi-phd-2/
3.https://mustafaprize.org/page/?id=1022
4.https://patents.justia.com/inventor/ugur-sahin?page=17
5.https://www.nature.com/articles/s41586-020-2814-7
6.https://www.nejm.org/doi/full/10.1056/nejmoa2034577
7.https://www.aa.com.tr/en/europe/germany-honors-turkish-vaccine pioneers/2181730#
8.https://scholar.google.com/citations?user=MzVQ-OMAAAAJ&hl=en

[٢٢]

ئیمان ئەمین باشیتی Iman Amin Basheti

سالّی ١٩٩٩ بەکالۆریۆسی لە پزیشکیی دەرمانسازیی لەApplied Science Private University, Amman, Jordan تەواوکردووە. سالّی ٢٠٠٠_٢٠٠٢ ماجستێری لە پزیشکیی دەرمانسازیی لە University of Sydney, Australia تەواوکردووە. سالّی ٢٠٠٢_٢٠٠٧ دکتۆرای لە پزیشکیی دەرمانسازیی لە University of Sydney, Australia تەواوکردووە. سالّی ٢٠٠٩ هەتا ٢٠١٢ وەکو پرۆفیسۆری یاریدەدەر دەستبەکاردەبێت لە بواری Clinical Pharmacy لە زانکۆی University of Sydney, Australia. لە سالّی ٢٠١٤وە دەبێتە پرۆفیسۆر لە هەمان زانکۆ، هەر لەو سالّەدا دەبێتە سەرۆکی بەشی پزیشکیی دەرمانسازییUniversity of Sydney, Australia، هەتا ئێستا سەرپەرشتیی ٢٤ خوێندکاری ماجستێر و دکتۆرای کردووە.

ئەندامێتیی:

١. ئەندامی ئەکادیمیای زانستی نیۆرک بووە.
٢. ئەندامی کۆمەڵی ئوسترالیا بووە لە بواری کلینیکیی و تاقیگەیی پزیشکیی دەرمانسازیی.
٣. ئەندامی کۆمەڵەی زانستی دەرمانسازیی ئوسترالیا بووە.

- خاوەنی ١١ خەڵاتی زانستییە کە زیاتر لە وڵاتی ئوسترالیا پێیدراوە.
- خاوەنی ٧ گرانتی توێژینەوەیە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە نوسینی ٢ کتێبی زانستییدا (Book Chapter) کردووە.
- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ٨٩ کۆنفرانسی زانستیی کردووە.
- خاوەنی ١٣٤ توێژینەوەی زانستییە.
- تەواوی بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٢١٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

خەڵاتی حوکمەتی نەیجیریا بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی Applied Science Private University ساڵی ٢٠٢١

سەرچاوەکان:

1.https://www.asu.edu.jo/en/Pharmacy/dr_iman/Documents/Dr._Iman_Amin_Basheti%20website%20CV6.pdf

2.https://www.asu.edu.jo/en/Pharmacy/dr_iman/Pages/Personal-Information.aspx

3.https://www.sunnewsonline.com/fg-to-partner-jordanian-university-on-advance-technology-rev-pam-ncpc-boss/

4.https://scholar.google.com/citations?user=hI1uz4oAAAAJ&hl=en

[٢٣]

Muhammad Ayub محەمەد ئەیوب



لەدایکبووی ٢/ ١٠/ ١٩٥٩ی وڵاتی پاکستانە. بەکالۆریۆسی لە زانستی بیرکارییدا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٢ ماجستێر هەر لە هەمان بواردا تەواودەکات. ساڵی ١٩٨٥ ماجستێرێکی تر تەواودەکات. ساڵی ١٩٩٢ دکتۆرای بەدەستهێناوە. ساڵی ٢٠٠٢ پۆستدکتۆرایش لە University of Illinois at Chicago, USA تەواودەکات. لە ساڵی ١٩٨٤ هەتا ساڵی ١٩٩٤ مامۆستا بووە لە Punjab Education Deptt., Govt. of Pujab. لە ساڵی ١٩٩٤ دەبێتە پرۆفیسۆری یاریدەدەر. لە ساڵی ١٩٩٤ هەتا ساڵی ٢٠٠٥ وەکو پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە Deptt. Of Maths., Quaid-i-Azam University, Islamabad. دەستبەکاردەبێت. لە ساڵی ٢٠٠٥ دەبێتە پرۆفیسۆری تەواو. لە ٢٠١١ەوە هەتا ئێستا وەکو پرۆفیسۆری بواری بیرکاریی لە Deptt. of Math., Quaid-I-Azam University, Islamabad. دەستبەکارە.

- هەتا ئێستا ٦٦ خوێندکاری ماجستێری هەبووە.
- هەروەها ١٥ خوێندکاری دکتۆرای هەبووە.
- ئەندامی ٩ زانکۆ و کۆمەڵەی زانستیی بووە.
- ئەندامی دەستەی سەرنوسەران (Editorial Board) بووە لە گۆڤاری Applied Mathematics.

خەڵاتەکانی:

١. مەدالیای ئاڵتونیی لە لایەن ئەکادیمیای زانستیی پاکستان، لە ساڵی ١٩٩٧ پێدراوە.

٢. هەر لە لایەن ئەکادیمیای زانستیی پاکستان مەدالیای ئاڵتونیی لە ساڵی ٢٠٠٤ وەرگرت.

٣. خەڵاتی باشترین مامۆستای زانکۆی ساڵی ٢٠٠٤ پێدرا.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە ١٢ کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و سیمپۆزیەمی زانستیی کردووە.
- خاوەنی دوو کتێبی زانستییە بە ناونیشانەکانی:

1 .B. Noble-Methods Based on the Wiener-Hopf Technique for the Solution of Partial Differential Equations-Pergamon Press (1958)

2 .Complex Variables and Applications, 8th Edition James Brown, Ruel Churchill-McGraw-Hill Science_Engineering_Math (2008)

- خاوەنی ١٢٣ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوەکانی زیاد لە ٣٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://drive.google.com/file/d/0B-X6sVt0jJZFUDhDWW1kTEZ1Ykk/view

2.http://qau.academia.edu/MAyub

3.https://sites.google.com/a/qau.edu.pk/mayub/home

4.https://sites.google.com/a/qau.edu.pk/mayub/teaching

5.https://sites.google.com/a/qau.edu.pk/mayub/e-books-pdf

6.https://scholar.google.com/citations?user=hQpvuR4AAAAJ&hl=en

[٢٤]

نیک مریەم نیک سلێمان
NIK MERIAM BINTI NIK SULAIMAN

ساڵی ١٩٧٦ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی کیمیا لە وڵاتی ئوسترالیا لە زانکۆی UNIVERSITY OF NEW SOUTH WALES, AUSTRALI تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٨ ماجستێری لە زانستی کرداری جیبەجێکردن و کۆنترۆڵکردنی پیسبونی ژینگە لە وڵاتی ئوسترالیا لە زانکۆیUNIVERSITY OF NEW SOUTH WALES, AUSTRALIA تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٢ دکتورای لە ئەندازیاریی کیمیا لە بەریتانیا لە زانکۆی بێرمینگهام BIRMINGHAM UNIVERSITY, BIRMINGHAM, UK تەواوکردووە. پرۆفیسۆرە لە زانکۆی مالایەی وڵاتی مالیزیا، لە فاکەڵتیی ئەندازیاریی بەشی ئەندازیاریی کیمیا.

- سەرپەرشتیی ٣٥ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتیی ١٩ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- لە ٢٠٠٦ سەرۆکی ئەم پەیمانگایە بووە:

.Director, Institute of Research Management and Services, Deputy Vice Chancellor

- لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە ئەندامی بۆردە لە گۆڤاری

.Applied Membrane Science & Technology Journal

- لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆردی ڕاوێژکاریی بووە لە گۆڤاری

.Journal of Membrane Science & Technology, UTM Publisher

- لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆردی ڕاوێژکاریی بووە لە گۆڤاری
.Malaysian Journal of Chemical Engineering, UiTM & UPENA, Committee

- ئەندامی زیاد لە ١٠ کۆمەڵە و ناوەندی زانستیی بووە.

- خاوەنی ٢٨ خەڵاتی زانستییە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیی، لە ناو خەڵاتەکانیشدا Golden, Bronze, Silver هەن.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ٥ کتێبی زانستییە بە ناوەکانی:

1.Azizan Baharuddin & Nik Meriam Nik Sulaiman. (2016). Water governance in Malaysia. Kuala Lumpur, MALAYSIA: Asian Core Program (ACP)

2.Ab Latif, S., Abd Rahman, R., Md. Saad, N., Sulaiman, N.M. et al. 2010. Cleaner Production: A Do-It-Yourself Manual.Malaysia: Department of Environment.

3.Aroua, M.K, Sulaiman, N.M., Raman, A.A.A. and Mohamad Nor, I. 2003. Project on the Formulation of Emission Factors for Industrial Pollutants in Malaysia. Malaysia: Unit Perundingan Universiti Malaya (UPUM).

4.Sulaiman, N.M., Abdul Rahman, R. and Abdullah, A.G.L. 2002. Cleaner Technology. Course Module for Malaysian University Consortium for Environment and Development DANIDA.

5.Glossary on Petroleum Industry, Dewan Bahasa & Pustaka, 1995.

- بەشداریی لە نوسینی ٣ کتێبی تری زانستییدا (BOOK CHAPTER) کردووە.

- ١٤چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیی و ڕادیۆیی و ڕۆژنامەوانیی لەگەڵدا سازدراوە.

- بەشداریی لە دەیان سیمینار و وۆرکشۆپ و سیمپۆزیەمدا کردووە و لە هەندێکیاندا قسەکەر (Speaker) بووە.

- بە توێژینەوە بەشداریی لە ١٧٨ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.

- خاوەنی ١٥٠ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەکاندا.

- بەرهەمە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٥١٥٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://umexpert.um.edu.my/meriam.html#publication
2.https://scholar.google.com/citations?user=gWYcVB4AAAAJ&hl=en

[۲٥]

محەمەد ئیقباڵ چوزەریی Muhammad Iqbal Chaudhary

لە ۹/۱۱ /۱۹٥۹ لە شاری کاراچی پاکستان لەدایکبووە. ساڵی ۱۹۸۰ بەکالۆریۆسی لە زانستی کیمیا لە University of Karachi لە وڵاتی پاکستان تەواوکردووە. ساڵی ۱۹۸۳ ماجستێری لە کیمیای ئەندامیی لە هەمان زانکۆی وڵاتی پاکستان تەواوکردووە. ساڵی ۱۹۸۹ دکتۆرای لە کیمیای ئەندامیی لە H. E. J. Research Institute of Chemistry University of Karachi لە وڵاتی پاکستان تەواوکردووە. ساڵی ۱۹۸٥_۱۹۸٦ توێژەری یاریدەدەر بووە لە بەشی زانستی کیمیای زانکۆی پەنسلڤانیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاPennsylvania State University, University Park, USA. ساڵی ۱۹۸٦_۱۹۸۷ سەرپەرشتیاری توێژینەوە بووە لەH.E.J. Research Institute of Chemistry University of Karachi, Pakistan. ساڵی ۱۹۸۹ وەکو زانایەکی بواری کیمیا سەردانی هەر یەک لەم زانکۆیانەی کردووە:

* بەشی کیمیای پزیشکیی زانکۆی Purdue University لە وڵاتی ئەمریکا.
* بەشی کیمیای زانکۆی Cornell University لە وڵاتی ئەمریکا.

ساڵی ۱۹۸۸_۱۹۹٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لەH.E.J. Research Institute of Chemistry University of Karachi. لە ساڵی ۲۰۰۰ەوە دەبێتە پرۆفیسۆر لە H.E.J. Research Institute of Chemistry University of Karachi. لە ساڵی ۲۰۰۲ هاوسەرۆک بووە لە-Panjwani Center for Molecular Medicines and Drug Research Internation

له ساڵی .al Center for Chemcial and Biological Sciences University of Karachi
٢٠٠٢_٢٠٠٨ سەرۆک بووە لە International Center for Chemical and Biological
.Sciences H.E.J. Research Institute of Chemistry University of Karachi

وەکو پرۆفیسۆرێک سەردانی هەر یەک لەم زانکۆیانەی کردووە:

Al-Farabi Kazakh National University Kazakhstan.
Universiti Kebangsaan Malaysia (UKM) Malaysia.
Universiti Teknologi MARA (UiTM) Malaysia.
King Saud University (KSU) Riyadh, Saudi Arabia.
King Abdulaziz University (KAU) Jeddah, Saudi Arabia.
University of Rhode Island (URI) USA.
Universiti Malaysia Pahang Malaysia.
School of Healthcare Sciences at Manchester Metropolitan University, Mancheser UK.

لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە سەرۆکی ناوەندی نێودەوڵەتیی زانستی کیمیا و بایۆلۆجییە لە
International Center for Chemical and Biological Sciences H.E.J. Research Institute of Chemistry University of Karachi.

- سەرپەرشتیی ١٨ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
سەرپەرشتیی ٧٣ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- ئەندامە لە ٢٣ سەنتەر و کۆلێژی زانستیی، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا.
- ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن Editorshipە لە گۆڤارە زانستییە جیهانییەکانی:
١. لە Current Bioactive Compounds کە لە لایەن Publisherی Bentham Science بڵاودەکرێتەوە لە وڵاتی هۆڵەندا.
٢. لە Mini Reviews in Medicinal Chemistry کە لە لایەن Publisherی Bentham Science بڵاودەکرێتەوە لە وڵاتی هۆڵەندا.
٣. لە Natural Product Research کە لە لایەن Publisherی Bentham Science بڵاودەکرێتەوە لە وڵاتی هۆڵەندا.
- خاوەنی ١٥ خەڵاتی زانستییە لەسەر ئاستی ناوخۆ نێودەوڵەتییدا.
- یەکێک لە خەڵاتەکان خەڵاتی Mustafa prize بوو لە ساڵی ٢٠٢١ وەریگرت، کە بڕی ٥٠٠ هەزار دۆلار بوو.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ٦٢ پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- ٧٦ کتێبی زانستیی نوسیوە.
- بەشداریی لە نوسینی ٤٠ کتێبی تری زانستییدا (Book chapter) کردووە.
- خاوەنی ١١٧٥ توێژینەوەی زانستییە.
- بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٣٢٧٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

خەڵاتی 'Friendship Award' لە وڵاتی چین ساڵی ٢٠٢١.



وێنەی چەند دانەیەك لە كتێبەكانی:





















سەرچاوەکان:

1.https://www.uop.edu.jo/En/Academics/FacultyofArtsandSciences/DepartmentofChemistry/Documents/AdjunctProfessorChemistry/Iqbal%20Choudhary%20CV.pdf
2.https://www.iasworld.org/prof-muhammad-iqbal-choudhary/
3.https://www.iccs.edu/page-patent
4.https://mustafaprize.org/laureates2021
5.https://acenews.pk/china-to-give-friendship-award-to-a-pakistani-scientist/
6.https://scholar.google.com.pk/citations?user=hO-2EN0AAAAJ&hl=en

[٢٦]

ئیمان ڕۆقان Iman Roqan

لەدایکبووی ١٨/ ٥/ ١٩٧٦ە لە شاری مەککەی وڵاتی سعودیە. ساڵی ١٩٩٩ بەکالۆریۆسی لە زانستی فیزیادا لە زانکۆی Umm Al-Qura University تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٢ ماجستێری لە زانستی فۆتۆن و ئەلیکترۆن لە وڵاتی بەریتانیا لە زانکۆیHeriot-Watt University and University of St Andrews تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٨ دکتۆرای لە زانستی نیمچە گەیەنەرەکان و لێکۆڵینەوەی شەبەنگیی لە وڵاتی بەریتانیا لە زانکۆیUniversity of Strathclyde تەواوکردووە. ئێستایش پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لەKing Abdullah University of Science and Technology. ئەندامی بەشی زانستی فیزیایە لەKing Abdullah University of Science and Technology. ئەندامی ٩ کۆمەڵە و پەیمانگا و دامەزراوەی زانستییە. هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer) بووە لە ٢٢ گۆڤاری زانستیی نێودەوڵەتیی کە توێژینەوەی زانستییان تێدا بڵاودەکرێتەوە. وەکو کەسێکی ئەکادیمیی سەردانی هەر دوو زانکۆی Imperial College Londonی لە وڵاتی بەریتانیا و زانکۆی University of Strathclyde لە سکۆتلەندا کردووە. هەروەها وەکو ئەکادیمییەک میوانداریکراوە لە لایەن University of Marburg لە وڵاتی ئەڵمانیا.

خەڵاتەکانی:

- ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن دامەزراوەی نێودەوڵەتیی **Venus** خەڵاتی گەنجترین زانای وەرگرت، کە ئەو کات تەمەنی ٣٩ ساڵ بوو.

- خاوەنی خەڵاتی کۆمەڵەی مامۆستایانی فیزیای ئەمریکییە.

- خاوەنی خەڵاتی کۆمەڵەی فیزیای ئەمریکییە.

- چەند گرانتێکی توێژینەوەی وەکو خەڵات پێدراوە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە چەندین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی کردووە.

- خاوەنی ٧ پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.

- کتێبێکی زانستیی بە ناونیشانی Europium Doped Zinc Oxide Nanorods, Structural and Optical Properties نوسیوە.

- بەشداریی لە نوسینی کتێبێکی تردا کردووە.

- خاوەنی زیاد لە ١٠٠ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارە جیهانییەکاندا.

- بەرهەمە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٢٥٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://www.kaust.edu.sa/en/study/faculty/iman-roqan
2.http://viraw.info/ra15list/ra15/Iman.html
3.https://patents.justia.com/inventor/iman-s-roqan
4.https://www.amazon.com/Europium-Nanorods-Structural-Optical-Properties/dp/3659606731
5.https://plu.mx/kaust/u/kaustimansalemroqan?selectedFilterIds=artifactType.countType%3ACONFERENCE_PAPER
6.https://scholar.google.com/citations?user=x21Q7MkAAAAJ&hl=en

[٢٧]

Abdulkadir Elzein Elshafie عەبدولقادر زەین ئەلشافی



لە ڕێککەوتی ١٤/ ٤/ ١٩٤٤ لە وڵاتی سۆدان لەدایکبووە. ساڵی ١٩٦٩ بەکالۆریۆسی لە بایۆلۆجیی لە زانکۆی ئەمریکیی بەیروت AmericanUniversity of Beirut, Lebanon تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٣ ماجستێری لە زانستی کەڕووزانیی لە زانکۆی ئەمریکیی بەیروتAmerican University of Beirut, Lebanon تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٠ دکتۆرای لە زانستی کەڕووزانیی لە وڵاتی بەریتانیا لە Exeter University, United Kingdom تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٠_١٩٧٣ مامۆستای یاریدەدەر بووە، لە بەشی بایۆلۆجیی کۆلێژی زانستی زانکۆی ئەمریکیی بەیروت American University of Beirut, Lebanon. ساڵی ١٩٧٣_١٩٨٠ مامۆستای یاریدەدەر بووە لە بەشی ڕووەکزانیی کۆلێژی زانستی زانکۆی خەرتومی سۆدانUniversity of Khartoum, Khartoum, Sudan. ساڵی ١٩٨٠_١٩٨٦ پرۆفسیۆری یاریدەدەر بووە لە بەشی ڕووەکزانیی کۆلێژی زانستی زانکۆی خەرتومی سۆدان University of Khartoum, Khartoum, Sudan. ساڵی ١٩٨٦_١٩٩١ پرۆفسیۆری یاریدەدەر بووە لە بەشی بایۆلۆجیی کۆلێژی زانستی زانکۆی سوڵتان قابوسSultan Qaboos University. ساڵی ٢٠٠٢_٢٠٠٦ سەرۆکی بەشی بایۆلۆجیی کۆلێژی زانستە لە زانکۆی سوڵتان قابوس Sultan Qaboos University. لە ساڵی ٢٠١١ بووەتە پرۆفیسۆری تەواو، لە بەشی بایۆلۆجیی کۆلێژی زانست لە زانکۆی سوڵتان قابوس Sultan Qaboos University.

- سەرپەرشتیی پرۆژەی توێژینەوەی ٢٥ خوێندکاری بەکالۆریۆسی کردووە.
- سەرپەرشتیی ١٨ خوێندکاری ماجستێری کردووە.

- سەرپەرشتیی ٤ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- ئەندامی هەر یەک لەم کۆمەڵە زانستییانە بووە:

1.Sudan Microbiological Society.
2.Sudan Society of Conservation of Environment.
3.American Mycological Society.
4.British Mycological Society.

- سەرۆکی ٨ پرۆژەی گەورەی بواری توێژینەوە بووە.

بەرهەمە زانستییەکانی:

- خاوەنی کتێبێکی زانستییە بە ناونیشانی Dissogi, L.A. & Elshafie, A.E. (1975). Botany Bibliography of the Sudan up to 1975. National Council for Research, Khartoum, Sudan.
- بەشداریی لە نوسینی ٥ کتێبی تری زانستییدا (Chapters in a Book) کردووە.
- ٨ جۆری نوێی کەڕووی دۆزیوەتەوە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. Setospheria khartoumensis Etymol. after Khartoum capital of Sudan.
2. Exerohilum Khartoumensis Etmol. After Khartoum capital of Sudan.
3. Drechselera gedarifensis Etmol. after Gedarif, a town in Sudan.
4 .Derechslera curvispora Etmol.Latinized for curved spores.
5 .Thecotheus harasisus Etymology; Latinized from Harsusi, a member of a Bedouin tribe in Oman where Arabian oryx was reintroduced.The fungus was isolated from Oryx dung, from Yaloni, Jidat Al-Harasis, Al-Dakhilia province, Sultanate of Oman.
6.Coprotus dhofarensis Etymology: after Dhofar province in Oman.
7.Chaetomidum khodense Etymolology: after Al-Khod, a town in Oman where Sultan Qaboos University is located.
8.Navicella costaricaensis Etymology: after Costa Rica. Isolated from rainforest soil and plant debris in Costa Rica.

- بەشداریی لە ٨٠ کۆنفرانسی زانستیی کردووە بە توێژینەوەی زانستیی.
- خاوەنی ١١٠ توێژینەوەی زانستییە.
- بەرهەمە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٢٦٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://researches.squ.edu.om/Portals/17/DNNGallery/uploads/2018/9/6/CV%20Details.pdf
2.https://pdfslide.net/documents/curriculum-vitae-squeduom-elshafiecurriculum-vitae-dr-abdulkadir-amira.html
3. https://scholar.google.com/citations?user=qmJYeU4AAAAJ&hl=en

[٢٨]

Mona Bakr Mohamed مونا بەکر محەمەد

لە ڕێککەوتی ١٧/ ١١/ ١٩٦٨ لە وڵاتی میسر لەدایکبووە. ساڵی ١٩٩١ بەکالۆریۆسی لە زانستی کیمیا لە وڵاتی میسر لە زانکۆ Assiut University تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٤ ماجستێری لە Physical chemistry لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٢ دکتۆرای لە Physical chemistry لە پەیمانگای تەکنەلۆجیای زانکۆی جیۆرجیا لە ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٤ مامۆستای یاریدەدەر بووە لە میسر لە زانکۆی Assiut University. ساڵی ٢٠٠٢ دەبێتە مامۆستا لە هەمان زانکۆ. ساڵی ٢٠٠٢_٢٠٠٤ مامۆستا بووە لە وڵاتی سویسرا لە زانکۆی University of Lausame. لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە دەبێتە مامۆستا لە زانکۆی قاهیرەی وڵاتی میسر. لە ساڵی ٢٠٠٩ دەبێتە پرۆفسۆری یاریدەدەر لە پەیمانگای نیشتیمانیی زانستی لەیزەر لە زانکۆی قاهیرە. دواییش بووەتە پرۆفیسۆری تەواو لە هەمان زانکۆی قاهیرەی میسر. سەرۆکی سەنتەری نانۆتەکنەلۆجیای زانکۆی قاهیرەی وڵاتی میسر بووە. ئەندامی کۆنسوڵی پیشەسازیی تەکنەلۆجیا بووە، لە ئەکادیمیای توێژینەوەی زانستیی و تەکنەلۆجیا (ASTR). یەکەم خانمی میسرییە کە بەشداریی گرنگی کردووە لە بواری زانست و تەکنەلۆجیای وڵاتی میسر. ناسرابوو بە (ملكة-تكنولوجيا). زیاتر لە بوارەکانی موگناتیس و لەیزەر و بوارە کانزاییەکان

و نیمچەگەیەنەرە کریستاڵییەکان کاریکردووە. دەستێکی باڵای هەبووە لە دروستکردنی بەرهەمە پیشەسازییە پاکۆکەرەکان (تعقیم) دژی ڤایرۆس و بەکتریاکان. هەروەها گەشەسەندنی بواری پیشەسازیی و کشتوکاڵ و دەرمانی چارەسەری پزیشکیی و پاڵاوتنی نەوت و چەندیین کاری تر. تەنانەت لە بواری دۆزینەوە و پێشخستنی چارەسەری شێرپەنجەیش کاریکردووە. سەرپەرشتیی ١٥٠ خوێندکاری ماجستێر و دکتۆرای کردووە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە دەیان کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ١٢ پاکانەی داهێنان (Patent)ی زانستییە.
- خاوەنی زیاد لە ١٠٠ توێژینەوەی زانستییە.
- بەرهەم و کارە زانستییەکانی ٨٦٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

بە داخەوە لە دوای گەڕانەوەی لە کۆنفرانسێکی وڵاتی چین، لە ڕێککەوتی ٢٠١٧/٣/٤ کۆچی دواییکرد. هۆکاری مردنەکەی هەتا هەنوکەیش بە نەزانراویی و نامۆیی ماوەتەوە. خەڵکانێک وا باسیان لێوەکرد لەبەر ئەوەی کە زانایەکی بەتوانا و لێهاتووی بواری تەکنەلۆجیا بوو، گوایە لە لایەن دەزگای مۆسادەوە لەناوبرابێت.

سەرچاوەکان:

1.https://www.bibalex.org/SCIplanet/en/Editor/Details?id=1053
2.https://www.bibalex.org/SCIplanet/en/Article/Details?id=10286
3.https://www.longdom.org/author-profile/mona-b-mohamed-87489
4.https://scholar.google.com.eg/citations?user=oCI9jYIAAAAJ&hl=en

[٢٩]

سامی ئیرۆڵ گیلینبی Sami Erol Gelenbe



لەدایکبووی ٢٢/ ٨/ ١٩٤٥ـە لە وڵاتی تورکیا. بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی لە وڵاتی تورکیا لە زانکۆی Middle East Technical University, Ankara تەواوکردووە. ماجستێری لە ئەمریکا لە زانکۆی New MSc on "Stochastic automata with structural restrictions", York University olytechnic Institute (Brooklyn Poly), New York تەواوکردووە. دکتۆرای لە ئەمریکا لە زانکۆی, PhD thesis on "Stochastic automata with structural restrictions" New York University Polytechnic Institute (Brooklyn Poly), New York تەواوکردووە.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە زانکۆی Michigan. دواتر زانکۆی Michigan جیدەهێڵێت و بەرەو وڵاتی فەرەنسا دەڕوات و لەوێ گرووپێکی توێژینەوەی بواری سیستمی کۆمپیوتەر دادەمەزرێنێت، لە پەیمانگای فەرەنسیی بۆ توێژینەوەی زانستیی کۆمپیوتەر و کاری ئۆتۆماتیکیی French Institute for Research in Computer Science and Automation. لە فەرەنسا وەکو پرۆفیسۆر لە چەندیین زانکۆ وانە دەڵێتەوە، لەوانە زانکۆی پاریس.

ساڵی ١٩٧٤_١٩٧٩ پرۆفسیۆر بووە لە وڵاتی بەلجیکا لە زانکۆی University de Liège, Belgium. ساڵی ١٩٧٩_١٩٨٦ پرۆفیسۆر بووە لە وڵاتی فەرەنسا لە زانکۆی LRI, Université de Paris-Sud Orsay.

ساڵی ١٩٨٦_١٩٩٣ پرۆفیسۆر بووە لە وڵاتی فەرەنسا لە زانکۆی

Ecole des Hautes Etudes en Informatique, Université de Paris V. لە ساڵی ١٩٩١_١٩٩٣ وەکو پرۆفسیۆر لە New Jersey Institute of technology بووە. لە ساڵی ١٩٩٣_١٩٩٨ وەکو پرۆفیسۆر دەبێتە سەرۆکی بەشی ئەندازیاریی کارەبا و کۆمپیوتەر لە ویلایەتی کارۆلینای ئەمریکا لە زانکۆی Duke University. لە ساڵی ١٩٩٨_٢٠٠٣ لە زانکۆی University of central florida بەشی ئەندازیاریی کارەبا و کۆمپیوتەر دادەمەزرێنێت و گەشەپێدەدات. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە دەچێتە زانکۆی Imperial College London لە بەشی کۆمپیوتەر و گواستنەوە و گەیاندن، دوایی وەکو پرۆفیسۆر دەبێتە سەرۆکی تۆڕەکانی سیستمی زیرەکیی.

- سەرپەرشتیی ٧٢ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.

- خاوەنی ١٢ خەڵاتی زانستییە، یەکێک لە خەڵاتەکان لە ساڵی ٢٠١٧ خەڵاتی (Mustafaprize) بوو کە بڕی ٥٠٠ هەزار دۆلار بوو.

ئەندامێتیی:

١. ئەندامی ئەکادیمیای زانستی تورکییە.

٢. ئەندامی ئەکادیمیای ئەوروپییە.

٣. ئەندامی ئەکادیمیای نیشتیمانیی فەرەنسییە بۆ ئەندازیاریی.

٤. ئەندامی بۆرد بووە لە (١٩٨٢_١٩٩٣) لە IEEE Tarns. Software Engineering.

٥. ئەندامی بۆرد بووە لە (١٩٩٤_١٩٩٨) لە Proceeding of the IEEE.

٦. ئەندامی بۆرد بووە لە (٢٠٠٦_٢٠١٢) لە Proceeding Royal Society A.

- هەروەها لە دەستەی بۆردی نوسەرانی ئەم گۆڤارە زانستیيانە بووە، کە ساڵی دەستپێکردنی تێدا نوسراوە:

1.Springer-Nature Computer Science (since 2019)
2.IEEE Transactions on Cloud Computing (since 2017)
3.Acta Informatica (since 1979)
4.Performance Evaluation (since 1980)
5.Computational Management Science (since 2010)
6.IEEE Trans. on Cloud Computing (since 2015)
7.Future Internet (since 2016)

- سەرنوسەری سەرەکیی (Editor in chief) بووە لە ماوەی (٢٠٠٨_٢٠١٢) لە گۆڤاری زانستیی The Computer Journal.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ٧ پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- خاوەنی ١٠ کتێبی زانستییە.
- خاوەنی ٣٦٣ توێژینەوەی زانستییە.
- بەرهەمە زانستییەکانی ٢٦٥٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

خەڵاتی Mustafa prize وڵاتی ئێران ساڵی ٢٠١٧

چەند وێنەیەك لە كتێبەكانی:



















سەرچاوەکان:

1.https://www.ae-info.org/ae/Member/Gelenbe_Erol
2.https://patents.justia.com/inventor/erol-gelenbe
3.https://mustafaprize.org/laureates2017
4.https://scholar.google.com/citations?user=TShlArwAAAAJ&hl=en

[٣٠]

Sahena Ferdos ساهینە فیردەوس

ڕێککەوتی ١٥/ ١٢/ ١٩٧٧ لە وڵاتی بەنگلادیش لە دایکبووە. بەکالۆریۆسی لە زانستی ئاژەڵی ماسی تەواو کردووە، لە زانکۆی کشتوکاڵی وڵاتی بەنگلادیش. ماجستێری لە بەڕێوبردنی هەمان بواردا لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە. لە ساڵی ٢٠١٤ دکتۆرای لە بواری تەکنەلۆجیای ژینگەیی لە وڵاتی مالیزیا لە زانکۆی Universiti sains malaysia تەواوکردووە. ئێستا پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە وڵاتی مالیزیا لە زانکۆی international islamic university Malaysia. زیاتر لەم بوارانە کاریکردووە: (کیمیای گشتیی، کیمیای ژیانی ڕووەک، بەرهەمی سروشتیی، ڕووەکە پزیشکییەکان، تەکنەلۆژیای زانستی ڕووەک، جۆراوجۆریێتیی ڕووەکەکان).
- ئەندامی ٥ کۆمەڵە و بڵاوکراوەی زانستیی بووە، لە ناویاندا بڵاوکراوەی Elsevier و Wiley.

- خاوەنی ٤ خەڵاتی زانستییە، یەکیان مەدالیای ئاڵتونییە

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە ٢١ کۆنفرانسی زانستیی کردووە.
- خاوەنی داهێنانێکی زانستییە.

- بەشداریی لە نوسینی ٢ کتێبی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ٦٥ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەو و بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٤١٠٩ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://www.iium.edu.my/staff/show/7165

2.https://scholar.google.com.my/citations?user=X06Xd5kAAAAJ&hl=en

[٣١]

Abdullah Al Mamun عەبدوڵڵا ئەلمەمون

ڕێککەوتی ٣١/ ١٢/ ١٩٦٦ لە وڵاتی بەنگلادیش لەدایکبووە. ساڵی ١٩٨٦ بەکالۆریۆسی لە زانستی فیزیا لە وڵاتی بەنگلادیش لە زانکۆی Jahangirnagar University , Dhaka تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٧ ماجستێری لە فیزیا لە وڵاتی بەنگلادیش زانکۆی Jahangirnagar University, Dhaka تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٧ دکتۆرای لە plasma physic لە بەریتانیا لە زانکۆی St. Andrews University, Scotland تەواوکردووە. ساڵانی ١٩٩٣ هەتا ١٩٩٦ مامۆستا بووە لە بەشی فیزیای زانکۆی Jahangirnagar University لە وڵاتی بەنگلادیش. ساڵانی ١٩٩٦ هەتا ٢٠٠٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە وڵاتی بەنگلادیش، لە بەشی فیزیای زانکۆی Jahangirnagar University. لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە پرۆفیسۆری تەواوە، لە بە شی فیزیای هەمان زانکۆ.

– ئەندامی ١٥ ڕێکخراو و کۆمەڵە و ناوەندی زانستیی بووە، لە وڵاتانی "بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، سویسرا، پرتوگال، ئیتاڵیا، یۆنان، هندستان، بەنگلادیش".

– هەڵسەنگێنەری زانستیی «Reviewer»ی ئەم ١٥ گۆڤارە زانستییەیە:

1. Physical Review and Review Letters.
2. Physics of Plasmas.
3. Geophysical Research Letters.
4. Journal of Geophysical Research.

5. Journal of Plasma Physics.
6. Physica Scripta.
7. Europhysics Letters.
8. European Physical Journal D.
9. Physics Letters A Netherlands.
10. Planetary and Space Science.
11. IEEE Transaction on Plasma Science.
12. JETP Letters.
13.Canadian Journal of Physics.
14. Astrophysics and Space Science.
15. Advances in Space Research.

- له بۆردی سەرنوسەرانی ئەم دوو گۆڤارە بووە:

1.African Journal of Mathematics and Computer.
2.Journal of Plasma Physics.

- سەرنوسەری ئەم گۆڤارەیە:

Jahangirnagar University Journal of Physics

- خاوەنی ٦ خەڵاتی زانستییە لەسەر ئاستی ناوخۆ.
- خاوەنی ١٠ خەڵاتی زانستییە لەسەر ئاستی جیهان.
- ٥٠ خوێندکاری ماجستێر و ٥ خوێندکاری دکتۆرای هەبووە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی زیاد لە ٢٠ سیمپۆزیەم و وۆرکشۆپ و ئیڤێنتی زانستیی کردووە.
- خاوەنی یەک Textbookی زانستییە، ناونیشانی کتێبەکەیش بریتییە لە:

Introduction to Dusty Plasma Physics, which is first book in dusty plasma physics.

- بەشداریی لە نوسینی ٥ کتێبی تری زانستییدا (Book chapter) کردووە.
- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ٨ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ٤١٣ توێژینەوەی بڵاوکراوەیە لە گۆڤارە زانستییەکاندا.
- بەرهەم و توێژینەوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ١٥٥٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

مەدالیای ئاڵتونی سەرۆك وەزیرانی بەنگلادیش، ساڵی ٢٠٠٤.

خەڵاتی دامەزراوەی Alexander von Humboldt Foundation لە ئەڵمانیا، ساڵی ٢٠٠٩.

خەڵاتی سەرۆك وەزیرانی بەنگلادیش ساڵی ٢٠١١

ئەمەی خوارەوە وێنەی کتێبەکەیەتی.



سەرچاوەکان:

1.http://www.juniv.edu/teachers/mamun_phys

2.https://www.thedailystar.net/campus/2009/05/05/newsroom.htm

3.http://www.bas.org.bd/awards/gold-medal-award.html

4.https://scholar.google.com/citations?user=uOLQ_SkAAAAJ&hl=en

[٣٢]

هانی ئاریفین Hany Ariffin

پسپۆڕی بواری پزیشکیی شێرپەنجەی منداڵان و شێرپەنجەی خوێنە. بەکالۆریۆس (MBBS)ی لە زانکۆی مالایەی مالیزیا تەواوکردووە. بڕوانامەی MRCPی لە ڕۆیاڵ کۆلێجی بەریتانیا تەواوکردووە. هەروەها MPaed لە زانکۆی مالایەی مالیزیا تەواوکردووە. دکتۆرای لە زانکۆی مالایەی مالیزیا تەواوکردووە. سەرۆکی بەشی پزیشکیی منداڵانە، لە فاکەڵتی پزیشکی زانکۆی مالایەی مالیزیا. سەرۆکی Biobank Unit لە فاکەڵتیی پزیشکیی هەمان زانکۆ. سەرۆکی سەنتەری پزیشکیی شێرپەنجە و پزیشکیی منداڵان و گواستنەوەی مۆخی ئێسکە لە هەمان زانکۆ. هاوەڵی یەکێتیی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجە بووەساڵی ٢٠٠٢. ئەندامی کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەی منداڵان بووە ساڵی ٢٠٠٢. سەرۆکی کۆمەڵەی مالیزیی بۆ شێرپەنجەی منداڵان و نەخۆشییەکانی خوێن بووە ساڵی ٢٠١١. هاوەڵی کۆلێجی شاهانەی بەریتانیی بووە، بۆ تەندروستیی و پزیشکیی نەخۆشییەکانی منداڵان، ساڵی ٢٠١١. سەرۆکی پەیمانگای توێژینەوەی ناو زانکۆی مالایەی مالیزیا بووە، ساڵی ٢٠١٥.

- سەرپەرشتیی ٢١ دبلۆمی باڵا و ماجستێر و دکتۆرای کردووە.
- خاوەنی ٢١ خەڵاتی زانستییە لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانییدا.
- هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer)ی هەر یەک لەم گۆڤارە زانستییانە بووە:

1.Medical Pediatric Oncology.

2.Pediatric Hematology Oncology.

3.Pediatric Blood and Cancer.

4.Journal of Pediatric Hematology/Oncology.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی کتێبێکی زانستییە بە ناونیشانی:

.Pediatric Picture Tests for Medical Students

- بەشداریی لە نوسینی سێ کتێبی تری زانستییدا (Book chapter) کردووە.
- خاوەنی ١١٩ توێژینەوەی زانسیتیە.
- بەرهەمە زانستییەکانی ٣٣٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://umexpert.um.edu.my/hany.html

2.https://publons.com/researcher/2840979/hany-ariffin/

3.https://scholar.google.com/citations?user=5c_Zl1oAAAAJ&hl=en

[٣٣]

شاكير موسا Shaker Mousa



سالی ١٩٧٣ بەکالۆریۆسی لە پزیشکیی دەرمانسازیی لە زانکۆی Alexandria لە وڵاتی میسر تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٦ ماجستێری لە پزیشکیی دەرمانسازیی لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٣ دکتۆرای لە پزیشکیی دەرمانسازیی لە زانکۆی Ohio State University لە وڵاتی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٥ پۆستدکتۆرای لە بواری کوێرەڕژێنەکان لە وڵاتی ئەمریکا لە زانکۆی University of Kentucky تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٦_٢٠١٠ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە بواری دەرمانسازیی لە بەشی پزیشکیی زانکۆی نیۆرک لە ئەمریکا. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئەلبانیی لە شاری نیۆرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی ٢٠٠٠_٢٠٠٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە زانکۆی University Of Delaware لە وڵاتی ئەمریکا.

- سەرپەرشتیی ٣٥٠ خوێندکاری ماجستێر و دکتۆرا و پۆستدکتۆرای کردووە.
- ئەندامی ٢٤ کۆمەڵەی زانستییە.
- خاوەنی ٢٨ خەڵات و ڕێزلێنانی زانستییە، کە دوو دانەیان لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە بووە (WHO).
- هەڵسەنگێنەر و سەرنوسەر و ڕاوێژکاری ئەم گۆڤارە جیهانییانە بووە:

1.Biomedicines Chief-In Editor
2.Thrombosis and Hemostasis
3.Biochemical Archives
4.Current Drugs - Atherosclerosis & Vascular Biology
5.Carcinogenesis
6.Nanomedicine Editor
7.Mayo Clinic Proceedings
8.J. Medicinal Chemistry
9.PPAR Editor
10.J. Pharmacol. Exp. Thera.
11.J. Cardiovascular Pharmacology Editor
12.Advances in Anticoagulants, Antithrombotic, Thrombolytic
13.Drug & Market Development
14.Circulation
15.Molecular Medicine Today
16.New England Journal of Medicine
17.Applied Clinical Thrombosis & Hemostasis
18.Exp. Cell Research
19.Life Sciences
20.Thrombosis Research
21.Investigational Ophthalmology & Visual Sciences
22.Section Editor: Expert Opinion in Cardiovascular, Renal and Pulmonary Drugs, Current Drug Ltd.
23.Cardiovascular Therapeutics Editor
24.Current Medicinal Chemistry-Cardiovascular & Hematological Agents

بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی:

- بەشداریی زیاد لە ٣٠٠ كۆنفرانس و سیمپۆزیەم و وۆركشۆپی زانستیی كردووە.
- بەشداریی لە دۆزینەوە و پێشخستنی هەر یەک لەم دەرمانانەدا كردووە:
١. دەرمانی Cardiolite: بەكاردێت بۆ نەخۆشییەكانی دڵ.
٢. دەرمانی Marluma: بەكاردێت بۆ دیاریكردنی شێرپەنجەی مەمک.
٣. دەرمانی DMP444: بەكاردێت بۆ دژی مەینی خوێن لە خوێنهێنەر و خوێنبەرەكان.
٤. دەرمانی Roxifiban : بەكاردێت بۆ دژی مەینی خوێن، نەخۆشییەكانی خوێنبەری دڵ.

- خاوەنی ٧ کتێبی زانستییە.
- خاوەنی ٤٠٠ پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- خاوەنی زیاد لە ٦٨٠ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوە و بەرهەم و داهێنانەکانی هەتا ئێستا ٣٢١٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

وێنەی چەند کتێبێکی













سەرچاوەکان:

1.https://www.acphs.edu/shaker-mousa

2.https://alliedacademies.com/profile/Shaker%20A.%20Mousa

3.https://nanoworldconference.com/Shaker-A-Mousa

4.https://www.routledge.com/The-Road-from-Nanomedicine-to-Precision-Medicine/Mousa-Bawa-Audette/p/book/9789814800594

5.https://www.springer.com/gp/book/9789400764668

6.https://www.elsevier.com/books/anti-angiogenesis-strategies-in-cancer-therapies/mousa/978-0-12-802576-5

7.https://www.springer.com/gp/book/9781592596584

8.https://scholar.google.com/citations?user=2I0AaNoAAAAJ&hl=en

[٣٤]

سێڤیا مەهدالیزا ئیدرەس Sevia Mahdaliza Idrus

ڕێککەوتی ٢٠/ ٩/ ١٩٧٤ لە وڵاتی ئەندەنوسیا لەدایکبووە. ساڵی ١٩٩٨ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی کارەبا لە زانکۆی تەکنەلۆجیای مالیزیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٩ ماجستێری لە ئەندازیاریی بەڕێوبردن لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٤ دکتۆرای لە بواری Optical communication engineering لە وڵاتی بەریتانیا لە University of warwick تەواوکردووە. ئێستایش پرۆفیسۆرە لە زانکۆی تەکنەلۆجیای مالیزیا.

- سەرپەرشتیی ٢٩ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتیی ٢٧ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- سەرپەرشتیی ٣ خوێندکاری پۆستدکتۆرای کردووە.
- لە بۆردی سەرنوسەرانە (Editorial Board) لە گۆڤاری زانستیی

Journal of recent patents on signal processing.

- سەرنوسەری سەرەکیی (Editor in cheif) ئەم گۆڤارەیە:

Journal technologi-special Edition.

- خاوەنی ٤٨ خەڵاتی زانستیی (ئاڵتونیی، زیویی، برۆنزیی)ە، لە مالیزیا و هندستان و یابان و بەریتانیا.

بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی:

- خاوەنی ٢ كتێبی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ٤٩ كتێبی تری زانستیی (BOOK CHAPTERS) كردووە.
- خاوەنی ٥٤ پاكانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ١٤٣ كۆنفرانسی زانستیی كردووە.
- خاوەنی ٧٣ توێژینەوەی ترە لە گۆڤارە زانستییەكاندا.
- بڵاوكراوە زانستییەكانی هەتا ئێستا ٧٢٠٠ جار وەكو سەرچاوەی زانستیی بەكارهێنراون (Citations).

وێنەی دوو كتێبەكەی:





سەرچاوەكان:

1.http://sevia.fke.utm.my/home
2.http://sevia.fke.utm.my/about/achievement-awards
3.http://sevia.fke.utm.my/about/management
4.http://sevia.fke.utm.my/showcase/domain1
5.http://sevia.fke.utm.my/showcase/domain2
6.http://sevia.fke.utm.my/showcase/domain3
7.http://sevia.fke.utm.my/showcase/patent-copyright
8.https://www.taylorfrancis.com/books/9780429116254
9.https://scholar.google.com/citations?user=x3UvAeQAAAAJ&hl=en

[٣٥]

ئەسەدوڵا خان Asad Ullah Khan

ڕێککەوتی ٤/ ٤/١٩٧٢ لە وڵاتی هندستان لەدایکبووە. ساڵی ١٩٩٢ بەکالۆریۆسی لە زانستی کیمیا لە وڵاتی هندستان لە زانکۆی Aligrah Muslim University تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٤ ماجستێری لە بایۆتەکنەلۆجیا لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٨ دکتۆرای لە کیمیای زیندەیی لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە، پسپۆڕی وردی دکتۆراکەی لەسەر بۆماوەزانیی گەردیلەیی و وردەزیندەزانیی پزیشکییە. ساڵی ١٩٩٧_٢٠٠٠ مامۆستا بووە لە بەشی بایۆتەکنەلۆجیی زانکۆی Aligrah Muslim University. ساڵی ٢٠٠٠_٢٠٠٣ پۆستدکتۆرای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەشی کیمیای زیندەیی سکوڵی پزیشکیی Johnson تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٣_٢٠٠٦ مامۆستا بووە لە بەشی بایۆتەکنەلۆجیی زانکۆی Aligrah Muslim University. ساڵی ٢٠٠٥ وەکو زانایەک سەردانی وڵاتی ئیتاڵیای کردووە، لە بەشی خۆپاراستنی وردەزیندەزانیی پزیشکیی بووە لە زانکۆی ناپۆلیی. ساڵی ٢٠٠٦_٢٠١٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە بەشی بایۆتەکنەلۆجیی زانکۆیAligrah Muslim University. ساڵی ٢٠١١ وەکو زانایەکە سەردانی وڵاتی فەرەنسای کردووە، لە وڵاتی پاریس لە چارەخانەی دی بایستری. ساڵی ٢٠١٢_٢٠١٥ سەرۆکی Interdisciplinary Biotechnology بووە لە زانکۆیAligrah Muslim University. لە ساڵی ٢٠١٢ەوە بووەتە پرۆفیسۆر لە بەشی بایۆتەکنەلۆجیی زانکۆی Aligrah Muslim University. لە ساڵی ٢٠١٨ەوە سەرۆکی Interdisciplinary Biotechnology بووە لە زانکۆیAligrah Muslim University.

- سەرپەرشتیی ١٦ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتیی ٢٧ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- سەرپەرشتی ٨ خوێندکاری پۆستدکتۆرای کردووە.

- بۆردی سەرنوسەران (Editor Board Member)ی ئەم گۆڤارانە بووە:

1.Academic Editor; PLoS ONE. (2012-onward)
2.Associate Editor; BMC Microbiology (2017-onward)
3 Associate Editor; Microbiological Research (Elsevier) (2014-2016)
4.Section Editor; Infection Diseases and Translational Medicine (2015-onward)
5.Section Associate Editor; Bioinformation (2005-onward)
6.Panel Editor: Trend in Proteomics and Bioinformatics (2016-onward)
7.Member: Asian Pacific Journal of Tropical Medicine (Elsevier) (2007-2010)
8.Member: Genomics Proteomics and Bioinformatics (Elsevier) (2009-2013

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە ١٥ وۆرکشۆپی نێودەوڵەیتی و ناوخۆیی کردووە.
- لە ٥٣ کۆنفرانسی زانستییدا میوانداریپیکراوە.
- ٧٤ Presentationی پێشکەشکردووە لە ٧٤ کۆنفرانس و سیمپۆزیەمدا.
- خاوەنی داهێنانێکی زانستییە کە لە ساڵی ٢٠١٣دا بڵاویکردووەتەوە، بە ناونیشانی:

Indian patent "A process of isolation of a novel compound "5,8 D1-propyl1-octahydronaphthalen 1-(2H) one trachyspermum from Ajowan caraway seeds effective against Dental caries" Application No. 24/DEL/2011 Published on 23/8/2013. (ingranting process)

- خاوەنی ٢ کتێبی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ٧ کتێبی تری زانستییدا (Book chapter) کردووە.
- بە توێژینەوەی بەشداریی لە ٧٤ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ٢٢٣ توێژینەوەیە لە گۆڤارەکاندا.
- هەتا ئێستا توێژینەوە و بەرهەمە زانستییەکانی ٤٨٠٨ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://api.amu.ac.in/storage//images/empcv/10057753-1609571771.pdf
2.https://scholar.google.co.in/citations?user=h5isISAAAAAJ&hl=en

[٣٦]

Tamam M. El-Elimat تەمام ئەلعولەیمات

ساڵی ١٩٩٦ بەکالۆریۆسی لە پزیشکیی دەرمانسازیی لە زانکۆی ئوردن بۆ زانست و تەکنەلۆژیا لە وڵاتی ئوردن تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٤ماجستێری لە پزیشکیی کیمیایی و دەرمانی سروشتیی، بە تایبەت لە بەرهەمە سروشتییە کیمیاییەکان لە زانکۆی ئوردن بۆ زانست و تەکنەلۆژیا لە وڵاتی ئوردن تەواوکردووە. ساڵی ٢٠١٤ دکتۆرای لە پزیشکیی کیمیای ژیانیی لە زانکۆی باشووری کارۆلینا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٤_٢٠٠٥ مامۆستا بووە لە فاکەڵتیی دەرمانسازیی، بەشی پزیشکیی کیمیایی، لە زانکۆی ئوردن بۆ زانست و تەکنەلۆژیا لە وڵاتی ئوردن. ساڵی ٢٠٠٥_٢٠١٠ توێژەر بووە لە سەنتەری توێژینەوەی دەرمانسازیی زانکۆی ئوردن بۆ زانست و تەکنەلۆژیا. ساڵی ٢٠١٠_٢٠١١ مامۆستای یاریدەدەر بووە، لە گرووپی توێژینەوە لە بەشی کیمیا و کیمیای ژیانیی زانکۆی باشووری کارۆلینا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی ٢٠١٤_٢٠١٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە زانکۆی ئوردن بۆ زانست و تەکنەلۆژیا. ئێستایش پرۆفیسۆرە لە بواری بەرهەمی کیمیایی سروشتیی لە هەمان زانکۆ.

- ئەندامی کۆمەڵەی ئەمریکییە بۆ دەرمانی سروشتیی.
- ئەندامی کۆمەڵەی ئوردنییە بۆ دەرمانی سروشتیی.
- سەرپەرشتیی ٨ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer) بووە لەم گۆڤارانەدا:

1.Royal Society of Chemistry: RSC Advances.
2.Phytomedicine: International Journal of Phytotherapy and Phytopharmacology.
3.Jordan Journal of Pharmaceutical Sciences.
4.Jordan Journal of Chemistry.

- خاوەنی ١٤ خەڵاتی زانستییە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی داهێنانێکی زانستییە، لە ساڵی ٢٠١٦ تۆماریکردووە بەم ناونیشانە:
Methods and composition for the inhibition of quorum sensing in bacterial infections.

بەشداریی لە ٣٠ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ٦٨ توێژینەوەی زانستییە.
- هەتا ئێستا توێژینەوەکانی ٢٨٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.http://www.just.edu.jo/AdmissionUploads/staff_cv/telimat@just.edu.jo.pdf
2.http://www.just.edu.jo/eportfolio/Pages/Default.aspx?email=telimat
3.https://scholar.google.com/citations?user=D2GujiMAAAAJ&hl=en

[٣٧]

محەمەد ساجد Muhammad Sajid

ڕێککەوتی ١٩٧٤/١٠/٢٩ لە وڵاتی پاکستان لەدایکبووە. ساڵی ١٩٩٤ بەکالۆریۆسی لە زانستی بیرکاریی لە زانکۆی ئیسلام ئاباد لە وڵاتی پاکستان تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٦ ماجستێری لە زاستی بیرکاریی لە زانکۆی Punjab لە وڵاتی پاکستان تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٦ دکتۆرای لە بیرکاریی کرداریی لە زانکۆی Quald-Azam لە وڵاتی پاکستان تەواوکردووە. ئێستایش پرۆفیسۆرە لە زانکۆی نێودەوڵەتیی ئیسلامیی لە بەشی زانستی بیرکاریی و ئاماردا.

- سەرپەرشتیی ١٦ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتیی ٢٩ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- ئەندامی ٦ ڕێکخراو و ناوەندی ئەکادیمیی بووە.
- ئەندامی دەستەی سەرنوسەران (Editorial Board)ی ئەم دوو گۆڤارە بووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە هەتا ئێستا:

1.International Journal of Nonlinear Science and Numerical Simulations (2008-2010).
2.The Nucleus (2008-till date)

هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer)ە، لەم ٥١ گۆڤارەدا:

1. Applied Mathematical Modelling
2. Applied Mathematics and Computation
3. Archive of Applied Mechanics
4.Bulletin of Malaysian Mathematical Sciences Society
5.Bulletin of the Belgian Mathematical Society
6.Central European Journal of Physics
7.Chemical Engineering Communications
8.Communications in Nonlinear Science and Numerical Simulations
9.Computers and Mathematics with Applications
10.Differential Equations and Nonlinear Mechanics
11.International Communications in Heat and Mass Transfer
12.International Journal for Numerical Methods in Fluids
13.International Journal of Applied Mathematics
14.International Journal of Differential Equations
15.International Journal of Heat and Mass Transfer
16.International Journal of Industrial Mat\hematics
17.International Journal of Mathematics and Mathematical Sciences
18. International Journal of Modern Physics B
19.International Journal of Nonlinear Science
20.International Journal of Numerical Methods in Heat and Fluid Flow
21.International Journal of Physical Sciences
22.Journal of Advanced Research in Applied Mathematics
23.Journal of Applied Mathematics and Computing
24.Journal of Applied Mathematics Chinese University
25.Journal of Chinese Institute of Chemical Engineers
26.Journal of Engineering Mathematics
27.Journal of Fluid Mechanics
28.Journal of Mechanical Engineering Research
29.Journal of Numerical Analysis in Industrial and Applied Mathematics
30.Journal of Porous Media
31.Journal of Strain Analysis
32.Journal of Taiwan Institute of Chemical Engineers
33.Mathematical Modelling and Analysis
34.Mathematical Problems in Engineering

35.Meccanica
36.Microfluidics and Nanofluidics
37.Nonlinear Analysis Real World Applications
38.Nonlinear Analysis: Modelling and Control
39.Numerical Methods for Partial Differential Equations
40International Journal of Nonlinear Sciences and Numerical Simulations
41.Physics Letters A
42.PIER and JAMWA
43.Scientific Research and Essays
44.Thermal Science
45.World Applied Sciences Journal
46.Z. Naturforsch A
47.Journal of Mechanical Science and Technology
48.Walailak Journal of science and technology
49.Journal of Applied Mathematics
50.Ain Shams Engineering Journal
51.Chemical Engineering Journal

- بەشداریی ٤٩ کۆنفرانسی زانستیی کردووە.
- خاوەنی ٢٥٧ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوەکانی هەتا ئێستا ٩٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations)

سەرچاوەکان:

1.https://www.iiu.edu.pk/wpcontent/uploads/downloads/faculties/fbas/maths_stats/cv/muhammad_sajid-28012020.pdf
2.https://scholar.google.com/citations?user=65iXceYAAAAJ&hl=en

[۳۸]

Syahida Ahmad سیاهیده ئەحمەد



ڕێککەوتی ۱۹۸۰/۹/۱۳ لە وڵاتی مالیزیا لەدایکبووە. ساڵی ۲۰۰۲ بەکالۆریۆسی لە زانستی پزیشکیی زیندەیی لە زانکۆی پوترای وڵاتی مالیزیا تەواوکردووە. ساڵی ۲۰۰٦ دکتۆرای لە دۆزینەوەی دەرمان هەروەها کیمیای ژیانیی و تەکنەلۆژیای زیندەیی لە زانکۆی پوترای وڵاتی مالیزیا تەواوکردووە. ساڵی ۲۰۰٥_۲۰۰٦ توێژەری یاریدەدەر بووە لە بەشی خانەزانیی و بایۆلۆجیای گەردیی لە فاکەڵتیی بایۆتەکنەلۆژیا و زانستی زیندەگەردیی لە زانکۆی پوترای مالیزیا. ساڵی ۲۰۰٦_۲۰۰۸ مامۆستا بووە لە هەمان بەش و هەمان زانکۆ. لە ساڵی ۲۰۰۹ەوە بووەتە سەرپەرشتیار هەر لە هەمان بەشی زانکۆی پوترای مالیزیا. ساڵی ۲۰۱۳_۲۰۱٥ سەرۆکی ڕاوێژکاریی ئەکادیمیی بووە، لە هەمان بەش و هەمان زانکۆ. ئێستایش پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی کیمیای زیندەیی فاکەڵتیی بایۆتەکنەلۆژیا و زانستیَ زیندەگەردیی لە زانکۆی پوترای مالیزیا.

- سەرپەرشتیی توێژینەوەی ٤۳ خوێندکاری بەکالۆریۆسی کردووە.
- سەرپەرشتیی ۱۰ خوێندکاری ماجستێر و ۳ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیی توێژینەوەی ۲ خوێندکاری بەکالۆریۆس و ۱۹ خوێندکاری ماجستێر و ۲۱ خوێندکاری دکتۆرا بووە.

- ئەندامی ١٩ کۆمەڵەی زانستیی بووە.
- بەشداریی لە ٣٩ کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و سیمیناری زانستیی کردووە.
- خاوەنی ٢٢ گرانت (Grant)ی توێژینەوەی زانستییە.
- خاوەنی ١٥ خەڵاتی زانستییە، خەڵاتەکانیش پێکهاتوون لە مەدالیای زیویی و برۆنز و ئاڵتونیی.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە نوسینی ١٢ کتێبی زانستییدا (Book chapter) کردووە.
- خاوەنی ٣٤١ توێژینەوەی بڵاوکراوەی زانستییە.
- بەرهەم و بڵاوکراوەکانی هەتا ئێستا ١٥٣٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://www.epfl.ch/labs/lsu/wpcontent/uploads/2020/01/CV-Majed-Chergui_2020.pdf
2.https://www.amazon.com/Femtochemistry-Ultrafast-Processes-Molecular-Switzerland/dp/9810225148
3.https://www.amazon.com/Ultrafast-Phenomena-XVII-Proceedings-International/dp/0199768374
4.https://www.amazon.com/Personal-Scientific-Reminiscences-Tributes-Zewail/dp/1786344351
5.https://scholar.google.ch/citations?user=6jSEtH8AAAAJ&hl=fr

[٦٠]

هیبە بەوادی Hiba Bawadi

ساڵی ١٩٩٧ بەکالۆریۆسی لە زانستی خۆراک و تەکنەلۆژیای خۆراک لە زانکۆی ئوردن لە شاری عەممانی وڵاتی ئوردن تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٠ ماجستێری لە زانستی خۆراک لە زانکۆی زانست و تەکنەلۆجیای وڵاتی ئوردن تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٤ دکتۆرای لە زانستی خۆراک لە زانکۆی Louisiana State University لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوکردووە. هەر لە هەمان ساڵ و زانکۆی دکتۆراکەیدا دوو دکتۆرای تری لاوەکیی لە پاڵدا خوێندووە لە بورای درمناسیی (Epedimology) و ئاماری ئەزموونیی (Experimental Statistics). هەر لە ساڵی ٢٠٠٤ لە هەمان زانکۆی ئەمریکا پۆستدکتۆرای لە زانستی خۆراکدا تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی FACNی لە زانستی خۆراکدا تەواوکردووە، کە بڕوانامەیەکە لە لایەن کۆلێجی ئەمریکا بۆ زانستی خۆراک دەدرێت. ساڵی ١٩٩٧_٢٠٠٠ مامۆستای یاریدەدەر بووە لە زانکۆی ئوردن. ساڵی ٢٠٠٤_٢٠٠٩ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە زانکۆی ئوردن بۆ زانست و تەکنەلۆجیا. لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستی خۆراکە لە زانکۆی قەتەری وڵاتی قەتەر.

- ئەندامی ٨ کۆمەڵە و ناوەندی زانستیی بووە.
- خاوەنی ١٧ خەڵات و ڕێزلێنانی زانستییە.

- هەڵسەنگێنەری (Reviewer)ی ئەم دوو گۆڤارە بووە:
1.Journal of the American Dietetic Association.
2.Nutrition and Dietetics.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ٢ کتێبی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی کتێبێکی تری زانستییدا (Book chapter) کردووە.
- بە توێژینەوەی بەشداریی لە ٣١ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ١٠٧ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەکاندا.
- توێژینەوە و بەرهەمە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٢٦٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.http://www.just.edu.jo/eportfolio/Pages/Default.aspx?email=hbawadi
2.http://www.just.edu.jo/admissionuploads/staff_cv/hbawadi.pdf
3.https://scholar.google.com/citations?user=-YiCGqIAAAAJ&hl=en

[٦١]

محەمەد لاچیمی Mohamed Lachemi

ساڵی ١٩٨٦ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی شارستانیی لە وڵاتی مەغریب لە زانکۆی University of Science and Technology of Oran تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٨ ماجستێری لە پێکهاتەی ئەندازیاریی لە وڵاتی کەنەدا لە زانکۆی Sherbrooke تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٣ دکتۆرای لە پێکهاتەی ئەندازیاریی هەر لە وڵاتی کەنەدا و لە زانکۆی Sherbrooke تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٨ پۆستدکتۆرای لە وڵاتی کەنەدا لە زانکۆی Sherbrooke تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩١_١٩٩٥ مامۆستا بووە لە بەشی ئەندازیاریی شارستانیی زانکۆی Sherbrooke لە وڵاتی کەنەدا. ساڵی ١٩٩٨_٢٠٠٢ پرۆفیسۆر یاریدەدەر بووە لە هەمان بەشی ئەندازیاریی شارستانییدا. لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە پرۆفیسۆرە لە بەشی ئەندازیاریی شارستانیی زانکۆی Ryerson لە وڵاتی کەنەدا. لە ساڵی ٢٠٠٩_٢٠١٣ ڕاگری فاکەڵتیی ئەندازیاریی و زانستی تەلارسازیی بووە لە زانکۆی Ryerson لە وڵاتی کەنەدا.

- ئەندامی زیاد لە ٤٠ کۆمەڵە و ڕێکخراو و ناوەندی زانستیی بووە.
- خاوەنی ٢٣ خەڵات و ڕێزلێنانی زانستییە.
- لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە لە دەستەی سەرنوسەران (Editor)ە لە گۆڤاری Canadian Journal of Civil Engineering

- هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer) بووە لەم گۆڤارانەی خوارەوەدا:

1.ACI Structural Journal
2.ACI Materials Journal
3.ACI Special Publications
4.Applied Rheology Journal
5.ASCE Journal of Structural Engineering
6.ASCE Journal of Materials in Civil Engineering
7.Canadian Journal of Civil Engineering
8.Cement and Concrete Research: International Journal
9.Cement and Concrete Composites: International Journal
10.Computational Materials Science
11.Computer and Concrete
12.European Polymer Journal
13.Materials and Structures Journal – RILEM
15.Materials and Design

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بە پێشەکەشکردنی وانە بەشداریی زیاد لە ٥٠ کۆنفرانسی زانستیی کردووە.
- خاوەنی ٦ کتێبی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ٣ کتێبی تردا (Book chapter) کردووە.
- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ١٠٠ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ١٤٣ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەکاندا.
- توێژینەوە و بەرهەمە زانستییەکانی تا ئێستا ٩٣٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://www.ryerson.ca/content/dam/president/documents/Mohamed-Lachemi-CV.pdf
2.https://scholar.google.com/citations?user=NhdL8jYAAAAJ&hl=en

[٦٢]

Majd Tawfeeq Mrayyan مەجد تۆفیق مرەییان

سالی ١٩٩٢ بەکالۆریۆسی لە پەرستاریی لە وڵاتی ئەردەن لە زانکۆی University of Jordan-Faculty of Nursing تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٤ ماجستێری لە پەرستاریی لە وڵاتی ئەردەن لە زانکۆی University of Jordan-Faculty of Nursing تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٢ دکتۆرای خوێندووە لە پەرستاریی لە وڵاتی ئەمریکا لە زانکۆی The University of Iowa تەواوکردووە. لە ساڵی ٢٠٠٦ هەتا ٢٠١٠ وەکو پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی Hashemite University لە وڵاتی ئەردەن وانەی گوتووەتەوە. لە ساڵی ٢٠١٠ بە دواوە دەبێتە پرۆفیسۆر لە زانکۆی Hashemite University لە وڵاتی ئەردەن.

- ئەندامی زیاد لە ٣٠ ناوەند و کۆنسوڵ و رێکخراو و کۆمەڵەی زانستیی بووە.
- خاوەنی ٢١ خەڵاتی زانستییە.
- بەشداریی لە ٣٤ کۆنفرانس و سیمپۆزیەم و وۆرکشۆپ و ئیڤێنتی زانستییدا کردووە.
- چەندیین پۆستی ئیداریی وەرگرتووە، ئێستایش جێگری سەرۆکی بەشی توێژینەوەی زانستییە.
- هەڵسەنگێنەری (Reviewer)ی زانستیی ئەم گۆڤارانە بووە:

1.Journal of Nursing Scholarship-USA
2.Journal of Advanced Nursing

- له بۆردی سەرنوسەرانی ئەم گۆڤارانە بووە:

1.The Journal of The Scientific.

2.Society of Arab Nursing Faculties.

3.Journal of Nursing Management- USA.

- هەتا ئێستا خاوەنی ٨٥ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوەکانی ٢٧٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://eis.hu.edu.jo/cv/10326.pdf

2.https://scholar.google.com/citations?hl=en&user=jnIaABwAAAAJ

[٦٣]

شابیر حسێن وانی Shabir Hussain Wani



ڕێککەوتی١٦/٢/ ١٩٧٨ لە وڵاتی هندستان لەدایکبووە. ساڵی ٢٠٠٣ بەکالۆریۆسی لە زانستی کشتوکاڵ لە وڵاتی هندستان لە زانکۆی Bhimrao Ambedkar University تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٥ ماجستێری لە زانستی بۆماوەزانیی و وەچەخستنەوەی ڕووەک لە وڵاتی هندستان لە زانکۆی Central Agricultural University تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٩ دکتۆرای لە زانستی بۆماوەزانیی و وەچەخستنەوەی ڕووەک لە وڵاتی هندستان لە زانکۆی Punjab Agricultural University تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٩_٢٠١١ توێژەری یاریدەدەر بووە لە Central Institute of Temperate Horticulture. ساڵی ٢٠١١_٢٠١٣ لە بەشی Programme coordinator بووە لە پەیمانگای توێژینەوەی وڵاتی هندستان. ساڵی ٢٠١٦_٢٠١٧ وەکو زانایەک سەردانی زانکۆی Michigan State University لە وڵاتی ئەمریکا کردووە. لە ساڵی ٢٠١٣ەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی بۆماوەزانیی و وەچەخستنەوەی ڕووەک لە زانکۆی Sher-e-Kashmir University of Agricultural Sciences and Technology of Kashmir.

- ئەندامی ٢ کۆمەڵەی زانستییە.
- ئەندامی سەرنوسەران (Editor)ە لە گۆڤاری International Journal Of Life Science.
- خاوەنی ٧ خەڵاتی زانستییە.

بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی:

- خاوەنی دوو دۆزینەوە و داهێنانی زانستییە.
- خاوەنی ٨ كتێبی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ٣٧ كتێبی تری زانستییدا (Book Chapter) كردووە.
- خاوەنی ١٨٦ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوە و بەرهەمە زانستییەكانی هەتا ئێستا ٤٧٠٠ جار وەكو سەرچاوەی زانستیی بەكارهێنراون (Citations).

وێنەی هەندێك لە پەرتوكەكانی:










Transcription Factors for Abiotic Stress Tolerance in Plants
Edited by Shabir Hussain Wani


Biochemical, Physiological and Molecular Avenues for Combating Abiotic Stress Tolerance in Plants
Edited by
Shabir Hussain Wani


Managing Salt Tolerance in Plants
Molecular and Genomic Perspectives
Edited by
Shabir Hussain Wani
Mohammad Anwar Hossain
CRC Press


Vinay Kumar · Shabir Hussain Wani
Penna Suprasanna · Lam-Son Phan Tran
Editors
Salinity Responses and Tolerance in Plants, Volume 1
Targeting Sensory, Transport and Signaling Mechanisms
Springer


Shabir Hussain Wani Editor
Disease Resistance in Crop Plants
Molecular, Genetic and Genomic Perspectives
Springer


Shabir Hussain Wani Editor
Recent Approaches in Omics for Plant Resilience to Climate Change
Springer


Shabir Hussain Wani
Ajay Kumar Thakur
Yasin Jeshima Khan Editors
Brassica Improvement
Molecular, Genetics and Genomic Perspectives
Springer

P.E. Rajasekharan
Shabir Hussain Wani Editors
Conservation and Utilization of Threatened Medicinal Plants
Springer

Shabir Hussain Wani · Venura Herath
Editors
Cold Tolerance in Plants
Physiological, Molecular and Genetic Perspectives
Springer

Mohammad Anwar Hossain
Shabir Hussain Wani
Soumen Bhattacharjee
David J. Burritt
Lam-Son Phan Tran Editors
Drought Stress Tolerance in Plants, Volume 2
Molecular and Genetic Perspectives
Springer

Shabir Hussain Wani · Mukesh Jain
Editors
Pulse Improvement
Physiological, Molecular and Genetic Perspectives
Springer

سەرچاوەکان:

1.https://skuast.academia.edu/ShabirWani/CurriculumVitae
2.https://link.springer.com/book/10.1007/978-3-319-94746-4
3.https://www.springer.com/gp/book/9783030017422
4.https://www.springer.com/gp/book/9783030014148
5.https://www.bokus.com/bok/9783030216870/recentapproaches-in-omics-for-plant-resilience-to-climate-change/
6.https://www.springer.com/gp/book/9783030346935
7.https://www.researchgate.net/publication/307627809_9781482245134
8.https://www.amazon.com/Innovations-Sciences-Biotechnology-Hussian-Amandeep/dp/8177545531
9.https://www.bookdepository.com/Salinity-Responses-Tolerance-Plants-1-Vinay-Kumar/9783030092948
10.https://www.bokus.com/bok/9783030207274/disease-resistance-in-crop-plants/
11.https://www.amazon.in/AdvancesPhytonanotechnology-Application-Mansour-Ghorbanpour/dp/0128153229
12.https://www.springer.com/gp/book/9783030397920
13.https://www.kobo.com/us/en/ebook/drought-stress-tolerance-in-plants-vol-2
14.https://link.springer.com/book/10.1007/978-981-10-5254-5
15.https://www.elsevier.com/books/transcription-factors-for-abiotic-stress-tolerance-in-plants/wani/978-0-12-819334-1
16.https://www.elsevier.com/books/biochemical-physiological-and-molecular-avenues-for-combating-abiotic-stress-in-plants/wani/978-0-12-813066-7
17.https://scholar.google.com/citations?user=DXlNbhQAAAAJ&hl=en

[٦٤]

نورهەیزان مۆهد عیسا Norhaizan Mohd Esa

ڕێککەوتی ١١/١٠/١٩٦٩ لە وڵاتی مالیزیا لەدایکبووە. ساڵی ١٩٩٣ بەکالۆریۆسی لە کیمیای زیندەیی و زیندەوەرۆچکەزانیی (Microbiology) لە زانکۆ University Pertanian Malaysia لە وڵاتی مالیزیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٦ ماجستێری لە تەکنەلۆجیای ئەنزیم لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠١ دکتۆرای لە کیمیای زیندەیی خۆراک لە وڵاتی بەریتانیا لە زانکۆی University of surrey تەواوکردووە. ئێستا پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی پوتڕای مالیزیا لە فاکەڵتیی پزیشکیی و تەندروستیی.

- سەرپەرشتیی ٨ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتیی ٦ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- خاوەنی ٨ خەڵاتی زانستییە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ٢ کتێبی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ٤ کتێبی تردا (Book chapter) کردووە.
- خاوەنی ١٣٧ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوەکانی هەتا ئێستا ٤٩٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://t.upm.edu.my/dokumen/FKUSK1_CvFORMATDRNORHAIZAN.pdf
2.https://scholar.google.com/citations?user=-L6NyxEAAAAJ&hl=en

[٦٥]
Zainal Bin Salam زەینەڵ بن سەلام

ڕێککەوتی ٣٢/ ٥/ ١٩٦٣ لە وڵاتی مالیزیا لەدایکبووە. ساڵی ١٩٨٥ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی کارەبا لە زانکۆی کالیفۆرنیا ستەیت لە ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٩ ماجستێری لە ئەندازیاریی کارەبا لە زانکۆی تەکنەلۆژیای مالیزیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٧ دکتۆرای لە هێزی کارەبا لە زانکۆی بێرمینگهامی بەریتانیا تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٠_٢٠٠٢ سەرۆکی تاقیگەی هێزی کارەبایی بووە لە فاکەڵتیی ئەندازیاریی کارەبایی لە زانکۆی تەکنەلۆژیای مالیزیا. ساڵی ٢٠٠٩_٢٠١١ سەرۆکی گرووپی توێژینەوەی هێزی کارەبایی بووە لە هەمان شوێن. لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە سەرۆک و دامەزرێنەری سەنتەری Inverter quality controlە کە لە لایەن United Nation Development Program سپۆنسەردەکرێت. ساڵی ٢٠٠٢_٢٠٠٦ سەرۆکی بەشی وزەی کارەبا بووە لە فاکەڵتیی ئەندازیاریی کارەبایی زانکۆی تەکنەلۆژیا مالیزیا. ساڵی ٢٠١١_٢٠١٥ ڕاگری توێژینەوە بووە لە بەشی توێژینەوەی وزە لە زانکۆی تەکنەلۆژیای مالیزیا. ئێستایش پرۆفیسۆرە لە فاکەڵتیی ئەندازیاریی کارەبایی زانکۆی تەکنەلۆژیای مالیزیا.

- سەرپەرشتیی ١٨ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتی ٢٢ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- ئەندامی ٩ کۆمەڵە و پەیمانگا و ڕێکخراوی زانستیی بووە.

- ئەندامی دەستەی نوسەران (Editorial Board) بووە لەم دوو گۆڤارەدا:

1.IEEE Transaction on Sustainable Energy

2.The Scientific World Journal

- هەڵسەنگێنەری (Reviewer)ی ئەم گۆڤارانە بووە:

1.Reviewer: IEEE Transaction Ind. Electronics (2012-2013)
2.Reviewer: IEEE Transaction Power Electronics (2014)
3.Reviewer: IEEE Transaction Sustainable Energy (2011-2013)
4.Reviewer: IEEE Transaction Energy Conversion (2014)
5.Reviewer: Journal of Applied Energy (Elsevier) (2012-2014)
6.Reviewer: Kuwait Journal of Engineering Research (2013)

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی دوو پاکانەی داهێنان (Patent)ی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ١٥ کتێبی زانستییدا (Book chapter) کردووە.
- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ١١٣ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ١٤٩ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەکاندا.
- توێژینەوە و بەرهەمەکانی هەتا ئێستا ١٢٢٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

خەڵاتی دامەزراوەی Thompson Reuters و بڵاوکاری Elsevier

سەرچاوەکان:

1.http://zainalsalam.fke.utm.my/download-cv

2.https://sites.google.com/a/fke.utm.my/prof-dr-zainal-salam/profile

3.https://sites.google.com/a/fke.utm.my/prof-dr-zainal-salam/postgraduate-supervision/masters-of-engineering-by-full-time-research

4.http://zainalsalam.fke.utm.my/postgraduate-supervision/phd---graduated

5.http://zainalsalam.fke.utm.my/publications/book-chapter

6.http://zainalsalam.fke.utm.my/publications/conference-proceeding

7.http://zainalsalam.fke.utm.my/publications/journal---isi-indexed-publication

8.http://zainalsalam.fke.utm.my/malaysia-rising-star-award-mrsa

9.https://scholar.google.com/citations?user=L48PgBQAAAAJ&hl=en

[٦٦]

Rana Abu-Dahab ڕەنا ئەبو دەحاب

ڕێککەوتی ١٩٦٩/٣/٨ لە وڵاتی کوەیت لەدایکبووە، بەڵام ئێستا دانیشتووی وڵاتی ئوردنە. ساڵی ١٩٩١ بەکالۆریۆسی لە پزیشکیی دەرمانسازیی لە زانکۆی ئوردن لە شاری عەمانی وڵاتی ئوردن تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٦ ماجستێری لە زیندەدەرمانسازیی لە King's College London لە زانکۆی لەندەنی وڵاتی بەریتانیا تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠١ دکتۆرای لە زیندەدەرمانسازیی لە زانکۆی Saarland لە وڵاتی ئەڵمانیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٣_١٩٩٥ مامۆستای یاریدەدەر بووە لە فاکەڵتیی دەرمانسازیی زانکۆی ئوردن لە وڵاتی ئوردن. ساڵی ١٩٩٦_١٩٩٧ مامۆستا بووە لە فاکەڵتیی دەرمانسازیی زانکۆی ئوردن لە وڵاتی ئوردن. ساڵی ٢٠٠١_٢٠٠٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە فاکەڵتیی دەرمانسازیی بەشی زیندەدەرمانسازیی و دەرمانسازیی کلینیکیی لە زانکۆی ئوردن. ساڵی ٢٠٠٥_٢٠٠٧ یاریدەدەری ڕاگر بووە لە زانکۆی ئوردن. ساڵی ٢٠٠٧_٢٠٠٩ سەرۆکی بەشی زیندەدەرمانسازیی و دەرمانسازیی کلینیکیی بووە لە فاکەڵتیی دەرمانسازیی زانکۆی ئوردن. لە ساڵی ٢٠١٣ەوە پرۆفسیۆرە لە بەشی زیندەدەرمانسازیی و دەرمانسازیی کلینیکیی لە زانکۆی ئوردن.

- سەرپەرشتیی ١١ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- ئەندامی چەندیین ناوەندی توێژینەوە و دەزگای زانستیی بووە.
- خاوەنی ٣ خەڵاتی زانستییە، ئەوانیش:
١. ساڵی ١٩٩١ لە لایەن زانکۆی ئوردنەوە خەڵاتکرا.
٢. ساڵی ١٩٩٦ لە لایەن King's College London بەریتانیاوە خەڵاتکرا.
٣. ساڵی ١٩٩٩ لە لایەن CRS ئەڵمانیاوە خەڵاتکرا.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ٢٦ کۆنگرێس و کۆنفرانس و سیمپۆزیەمی زانستیی لە وڵاتانی (قەتەر و ئوردن و کوەیت و تورکیا و نەمسا و ئەڵمانیا و ئەمریکا) کردووە.

- خاوەنی ٥٨ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەکاندا.

توێژینەوەکانی هەتا ئێستا ١٤٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.http://www2.ju.edu.jo/sites/academic/abudahab/default.aspx
2.https://scholar.google.com/citations?user=zSesC8UAAAAJ&hl=en

[٦٧]

ئەحمەد ساڵح محەممەد Ahmed Salih Mohammed

لە ڕێککەوتی ١٩٧٦/١/١ لە شاری سلێمانیی لەدایکبووە. ساڵی ٢٠٠٠ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی بیناکاریی لە زانکۆی تەکنەلۆجیای بەغدا تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٣ ماجستێری لە ئەندازیاریی جیۆتەکنیکەڵ (تەکنیکی زەوی) لە زانکۆی تەکنەلۆجیای بەغدا تەواوکردووە. ساڵی ٢٠١٤ دکتۆرای لە ئەندازیاریی شارستانیی و ژینگە لە زانکۆی Houston **لە تەکساسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا** تەواوکردووە. ساڵی ٢٠١٥ پۆستدکتۆرای لە Geo-Materials **(مادەکانی زەوی)** لە زانکۆی Houston **لە تەکساسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا** تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ مامۆستا بووە لە کۆلێژی ئەندازیاریی بەشی ئەندازیاریی مەدەنیی زانکۆی سلێمانیی. ساڵی ٢٠١٠-٢٠١٤ توێژەری یاریدەدەر بووە لە بەشی ئەندازیاریی شارستانیی و ژینگە لە زانکۆی Houston **لە تەکساسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.** ساڵی ٢٠١١-٢٠١٥ مامۆستای یاریدەدەر بووە لە بەشی ئەندازیاریی شارستانیی و ژینگە لە زانکۆی Houston **لە تەکساسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە** کۆلێژی ئەندازیاریی بەشی ئەندازیاریی مەدەنیی زانکۆی سلێمانیی. ساڵی ٢٠١٨-٢٠١٩ ئەندامی لیژنەی زانستیی بەشی ئەندازیاریی زانکۆی ئەمریکیی - سلێمانیی بووە.س الی ٢٠١٨-٢٠٢٠ ئەندامی ئەنجومەنی بەشی ئەندازیاریی زانکۆی ئەمریکیی - سلێمانیی بووە. لە ساڵی ٢٠٢١ ەوە مامۆستای نێودەوڵەتییە لە ئەندازیاریی

تەلارسازیی و میکانیکیی زانکۆی ئەریزۆنیا لە **ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.**

- هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer) ئەم گۆڤارانەیە:

1.Qatar National Research Fund (QNRF)
2.Energy and Power Engineering Journal David Publishing Company
3.Composites Part B (IF=6.86)
4.Open Engineering Journal. (IF=0.86)
5.Journal of Materials and Engineering Structures. (IF=0.56)
6. Geomechanics and Geoengineering: An International Journal.
7.Arabian Journal of Geosciences (IF=1.14)
8.Petroleum and Gas Engineering. (IF=2.38)
9.Journal of Construction & Building Materials (IF=4.4)
10.Journal of Environmental Geotechnics.
11.Journal of Petroleum Science and Engineering. (IF=2.6)
12.Journal of Geomatics, Natural Hazards, and Risk.
13.Journal of Geotechnique Letters,
14.Journal of Pipeline Systems - Engineering and Practice ASCE, Engineering
15.Ocean Engineering journal. (IF=2.73)
16.Egyptian Petroleum journal (IF=1.44)
17.Resources, Conservation & Recycling. (IF=7.0)
18.Theoretical and Applied Fracture Mechanics (IF=2.84).
19.Fluids — Open Access Journal (Scopus indexed).
20.Sciences in Cold and Arid Regions
21.Ain Shams Engineering Journal (IF=1.90).
22.ACI Structural and Materials Journals (IF=1.45)
23.Journal of CO2 Utilization (IF=5.99).

ئەندامی بۆردی نوسەران(Editorial-board) بووە لەم دووگۆڤارە:

1.PLOS one journal
2.Arabian Journal of Geosciences

- خاوەنی ١٠ خەڵاتی زانستییە.

- زانکۆی ستانفۆردی ئەمریکیی یەکێکە لە زانکۆ ئاستبەرزەکانی جیهان، کە ساڵانە لە ٢٪ی توێژەرانی جیهان کە ئەو زانکۆیە دەستنیشانیاندەکات و لە بڵاوکراوەی جیهانیی **Elsevier** بڵاویاندەکاتەوە بۆ ساڵی ٢٠٢١ یەکێک لەو زانایانە دکتۆر ئەحمەد ساڵح بوو.

بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی:

- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ٣٤ كۆنفرانسی زاستییدا كردووە.
- خاوەنی ١١٠ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەكاندا.
- توێژینەوەكانی هەتا ئێستا ٣٠٠٠ جار وەكو سەرچاوەی زانستیی بەكارهێنراون (Citations).

سەرچاوەكان:

1.https://sites.google.com/a/univsul.edu.iq/ahmed-salih/curriculum-vitae

2.https://elsevier.digitalcommonsdata.com/datasets/btchxktzyw/3

3.https://scholar.google.com/citations?user=aU-9E8gAAAAJ&hl=en

[٦٨]

Reema Fayez Tayyem ڕیما فایز تەیم

ساڵی ١٩٩٣ بەکالۆریۆسی لە زانستی کیمیای زیندەیی تەواوکردووە، لە زانکۆی مەلیک عبدالعزیز لە وڵاتی سعودیە. ساڵی ١٩٩٦ ماجستێری لە زانستی خۆراکی مرۆڤ لە زانکۆی ئوردن لە وڵاتی ئوردن تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠١ دکتۆرای لە کلینیکیی خۆراک لە زانکۆی ئوردن لە وڵاتی ئوردن تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٠_٢٠٠١ مامۆستا بووە لە فاکەڵتیی زانستی تەندروستیی بەشی کلینیکیی خۆراک لە زانکۆی Hashemite University. ساڵی ٢٠٠٥_٢٠٠٦ وەکو زانایەک سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات و لە سەنتەری شێرپەنجەی زانکۆی کالیفۆرنیا بووە. ساڵی ٢٠٠١_٢٠٠٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە فاکەڵتیی زانستی تەندروستیی بەشی کلینیکیی خۆراک لە زانکۆی Hashemite University. ساڵی ٢٠١٠_٢٠١٢ بەڕێوبەری سەنتەری خۆراکی منداڵان بووە لە ئوردن. ساڵی ٢٠١٥_٢٠١٦ پرۆفیسۆر بووە لە لە فاکەڵتیی زانستی تەندروستیی بەشی کلینیکیی خۆراک لە زانکۆی Hashemite University. لە ساڵی ٢٠١٦وە پرۆفیسۆرە لە فاکەڵتیی کشتوکاڵ لە بەشی زانستی خۆراک و تەکنەلۆجیای خۆراک لە زانکۆی ئوردن.

- سەرپەرشتیی ١٣ خوێندکاری ماجستێر و ٣ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- ئەندامی ٧ کۆمەڵە و ڕێکخراوی زانستیی بووە، لە ناویاندا ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی و کۆمەڵەی بەریتانیی بۆ زانستی خۆراک.
- خاوەنی ١٢ خەڵاتی زانستییە.

- سەرنوسەری سەرەکیی (Editor-in–Chief) ئەم گۆڤارە بووە:

Pakistan Journal of Nutrition

- لە دەستەی سەرنوسەران (Editorail Board)ی ئەم گۆڤارانە بووە:

1.Current Research in Nutrition and Food Science
2.International Journal of Diabetes and Clinical Diagnosis
3.North African Journal of Food and Nutrition Research (NAJFNR): Associated Editor
4.Canadian Journal of Clinical Nutrition
5.Journal of Global Diabetes & Clinical Metabolism
6.International Journal of Health and Rehabilitation Sciences (IJHRS)
7.EC-Nutrition

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە ٤٥ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ٢ پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- خاوەنی ١٢ کتێبی زانستییە.
- خاوەنی ١٣٤ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوە و بەرهەمە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٢٥٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.http://agriculture.ju.edu.jo/Lists/FacultyAcademicStaff/Attachments/116/Reema%20Tayyem%20CV%2019th%20JUNE%202021.pdf
2.http://agriculture.ju.edu.jo/Lists/FacultyAcademicStaff/DispForm.aspx?ID=116&ContentTypeId=0x0100E4232CAAE74B17479C9FD0C7018BAFCE
3.https://scholar.google.com/citations?user=o_LR1vkAAAAJ&hl=en

[٦٩]

فواد عەبدوڵڵا Foad Abd-Allah

ڕێککەوتی ١٩٦٩/١١/١ لە وڵاتی میسر لەدایکبووە. ساڵی ١٩٩٤ بەکالۆریۆسی لە پزیشکیی گشتیی و نەشتەرگەریی لە فاکەڵتیی پزیشکیی زانکۆی قاهیرە لە وڵاتی میسر تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٩ ماجستێری لە دەرونپزیشکیی دەماریی لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٣ دکتۆرای لە پزیشکیی مێشک و دەمار لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٤ پۆستدکتۆرای لە گورزەدەماری مێشک لە زانکۆی ئۆسلۆی وڵاتی نەرویج تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٥ پۆستدکتۆرایەکی تری لە بواری گورزەدەمار لە تاقیگەی گورزەدەماری زانکۆی Giessenی وڵاتی ئەڵمانیا تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٠_٢٠٠٣ مامۆستای یاریدەدەر بووە لە بواری دەمارزانیی فاکەڵتیی پزیشکیی زانکۆی قاهیرەی میسر. ساڵی ٢٠٠٣ دەبێتە مامۆستا لە فاکەڵتیی پزیشکیی زانکۆی قاهیرەی میسر. ساڵی ٢٠٠٧ دەبێتە پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە فاکەڵتیی پزیشکیی زانکۆی قاهیرەی میسر. لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە بووەتە سەرۆکی یەکەی سۆناری گورزەدەماری بەشی دەمارزانیی فاکەڵتیی پزیشکیی لە زانکۆی قاهیرەی وڵاتی میسر. ئێستایش پرۆفیسۆرە لە یەکەی سۆناری گورزەدەماری بەشی دەمارزانیی فاکەڵتیی پزیشکیی زانکۆی قاهیرەی وڵاتی میسر.

- ئەندامی ١٤ کۆمەڵە و ڕێکخراو و ناوەندی زانستییە.
- خاوەنی ٤ خەڵاتی زانستییە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە ٣٦ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- بەشداریی لە نوسینی ٢ کتێبی زانستییدا (Book chapter) کردووە.
- خاوەنی ١١٩ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوە و بەرهەمە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٤١١٧١ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://scholar.cu.edu.eg/?q=foad_abdallah/files/cv.foad_abd-allah_updated_2018.pdf

2.https://scholar.google.com/citations?user=KIqApXUAAAAJ&hl=en

[٧٠]
Azza El-Remessy عەزە ئەلڕەمیسی

ساڵی ١٩٩١ بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی پزیشکیی دەرمانسازیی لە وڵاتی میسر لە زانکۆی Mansoura University تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٥ ماجستێری لە پزیشکیی کلینیکیی دەرمانسازیی لە وڵاتی میسر لە زانکۆی Mansoura University تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٩ دکتۆرای لە کیمیای ژیانیی لە کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی جیۆرجیا تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٢ پۆستدکتۆرای لە کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی جیۆرجیا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٩٥_١٩٩٦ مامۆستای یاریدەدەر بووە لە بەشی دەرمانسازیی و کیمیای ژیانیی لە فاکەڵتیی دەرمانسازیی زانکۆی مەنسورەی میسر. ساڵی ١٩٩٩_٢٠٠٠ مامۆستا بووە لە بەشی دەرمانسازیی و کیمیای ژیانیی لە فاکەڵتیی دەرمانسازیی زانکۆی مەنسورەی میسر. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦_٢٠١١ پڕۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە بواری کلینیکیی دەرمانسازیی لە زانکۆی جیۆرجیا. ساڵی ٢٠١٧_٢٠١٨ سەرۆکی بەشی توێژینەوەی زیندەپزیشکیی بووە لە سەنتەری پزیشکیی جیۆرجیا. لە ٢٠١٨ەوە پزیشکی کلینیکیی دەرمانسازە لە Central Pharmacy, Doctors Hospital of Augusta لە جیۆرجیا.

- خاوەنی ٢٣ خەڵاتی زانستیی و ڕێزلێنانە.
- ئەندامی ١٦ کۆمەڵە و ڕێکخراو و ناوەند و دامەزراوەی زانستیی بووە.

- بەشداریی لە ٢٠ سیمپۆزیەمی زانستیی کردووە.
- ئەندامی بۆردی نوسەرانە لەم دوو گۆڤارە زانستییەدا:

1.Journal of Molecular Vision

2.Journal of Neuroinflammation

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە نوسینی دوو کتێبی زانستییدا (Book Chapter) کردووە.
- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ١٨٨ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ١٠١ توێژینەوەی تری زانستییە لە گۆڤارە زانستییەکاندا.
- بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٦٣١٥ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.http://www.azzaelremessy.com/wp-content/uploads/2019/09/El-Remessy-CV-2019-Updated-website.docx

2.https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/?term=a%20el-remessy

3.http://www.azzaelremessy.com/

4.https://scholar.google.com/citations?user=nDwQ5q8AAAAJ&hl=en

[٧١]

Omar Khabour عومەر خابۆر

ساڵی ١٩٩١ بەکالۆریۆسی لە زانستی زیندەزانیی (بایۆلۆجیی) لە بەشی بایۆلۆجیی فاکەڵتیی زانستی زانکۆی یەرمووک لە وڵاتی ئوردن تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٦ ماجستێری لە زانستی بۆماوەزانیی لە بەشی بایۆلۆجیی فاکەڵتیی زانستی زانکۆی یەرمووک لە وڵاتی ئوردن تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٥ دکتۆرای لە زانستی بایۆلۆجیای گەردیی لە بەشی بایۆلۆجیی کۆلێجی زانست لە زانکۆی Houston لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٦_٢٠٠٠ توێژەری یاریدەدەر بووە لە تاقیگە لە بەشی بایۆلۆجیی زانکۆی یەرمووک لە وڵاتی ئوردن. ساڵی ٢٠٠١_٢٠٠٥ مامۆستای یاریدەدەر بووە لە بواری بۆماوەزانیی، توێژەری یاریدەدەر بووە لە بەشی بایۆلۆجیی کۆلێژی زانست لە زانکۆی Houston لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی ٢٠٠٧_٢٠٠٩ یاریدەدەری ڕاگر بووە لە فاکەڵتیی زانستی پزیشکیی کرداریی، لە زانکۆی ئوردن بۆ زانست و تەکنەلۆژیا لە وڵاتی ئوردن. ساڵی ٢٠١١_٢٠١٤ جێگری ڕاگر بووە لە فاکەڵتیی زانستی پزیشکیی کرداریی لە زانکۆی ئوردن بۆ زانست و تەکنەلۆژیا لە وڵاتی ئوردن.

ساڵی ٢٠٠٧_٢٠١١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە بواری بایۆلۆجیای گەردیی لە بەشی زانستی پزیشکیی تاقیگەیی لە فاکەڵتیی زانستی پزیشکیی کرداریی لە زانکۆی ئوردن بۆ زانست و تەکنەلۆژیا لە وڵاتی ئوردن. لە ساڵی ٢٠١٦ەوە پرۆفیسۆری

بایۆلۆجیای گەردییە لە بەشی زانستی پزیشکیی تاقیگەیی لە فاکەڵتیی زانستی پزیشکیی کرداریی لە زانکۆی ئوردن بۆ زانست و تەکنەلۆژیا لە وڵاتی ئوردن.

- سەرپەرشتیی ٤٠ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- ئەندامی ٦ کۆمەڵەی زانستیی بووە.
- ئەندامی ٨ ناوەندی توێژینەوە و پەیمانگا و ڕێکخراو و تاقیگەی زانستیی بووە.
- ئەندامی بۆردی سەرنوسەران (Editorial Board)ی ئەم گۆڤارەیە:
Journal of Taibah University Medical Sciences
- هەڵسەنگێنەری زانستیی (Reviewer) بووە لەم گۆڤارانەی خوارەوە:

1.Molecular and Experimental Human Toxicology.
2.Molecular Biology Reports.
3.International Journal of Immunogenetics.
4.Cytokine.
5.International Journal of Nutrition and Metabolism
6.African Journal of Biotechnology.
7.Journal of Reproductive Medicine.
8.Jordan Journal of Biological Sciences.
9.Rejuvenation Research.
10.British Medical Journal.
11.Arabian Journal of Chemistry.
12.Mediterranean Journal of Chemistry.
13.Annals of Medical and Health Sciences Research.
14.Nutritional Neuroscience.
15.The Anatolian Journal of Cardiology.
16.BMC Medical Genomics.
17.Gene.
18.Mutation Research.
19.Nicotine and Tobacco Research.
20.North American Journal Of Medical Sciences.
21.Jordan Medical Journal.

بەرهەم و بڵاوكراوە زانستییەكانی:

- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ٤٠ كۆنفرانسی زانستییدا كردووە.
- خاوەنی ٢٤٠ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەكاندا.
- توێژینەوەكانی هەتا ئێستا ٤٩٠٠ جار وەكو سەرچاوەی زانستیی بەكارهێنراون (Citations).

سەرچاوەكان:

1.http://www.just.edu.jo/eportfolio/Pages/Default.aspx?email=khabour

2.http://www.just.edu.jo/admissionuploads/staff_cv/khabour.pdf

3.https://www.journals.elsevier.com/journal-of-taibah-university-medical-sciences/editorial-board/prof-omar-f-khabour

4.http://www.just.edu.jo/admissionuploads/staff_cv/khabour.pdf

5.https://scholar.google.com/citations?user=1t_l8aYAAAAJ&hl=en

[٧٢]

ئیمان محەمەد حسێن خزر
Eman Mohamed Hussein Khedhr

لە ساڵی ٢٣/ ٨/ ١٩٥٧ لە وڵاتی میسر لەداکبووە. ساڵی ١٩٨١ بەکالۆریۆسی لە نەشتەرگەریی گشتییدا لە Assiut University وڵاتی میسر تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٦ ماجستێری لە زانستی مێشک و دەمار و دەرونپزیشکیی لە Assiut University وڵاتی میسر تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٢ دکتۆرای لە پزیشکی مێشک و دەمار لە Assiut University وڵاتی میسر تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٣ هەتا ١٩٩٨ مامۆستا بووە لە فاکەڵتیی پزیشکیی بەشی مێشک و دەمار لە Assiut University Hospital تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٩٨ نازناوی پرۆفیسۆری یاریدەدەر وەردەگرێت. ساڵی ٢٠٠٢ دەبێتە پرۆفیسۆری تەواو. سەرۆکی بەشی دەرونپزیشکیی و زانستی مێشک و دەمار بووە لە فاکەڵتیی پزیشکیی زانکۆی Assiut University.

خەڵاتە زانستییەکانی:

١. خاوەنی خەڵاتی باشترین توێژینەوەی زانستییە لە ساڵی ١٩٩٦ کە لە لایەن کۆمەڵەی مسیریی بۆ دەمارزانیی و دەرونپزیشکیی و نەشتەرگەریی مێشک و دەمار خەڵاتکرا.

٢. خاوەنی خەڵاتی هاندانی نیشتیمانییە بۆ زانستی پزیشکیی لە ساڵی ٢٠٠٠ لە لایەن ئەکادیمیای نیشتیمانیی بۆ توێژینەوە زانستیی و تەکنەلۆجیا خەڵاتکرا.

٣. خەڵاتی نایابترینی بواری پزیشکیی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن زانکۆی Assiut University پێیدرا.

٤. خەڵاتی نیشتیمانیی نایابترینی بواری تەکنەلۆجیای مۆدێرن و زانستی پزیشکیی ساڵی ٢٠٠٩ لە لایەن ئەکادیمیای نیشتیمانیی بۆ توێژینەوەی زانستیی و تەکنەلۆجیا پێیبەخشرا.

٥. خەڵاتی The State Distinction Prize لە ساڵی ٢٠١٠.

- ئەندامی حەوت کۆمەڵە و دەزگای زانستییە.
- هەڵسەنگێنەری (Reviewer) ئەم شەش گۆڤارە زانستییە بووە:

1.Clinical Neurophysiology (American Journal(
2.Neurology ,Neurosurgery and Psychiatry
3.European journal of Neurology
4.European Journal of Applied Physiology
5.Medical Science Monitor
6.Neurorehabilitation and Neuro repair

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە نوسینی کتێبێکی زانستییدا بە ناونیشانی Transcranial Brain Stimulation as Treatment in Mental Disorders کردووە، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە.
- خاوەنی ١٧٤ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوەکانی هەتا ئێستا ٦٣٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.http://www.aun.edu.eg/membercv.php?M_ID=1724
2.https://scholar.google.com/citations?hl=en&user=QDjHpNEAAAAJ

[٧٣]
Faiz Mohammad فایز محەمەد



لە ڕێککەوتی ١٩٥٤/٣/٢٠ لە وڵاتی هیندستان لەدایکبووە. ساڵی ١٩٧٥ بەکالۆریۆسی لە زانستەکانی کیمیا و ئاژەڵزانیی و ڕووەکزانیی لە زانکۆی Aligarh Muslim University تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٧ ماجستێری لە کیمیای ئەندامیی لە زانکۆی Aligarh Muslim University تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٩ ماجستێرێکی تری لە کیمیا لە زانکۆی Aligarh Muslim University تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٨ دکتۆرای لە پۆلیمەری کیمیا لە بەریتانیا لە زانکۆی University of Sussex UK تەواوکردووە. هەتا ساڵی ١٩٨٠ مامۆستا بووە لە هندستان لە زانکۆی University of Poona. لە ساڵی ١٩٩٨_٢٠٠٩ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە هندستان لە زانکۆی Aligarh Muslim University لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە هەتا ئێستا پرۆفیسۆرە لە هندستان لە بەشی کیمیای زانکۆی Aligarh Muslim University.

- سەرپەرشتیی ٢٨ خوێندکاری ماجستێر و دکتۆرای کردووە.
- ئەندامی زیاد لە ١٠ کۆمەڵە و ڕێکخراو و سەنتەری زانستیی بووە.
- خاوەنی ١٣ خەڵاتی زانستییە.
- بەشداریی لە ٤٣ سیمپۆزیەم و وۆرکشۆپ و ئیڤێنتی زانستییدا کردووە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی ٧٧ کۆنفرانسی زانستیی لە وڵاتانی (بەریتانیا، ئەمریکا، سەنگاپورە، مالیزیا، شانشینی سعودیە، عومان، پاکستان، بەنگلادیش، ئەسیوبیا) کردووە.

-ساڵی ٢٠١٧ داهێنانێکی تۆمارکردووە بە ناونیشانی A simple route to prepare emeraldine basenanoparticles.

- خاوەنی ٢ کتێبی زانستییە.

- بەشداریی لە نوسینی ٦ کتێبی زانستییدا (Book Chapter) کردووە.

- خاوەنی ٨٠ توێژینەوەی زانستییە.

- توێژینەوەکانی ٣٣٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://www.amu.ac.in/dshowfacultydata.jsp?did=24&eid=2404

2.https://www.amu.ac.in/empcv/2404.pdf

3.https://scholar.google.com/citations?hl=en&user=Jy0H7CQAAAAJ

[٧٤]

Hanan Issa Malkawi حەنان عیسا مەلکاویی

ساڵی ١٩٨١ بەکالۆریۆسی لە زانستی بایۆلۆجیی لە زانکۆی یەرمووکی وڵاتی ئەردەن تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٤ ماجستێری لە بەکتریازانیی و تەندروستیی گشتیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زانکۆی Washington State University تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٧ دکتۆرای لە بواری مایکرۆبایۆلۆجیی و بایۆلۆجیای گەردیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زانکۆی Washington State University تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٧_٢٠٠٤ پرۆفسیۆری یاریدەدەر بووە لە بەشی بایۆلۆجیی زانکۆی یەرمووک. ساڵی ٢٠٠٠_٢٠٠٢ یاریدەدەری ڕاگری فاکەڵتیی زانست بووە لە زانکۆی یەرمووک. ساڵی ٢٠٠٢_٢٠٠٥ جێگری ڕاگری فاکەڵتیی زانست بووە لە زانکۆی یەرمووک. ساڵی ٢٠٠٥_٢٠٠٩ سەرۆکی یونیسکۆ بووە لە ناو زانکۆی یەرمووک. ساڵی ٢٠١١ سەرۆکی بەشی توێژینەوەی زانستیی و لێکۆڵینەوەی دەرچووانی زانکۆ بووە لە زانکۆی یەرمووک. ساڵی ٢٠١٤_٢٠١٦ سەرۆکی توێژینەوەی زانستیی و لێکۆڵەرانی دکتۆرا بووە لە زانکۆی دوبەی وڵاتی ئیمارات. لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە پرۆفیسۆرە لە بەشی بایۆلۆجیی زانکۆی یەرمووک. لە ساڵی ٢٠١٧ەوە جێگری سەرۆکە لە Science Engagement Royal Scientific Society_jordan.

- سەپەرشتیی ١٠ خوێندکاری ماجستێری کردووە.
- سەرپەرشتیی ٦ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- ئەندامی ٣٥ کۆمەڵە و ناوەند و ڕێکخراوی زانستیی ناوخۆیی بووە.
- ئەندام ٢٣ کۆمەڵە و ناوەند و ڕێکخراوی زانستیی نێودەوڵەتیی بووە.
- خاوەنی ٩ خەڵات و ڕێزلێنانی زانستییە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە٩٧ کۆنفرانس و سیمپۆزیەم و وۆرکشۆپدا کردووە.
- خاوەنی ٣ پاکانەی داهێنان (Patent)ی زانستییە.
- خاوەنی ٧٠ توێژینەوەی زانستییە.
- توێژینەوەکانی هەتا ئێستا ١٣٨٢ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.http://docplayer.net/147324172-Curriculum-vitae-professor-hanan-issa-malkawi.html
2.https://scholar.google.com/citations?user=cHEiZ6cAAAAJ&hl=en

[٧٥]

Abbas El Gamal عەباس ئەلجەمەل



لە ڕێککەوتی ٣٠/ ٥/ ١٩٥٠ لە شاری قاهیرەی وڵاتی میسر لەدایکبووە. ساڵی ١٩٧٢ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی کارەبا لە زانکۆی قاهیرەی وڵاتی میسر تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٧ ماجستێری لە زانکۆی ستانفۆردی وڵاتی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٨ دکتۆرای لە ئەندازیاریی کارەبا لە زانکۆی ستانفۆردی وڵاتی ئەمریکا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٨_١٩٨٠ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە زانکۆی University of Southern California. لە ساڵی ٢٠٠٣_٢٠١٢ سەرۆکی تاقیگەی سیستمی زانیارییەکان بووە لە زانکۆی ستانفۆرد. لە ساڵی ٢٠١٢_٢٠١٧ خاوەنی کورسیی بووە (Chair) لە بەشی ئەندازیاریی کارەبایی زانکۆی ستانفۆرد. ساڵی ٢٠٠٩_٢٠١٠ هاوەڵی زانکۆی University of California, Berkeley بووە. ساڵی ٢٠٠٩_٢٠١٠ ئەندامی گرووپی توێژینەوە بووە لە بواری Communication Network لە وڵاتی چین لە زانکۆی Tsinguha. ئێستایش پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ستانفۆردی وڵاتی ئەمریکا.

- ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاریی ٧ کۆمەڵە و ناوەندی زانستیی بووە.
- خاوەنی ٦ خەڵاتی زانستییە.

- بەهۆی بەشداریی گەورە و کارکردنی لە بوارەکانی بیردۆزەی تۆڕی زانیارییەکان (network information theory) و ئامێرەکانی وێنەگرتنی ژمارەیی (digital imaging devices and systems) و (Field Programmable Gate Array) بەشداریی لە دامەزراندن و کارکردن لە چەند کۆمپانیایەکدا کردووە. ئەوانیش:

- ساڵی ١٩٩٠ کۆمپانیای Silicon Architectsی دامەزراند، کە بووە یەکێک لە یەکەمینی کۆمپانیاکانی لە بواری بەرهەمی سلیکۆن لە جیهان.

- ساڵی ١٩٩٥ بۆ ١٩٩٧ بوو بە سەرۆکی کۆمپانیای Synopsys کە زیاتر کار لەسەر دیزاینی سلیکۆن دەکات.

- ساڵی ١٩٩٩ بەشداریی لە دامەزراندنی کۆمپانیای Pixim کرد، کە لە بواری کامێرا و سیستمی وێنەگرتن و ڤیدیۆ کاردەکات، ئێستا بەشێکە لە کۆمپانیای Sony.

- ساڵی ٢٠١١ بەشداریی لە دامەزراندنی کۆمپانیای Inscopix کردووە، کە کاردەکات لە بواری تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی بواری دەماریی و بینین و چاودێریی مێشکی مرۆڤ.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ٦٦ پاکانەی داهێنان (patent)ی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ٦ کتێبی زانستییدا کردووە.
- بە توێژینەوەی زانستیی بەشداریی لە ١٥٦ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ٩٣ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەکاندا.
- توێژینەوە و داهێنان و بەرهەمە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٣٥٩٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

سەرچاوەکان:

1.https://isl.stanford.edu/~abbas/aegbio.php
2.https://isl.stanford.edu/~abbas/aegpublications.php#journals
3.https://isl.stanford.edu/~abbas/aegpublications.php#conferences
4.https://isl.stanford.edu/~abbas/aegpublications.php#patents
5.https://isl.stanford.edu/~abbas/aegpublications.php#books
6.https://patents.justia.com/inventor/abbas-el-gamal?page=4
7.https://scholar.google.com/citations?user=cYoahsBLcjsC&hl=en

[٧٦]

Khatijah Mohamad Yusoff خەدیجە محەمەد یوسف

ڕێککەوتی ١٩٥٦/٧/١٢ لەدایکبووە. ساڵی ١٩٧٩ بەکالۆریۆسی لە زانستی وردەزیندەزانیی لە زانکۆی La Trobe University لە وڵاتی ئوستralیا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٣ دکتۆرای لە زانستی وردەزیندەزانیی (لە Plasmid Biology) لە زانکۆی La Trobe University لە وڵاتی ئوستralیا تەواوکردووە. ساڵی ٢٠١٠ دکتۆرای فەخریی لە زاستدا لە زانکۆی La Trobe University لە وڵاتی ئوسترالیا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٨٣-١٩٩٤ مامۆستا بووە لە بەشی کیمیای ژیانیی و وردەزیندەزانیی زانکۆی پوتڕای مالیزیا. ساڵی ١٩٩٤-٢٠٠١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە بەشی کیمیای ژیانیی و وردەزیندەزانیی زانکۆی پوتڕای مالیزیا. لە ساڵی ٢٠٠١ەوە پرۆفیسۆرە لە بەشی کیمیای ژیانیی و وردەزیندەزانیی لە فاکەڵتیی زانست و لێکۆڵینەوەی ژینگەیی لە زانکۆی پوتڕای مالیزیا. ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٤ سەرۆکی بەشی کیمیای ژیانیی و وردەزیندەزانیی بووە لە فاکەڵتیی زانست و لێکۆڵینەوەی ژینگەیی لە زانکۆی پوتڕای مالیزیا. ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ جێگری ڕاگر بووە لە فاکەڵتیی بایۆتەکنەلۆژیا و زانستی زیندەگەردیی لە زانکۆی پوتڕای مالیزیا. ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ و ٢٠١٤-٢٠١٧ ڕاگری فاکەڵتیی بایۆتەکنەلۆژیا و زانستی زیندەگەردیی بووە لە زانکۆی پوتڕای مالیزیا.

- سەرپەرشتیی ٨٠ خوێندکاری ماجستێری کردووە.

- سەرپەرشتیی ٥١ خوێندکاری دکتۆرای کردووە.
- ئەندامی زیاد لە ٥٠ ناوەند و کۆمەڵە و ڕێکخراو و کۆنسوڵی زانستیی بووە.
- سەرنوسەری سەرەکیی (Chief Editor) ئەم گۆڤارانە بووە:

1.ASM Science Journal (2014-2016)

2.Asia-Pacific Journal of Molecular Biology and

3.Biotechnology, (1998-2001)

4.BioTech Comm (2004-2006)

- ئەندامی بۆردی سەرنوسەران (Editorial Board) بووە لە گۆڤارانە:

1.Oncolytic Virotherapy (2013- 2015)

2.Asia-Pacific Journal of Molecular Biology and Biotechnology (since 1993)

3.Veterinary Journal of Malaysia (1993-1995)

4.Pertanika Journal of Tropical Agricultural Science (1995-2007)

خەڵاتەکانی:

- خاوەنی ١٤ مەدالیای ئاڵتونییە.
- خاوەنی ١٣ مەدالیای زیوییە.
- خاوەنی ٧ مەدالیای بڕۆنزییە.
- خاوەنی ٤٨ گرانتی توێژینەوەی زانستییە.

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- بەشداریی لە ٣٨٠ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ٢٣ پاکانەی داهێنان (Patent)ی زانستییە.
- خاوەنی ١٩ GenBankی تۆمارکراوە.
- بەشداریی لە نووسینی ٢ کتێبی زانستییدا (Chapters in Books) کردووە.
- خاوەنی ٢٤٥ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەکاندا.
- بەرهەم و توێژینەوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٥٠٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

خەڵاتی زانکۆی پوتڕای مالیزیا ساڵی ٢٠١٥

خەڵاتی زانکۆی پوتڕای مالیزیا بەهۆی دۆزینەوە بۆهێڵێکی نوێی نەخۆشی ڤایرۆسی، ساڵی ٢٠١٩

سەرچاوەکان:

1.https://ibs.upm.edu.my/upload/dokumen/20170817142622Khatijah_Yusoff.pdf

2.https://sgs.upm.edu.my/news/prof_datin_paduka_khatijah_is_one_of_six_recipients_of_anugerah_merdeka_2015-25209

3.https://upm.edu.my/news/professor_datin_paduka_dr_khatijah_receives_lifetime_scientific_achievements_women_award_2019-48183

4.https://patents.justia.com/inventor/khatijah-yusoff

5.https://scholar.google.com/citations?hl=en&user=ghVbKjgAAAAJ

[٧٧]

موبەشیر حسێن ڕەحمانیی

Mubashir Husain Rehmani



لە ١٩٨٣/٢/٢٣ لە وڵاتی پاکستان لەدایکبووە. ساڵی ٢٠٠٤ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی کۆمپیوتەر لە پاکستان لە زانکۆی Mehran University of Engineering and Technology, Pakistan تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٨ ماجستێری لە پاریسی فەرەنسا لە بواری Networks and Telecommunications تەواوکردووە. ساڵی ٢٠١١ دکتۆرای لە زانکۆی پاریسی وڵاتی فەرەنسا لە بواریOpportunistic Data Dissemination in Ad-Hoc Cognitive Radio Networks تەواوکردووە. ساڵی ٢٠١٢ پۆستدکتۆرای لە زانکۆی پاریس لە وڵاتی فەرەنسا لە بواری Wireless Sensor Networks تەواوکردووە. لە ئێستادا پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی زانستی کۆمپیوتەر لە وڵاتی ئیرلەندا لەCork Institute of Technology, Ireland وانە دەڵێتەوە.

- ئەندامی ١٥ سەنتەر و کۆمەڵەی زانستیی بووە.
- خاوەنی ٢٢ خەڵاتی زانستییە.
- هەڵسەنگێنەر «Reviewer»ی ٣٥ گۆڤاری زانستیی بووە، ئەوانیش:

1. IEEE Transactions on Wireless Communications
2. IEEE Transactions on Vehicular Technology
3. IEEE Journal on Selected Areas in Communications
4. IEEE Wireless Communications Magazine
5. IEEE Communication Surveys and Tutorials

6. IEEE Communications Magazine
7. IEEE Transactions on Communications
8. IEEE Systems Journal
9. IEEE Communications Letters
10. IEEE Internet of Things (IoT) Journal
11. IEEE Transactions on Cognitive Communications and Networking
12. Elsevier Computer Networks
13. Elsevier Computer Communications
14. Elsevier Journal of Networks and Computer Applications
15. Elsevier Computers and Electrical Engineering
16. Elsevier Information Systems Journal
17. Elsevier Computers, Environment and Urban Systems
18. Elsevier Vehicular Communications
19. ACM Computer Communication Review (CCR)
20. Springer Wireless Personal Communications
21. Springer Soft Computing Journal
22. Springer Wireless Networks
23. Wiley International Journal of Communication Networks (IJCS)
24. Wiley Wireless Communications and Mobile Computing
25. Wiley International Journal of Communication Systems (IJCS)
26. EURASIP Journal on Wireless Communications and Networking
27. Journal of Sensor and Actuator Networks
28. Inderscience International Journal of Ad Hoc and Ubiquitous Computing (IJAHUC)
29. Inderscience International Journal of Wireless and Mobile Computing (IJWMC)
30. Inderscience International Journal of Embedded Systems
31. Ad Hoc and Sensor Wireless Networks (AHSWN), Old City Publishing
32. Malaysian Journal of Computer Science (MJCS)
33. China Communications
34. ETRI Journal
35. International Arab Journal of Information Technology (IAJIT)

- بۆردی سەرنوسەران «Editorial board»ی ئەم ١٢ گۆڤارە بووە:

IEEE Communications Surveys and Tutorials -- Since June 2015.1
IEEE Communications Magazine -- Since Sep 2014.2
Elsevier Computers and Electrical Engineering Journal -- Since Oct 2014.3
IEEE Access Journal -- Since Feb 2015.4
Elsevier Journal of Network and Computer Applications -- Since June 2015.5
Springer Wireless Networks Journal -- Since Aug 2015.6
Ad Hoc & Sensor Wireless Networks: An International Journal -- Since August 2015.7
Journal of Communications and Networks -- Since Aug 2015.8
Elsevier Digital Communications and Networks Journal -- Since Sep 2015.9
KSII Transactions on Internet and Information Systems – Since Nov 2015.10
(International Journal of Communication Networks and Information Security (IJCNIS.11
.International Journal of Handheld Computing Research (IJHCR), IGI Global.12

بەرهەم و بڵاوکراوە زانستییەکانی:

- خاوەنی ٦ کتێبی زانستییە.
- بەشداریی لە نوسینی ١٦ کتێبی تری زانستییدا (Book chapter) کردووە.
- بە توێژینەوە بەشداریی لە ١٢ کۆنفرانسی زانستییدا کردووە.
- خاوەنی ١٢٤ توێژینەوەی زانستییە لە گۆڤارەکاندا.
- بڵاوکراوە زانستییەکانی هەتا ئێستا ٤٩٠٠ جار وەکو سەرچاوەی زانستیی بەکارهێنراون (Citations).

وێنەی چەند بەرهەمێکی:











سەرچاوەکان:

1.http://ww3.comsats.edu.pk/faculty/FacultyCVs/04_10_2016_10_59_10_1326801.pdf
2.https://sites.google.com/site/mshrehmani/home/awards
3.https://sites.google.com/site/mshrehmani/home/publications
4.https://sites.google.com/site/mshrehmani/home/roadmap-papers
5.https://scholar.google.com/citations?user=x4OZtdAAAAAJ&hl=en

[٧٨]

ئەنیس سافورە ڕاملیی Anis Safura Ramli

لە ١٩٧٢/٣/٢٧ لە وڵاتی مالیزیا لەدایکبووە. ساڵی ١٩٩٧ بەکالۆریۆسی لە پزیشکیی گشتیی و نەشتەرگەریی لە شانشینی بەریتانیا لە زانکۆی Newcastle University تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٩ دبلۆمی لە فاکەڵتیی پلانی خێزانیی و بایەخی تەندروستیی وەچەخستنەوە لە بەریتانیا لە Health Care, UK Planning & Reproductive Faculty of Family تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٠ دبلۆمێکی تری لە بواری پزیشکیی ژنان و منداڵبوون لە کۆلێجی شاهانەی بەریتانیا تەواوکردووە. جێگر و هاوەڵی پەیمانگای نەخۆشییزانییە لە تاقیگە و پزیشکی دادوەریی زانکۆی تەکنەلۆجیی مارا لە مالیزیا. پرۆفسیۆرە لە زانکۆی تەکنەلۆجیی مارا لە مالیزیا.

- سەرپەرشتیی ١١ خوێندکاری ماجستێری کردووە.

ئەندامێتیی:

١. لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە ئەندامی کارای کۆلێجی شاهانەی بەریتانیایە.
٢. لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە ئەندامی کۆمەڵەی مالیزیە لە بواری بەرزیی گوشاری خوێن.
٣. لە ٢٠١٠ هەتا ٢٠١٢ ئەندامی کۆمەڵەی پسپۆڕانی پزیشکیی خێزانی بووە.
٤. لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە ئەندامی ئەکادیمیای پزیشکانی مالیزیایە.
٥. لە ٢٠١٠ تا ٢٠١٢ ئەندامی کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی گوشاری خوێن بووە.
